# ناوچەی کەرکووک

و

## هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەییی ئەم ناوچەیە

دکتۆر نوری تاڵەبانی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

دوکتۆر نوری تاڵەبانی

# ناوچەی کەرکووک
# و
# هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەییی ئەم ناوچەیە

وەرگێڕانی بۆ کوردی

**محەمەدی مەلا کەریم**



ناوی کتێب: ناوچەی کەرکووک و هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەییی ئەم ناوچەیە
دانانی: دکتۆر نوری تاڵەبانی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٢٣٨
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب - دلاوەر صادق ئەمین
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
خۆشنووسیی بەرگ: محەمەد زادە
هەڵەگری: دانەر خۆی + شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + لوتفی فەتاح
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی دووەم، هەولێر- ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٣٩١)ی ساڵی ٢٠٠٣ی دراوەتێ

«الذين أُخْرِجوا مِنْ ديارِهم بغير حقّ»

سورة الحج (الآية ٤٠)

## ناوەڕۆک


پێشەکیی وەرگێڕ ... 9

پێشەکیی چاپی دووەم ... 12

پێشەکیی لۆرد ئێڤبری ... 15

سەرەتا ... 17

دەروازەی یەکەم: چەردەیەک لە مێژوو و جیۆگرافیای ناوچەی کەرکووک ... 22

دەروازەی دووەم: مێژووی نیشتەجێ کردنی تورکمان لە ناوچەکەدا ... 30

یەکەم: خەمڵی ژمارەی تورکمان لە عێراقدا ... 36

دووەم: دابەشبوونی جیۆگرافیایی تورکمانەکان بەپێی مەزەب ... 38

سێهەم: کار و پیشەی تورکمانەکان ... 40

چوارەم: گۆڕانی شناسنامەی نەتەوەیی هەندێ کورد و عەرەب و تورکمان ... 41

پێنجەم: وەزعی شاری کەرکووک لە هەردوو چەرخی عوسمانیی و پاشایەتیدا ... 42

شەشەم: پێوەندی نێوان هەردوو تایفەی تورکمانی سوننی و شیعە ... 44

حەوتەم: ڕووی سیاسیی تورکمانەکان لە کوێیە؟ ... 45

هەشتەم: پێوەندیی نێوان کورد و تورکمان لە ناوچەکەدا ... 46

دەروازەی سێیەم: هەوڵ و تەقەلا بۆ بەعەرەب کردنی ناوچەی کەرکووک ... 47

یەکەم- ماوەی حوکمڕانیی پاشایەتی ... 48

- ڕۆڵی کۆمپانیای نەوت لە گۆڕینی باری نەتەوەیی شارەکەدا ... 49

- دانانی پڕۆژەی ئاودێریی حەویجە بۆ نیشتەجێکردنی عەشیرەتە عەرەبییەکان ... 51

دووەم- ماوەی حوکمڕانیی یەکەمی کۆماری ١٩٥٨ - ١٩٦٨ ... 55

- ئەو کارانەی کودەتاچییەکانی شوباتی ١٩٦٣ لەناوچەی کەرکووک کردیانن ... 68

سێهەم- ماوەی لە ١٩٦٨ەوە تا ئێستا ... 70

- ئەو کردارانەی ڕژێم لەناو شاری کەرکووک کردنی ... 71

- ئەو کارانەی ڕژێم بۆ عەرەبکردنی پارێزگای کەرکووک کردوونی ... 80

ئا- مەڵبەندی قەزای کەرکووک ... 86





بێ - قەزای (دووبز) کە کراوە بەعەرەبی و کراوە بە (دبس) ... 92

جێ- قەزای حەویجە ... 93

دێ - قەزای چەمچەماڵ ... 94

هێ - قەزای (دووز خورماتوو/تووز) ... 95

واو - قەزای کفری ... 100

ز ێ- قەزای کەلار ... 103

- بەرهەمی بەعەرەبکردن و وێرانکاریی لە پارێزگای کەرکووکدا ... 104

- پاشبەندەکان ... 125

- پاشبەندی ژمارە (١) ... 127

- پاشبەندی ژمارە (٢) ... 128

- پاشبەندی ژمارە (٣) ... 130

- بەڵگەنامەی یەکەم ... 130

- بەڵگەنامەی دووەم ... 132

- بەڵگەنامەی سێهەم ... 135

پاشبەندی ژمارە (٤): لە بارەی ڕووداوەکانی تەمووزی ...
١٩٥٩ی کەرکووکەوە ١٩٥٩دا ... 138

پاشبەندی ژمارە (٥-أ) ... 144

پاشبەندی ژمارە (٥-ب) ... 145

پاشبەندی ژمارە (٥-ج) ... 146

# پێشەکیی وەرگێڕ

لە پاییزی ١٩٩٥دا، لەسەر بانگکردنی برایانی ئازیز و خۆشەویستم دوکتۆر عەزیزی فەیرنەژاد و کاک فریاد فازڵ، بۆ ماوەی سێ مانگ سەرم لە ئەڵمانیا دا. لەو ماوەیەدا کە لەوێ بووم، بۆم ڕەخسا، بێ ترسی گوێ لێ بوونی کاربەدەستانی سانسۆری سەر تەلەفۆنی بەعسی لە عێراق، بەئازادی و بێ سڵەمینەوە لە هیچ قسەیەک، گوێ بۆ زەنگ لێدانی هەر دۆست و برادەرێکی دوور وڵاتم شل بکەم کە پێی زانیبم هاتوومەتە دەرەوە و، بۆ خۆیشم تەلەفۆن بۆ هەرکەس بکەم ئارەزووم لێ بووبێ گوێم لە دەنگی بێ.

لە ڕیزی پێشەوەی ئەو برادەرانەی لەندەنم کە تەلەفۆنیان بۆ کردم یا من تەلەفۆنم بۆ ئەوان کرد، یەکێکیان دوکتۆ نووری تاڵەبانی بوو کە ئەوکاتە چەند ساڵێ بوو گەیشبووە شاری تەم و لەوێ ئەژیا.

دوکتۆر نووری کە لەبەر هۆی سیاسی خانەنشین کرابوو، بۆ درێژەدان بەچالاکیی سیاسیی خۆی لە خزمەتی مەسەلەی کورددا و، بەتایبەتی بۆ پەردە هەڵماڵین لە ڕووی تاوانەکانی سەددام و ڕژێمە بەعسییە خوێنخۆرەکەی دەرهەق بەخەڵکی ناوچەی کەرکووکی زێد و ماوای، گەیشتبوە بەریتانیا و لەوێ لە چەندین بەرەی خەباتی سیاسی و بیری و ڕاگەیێنیدا چالاکانە بەشداریی ئەکرد – لە یەکەمین بەیەک گەیشتنی تەلەفۆنیماندا ئاگاداری کردم کەوا کتێبێکی بەعەرەبی لەسەر مەسەلەی کەرکووک نووسیوە و چاپی کردووە و، هەروەها پرۆژەی دەستوورێکیشی بۆ هەرێمی کوردستانی ئازاد ئامادە کردووە و چاوەڕانی ئەوەیە کەسێک ڕێکەوێ بیانکا بەکوردی و، ئەم ئەرکە پیرۆزەی بەرەو ڕووی بەندە کردەوە. منیش بێ سێودوو چوومە ژێر باری ئەو کارە و گفتم دایە کە هەر ئەوەندی کتێبەکە و پرۆژەکەم بگەنە دەست، شانی بدەمە بەر. هەموو چەند ڕۆژێکی نەخایاند هەردووکیانم بەپۆستە بۆ هاتن و یەک لەدوای یەک و بابەت بەبابەت کردمن بەکوردی و پاکنووسم کردن و، تا لێبوومەوە، دوکتۆر و



نەخۆشخانەی لێ دەرکەی کە کاک فریاد لەگەڵ خۆی ئەبردم یا دۆستێکی خۆی یا هەردووکمانی ڕائەسپارد بمبا بۆ لایان، تا لە بەرلین بووم لە ئەنیستیتووتی کوردەکەی کاک فریاد نەئەچوومە دەرەوە بۆ هیچ لایەک و، لە یەک دوو شوێن و ماڵی چەند برادەرێک زیاتر سەرم لە هیچ شوێنێ نەدا لەو شارەدا و، دانیشتنی جارجاری ئێوارانی لەگەڵ هەندێ لە دۆست و هاوڕێیانی لێ دەرکەی، زۆری کاتی بێ کاریم، کە لەم کاری وەرگێڕانە زیاتریش کارێکم نەبوو پێیەوە خەریک بم، بەوەرگێڕان و پاکنووسکردنی ئەو دوو بەرهەمە و، هەندێ کاتیش بەخوێندنەوەی ئەو کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامانەوە کە لە عێراق چنگم نەئەکەوتن، بەسەر ئەبرد و، تەنانەت بەجۆرێ بەسەر کارەکەمدا کەوتبووم کە لەسەر بانگکردنی برادەرانێکیش ئەچووم بۆ شارێکی تر کتێب و قەڵەم و دەفتەرەکانیشم لەگەڵ خۆم ئەبرد و چەند کات هەبوایە بەوانەوە خەریک ئەبووم.

لە لێبوونەوەدا بووم لە کارەکەم، برای ئازیز و ناسیاوی لەپاش شۆڕشی ١٤ی تەمووزەوەی ژیانم کاک حەمەڕەسووڵ هاوار، خوا تەمەنی درێژکا و لەشی ساغ ڕاگرێ، هاتە سەرلێدانم بۆ بەرلین و دوو سێ ڕۆژ لام مایەوە. تەنانەت لەکاتی بوونی ئەویشدا لە بەرلین، بەشێکی زۆری کاتم بەپێداچوونەوەی وەرگێڕراوەکانەوە خەریک ئەبووم و، کە گەڕایەوە بۆ لەندەن بەودا ناردمنەوە بۆ دوکتۆر نووری.

دوکتۆر نوورییش کە وەرگێڕراوەکان وەرئەگرێ پیتچنیان بۆ پەیدا ئەکا و پیتچنییان بەئەنجام ئەگەیەنێ و ئەکەوێتە پەیجۆری چاپخانەیەک کتێبەکەی لەمەڕ کەرکووکی بۆ لە چاپ بدا، بەڵام بەداخەوە تا درەنگێ لایەکی وەگیرنەکەوت ئەو کارەی بۆ بکا تا خۆشبەختانە پاش سێ ساڵ دەزگای (هەرزان) لە سوید ئەو ئەرکەی لە ئەستۆ گرت و کتێبەکەی چاپ دا و چاو و دڵی خوێندەوارانی کوردی پێ ڕوون کردەوە. دیارە لەو سەردەمەدا، بەهۆی ئەوەوە کە من لە عێراق لەژێر دەستی ڕژێمی فاشستیی بەغدادا بووم و هەر ساتێ بیانویستایە ئەیانتوانی بەئاسانی دەستگیرم بکەن، نەئەکرا ناوی وەرگێڕ لەخوار ناوی دوکتۆر نوورییەوە لە بەرگ و

لاپەڕەی یەکەمی کتێبەکە بنووسرێ و، تەنانەت خۆیشم، بۆ چەند دۆستێکی زۆر لێمەوە نزیک نەبێ، نەمویراوە باسی ئەو وەرگێڕانەم بکەم، نەوەک قسەکە بگاتەوە دەمی نان و پیاز پێوەخۆرەکانی ڕژێم و جەڕەبابەم بدەن و وەک هەزاران کەسی تر سەرنگوومم بکەن و دەرفەتی ئەوە نەهێڵن بمێنمەوە تا ئەگەر بۆم هەڵکەوت لەلایەکی کەیشەوە خزمەتێکی بچووکی تری وەک ئەو دوو وەرگێڕانە بەگەلەکەم بکەم و لە هاتنە دەنگ لەسەر ئەو گشت کارەساتەدا کە ڕژێم بەسەر کوردستانە ئازیزەکەم و گەلی کوردە خۆشەویستەکەمیدا هێناون بێ بەش نەبم.

بەهەرحاڵ، ئێستا کە برای ئازیز و خۆشەویست و لە دڵدا جێگرتووی ئەم گشتە ساڵە بەسەر چووانەم دوکتۆر نووری گەڕاوەتەوە بۆ کۆشی دایکی نیشتمان و لە نزیکەوە خزمەتی خۆی بەگەل و نیشتمانەکەی ئەکا و، لە هەولێری پایتەخدا بۆی هەڵکەوتووە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (ئاراس) چەندین بەرهەمی بەپێزی بۆ لە چاپ بدا کە یەکێکیشیان ئەم کتێبەیە، خۆم زۆر بەبەختیار ئەزانم ئەم بەشدارییە کەم چیزەی بەندەیش لەچوارچێوەی ئەو بەرهەمانەی ئەودا جێی ببێتەوە و، کە بۆ جاری دووەم ئەکەوێتە بەرچاوی خوێندەوارانی کورد، ناوی منی وەرگێڕیشی لەخوار ناوەکەی ئەوەوە پێوە بێ.

سوپاسی زۆر بۆ کاک دوکتۆر نووری کە دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساندم ئەم بەرهەمە نایاب و پوختەی وەرگێڕمە سەر کوردی و، سوپاس بۆ دەزگای (ئاراس) و پاڵپشتان و بەڕێوەبەرانی کە ئەرکی لەچاپدانیان لە ئەستۆگرت و، سوپاسیش بۆ خوێندەوارانی کورد کە ڕەزامەندییان لە شێوەی وەرگێڕانە سەر کوردییەکەیمیان پیشان داوە و، بەهیوای ئەوەی تەمەن ئەوەندەی بەبەرەوە مابێ بتوانم خزمەتی بچووکی تریش، لە هەربوارێکی کولتووری و سیاسی تردا بووە پێشکەشی گەلەکەم بکەم.

محەمەدی مەلا کەریم

بەغدا ٢٠٠٣/١٢/١٤



## پێشەکیی چاپی دووەم

ئەو بایەخەی هەر لەپاش دەرچوونی چاپی یەکەمیەوە بەم کتێبە دراو، لە بازاڕدا نەمانی لە ماوەیەکی، بەبەراورد لەگەڵ کتێبی تر، کەمدا، لەناو هۆگەلێکی تردا هۆیەک بوو بۆ ئەوەی بیر لە چاپێکی دووەمی بکەینەوە، لەبارەی بایەخدانی پسپۆڕانی مەسەلەی کوردیشەوە بەتایبەتی ئەم کتێبە، هێما بۆ ئەو ڕستەیە ئەکەین کە یەکێک لەوانە لە پێدا هەڵدانیدا بە«بوێر و نایابی وەسپ کردبوو «چونکە زانیاریی پڕ بایەخی لە بارەی ناوچەی کەرکووکەوە دەربڕیوە و، بەبابەتییەتێکی تەواو لەو تراژیدیایە کۆڵیوەتەوە کە تووشی ڕۆڵەکانی ئەم ناوچەیە هاتووە و، ئەو هەڵانەی ڕاست کردووەتەوە کە لەناو هەندێ کۆڕ و کۆمەڵدا باون».

ئەو سەرنجە پڕ بەهایانە و ئەو زانیارییە نوێیانەیش کەسانێکی شارەزای باردۆخی ناوچەکە، لەبارەی هەندێ وردە بابەتی چەند مەسەلەیەکی دەستنیشان کراوەوە، پاش دەرچوونی ئەم کتێبە و لە بارەی ئەم کتێبەوە، بڵاویان کردەوە، پاڵ پێوەنەرێکی تر بوون بۆمان کە لەبەر ڕووناکیی ئەو زانیارییە نوێیانەدا چاو بەکتێبەکەدا بگێڕینەوە، بەڵام لەچاپ نەدانی ئەو سەرەتایەی لۆرد ئێڤبری بۆ کتێبەکەی نووسیبوو، بەهۆی ئەوەوە کە پاش لێبوونەوە لە چاپکردنی کتێبەکە گەیشتە دەستمان، هۆیەکی سەرەکی بوو وای لێ کردین بەپێ داگرتنەوە بیر لە بەچاپ گەیاندنەوەی ئەم کتێبە بکەینەوە. ئەو ڕستانەی لۆرد ئێڤبری لە پێشەکیی ئەم کتێبەدا بۆ پشتگیری و یارمەتیدانی گەلی عێراق بەعەرەب و کورد و کەمینەکانیەوە چالاکیی خۆی بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانی ئادەمیزاد لە هەموو گۆشە و کەنارێکی جیهاندا و بەتایبەتی لەو وڵاتانەدا تەرخان کردووە کە ئەو مافانەیان بەشێوەیکی سەخت و دڕندانە تێدا پێشێل ئەکرێ، ئەو ڕستانەی ئەو، ئەبێ بۆ لەبەرچاوگرتنی چاکەی ئەو پیاوە، جێگایەکی دیاریان لە پێشەکیی ئەم کتێبەدا پێ ببڕێ.

سیاسەتی ڕەگەز پاکتاو کردن، وەک لۆرد ئێڤبری وای ناو لێ ئەنێ، کە

ڕژێمی دیکتاتۆری لە ناوچەی کەرکووکدا گرتوویەتیەبەر و لەسەری ئەڕوا، سیاسەتێکی شایانی ئەوەیە، بەڵکو پێویستی بەوەیە، بەئاشکرا و بێ هیچ پێچوپەنایەک و بەشێوەیەکی دیار و ڕوون، لەلایەن گشت لایەنە سیاسییە نەیارە عێراقییەکانەوە تاوانبار بکرێ ئەگەر ئەو لایەنانە ئەوەیان لا مەبەست بێ کە باوەڕ و متمانەی گەلی کورد وەدەست بهێننەوە.

ئێمە لەم بوارەدا دوو هەڵوێستی لەگەڵ یەک ناکۆک بەدی ئەکەین کە پێویستە ئەو لایەنە نەیارانە یەکێکیان ڕەچاو بگرن. هەڵوێستێکیان ئەو هەڵوێستە شەرافەتمەندانەیە کە سەرەکی چێکیا ڤاکلاڤ هاڤڵ گرتیەبەر کە ئەوەبوو داوای لێخۆشبوونی بۆ گەلەکەی لەتاوانی بەهۆبوونی دەرد و ئازاری کەمینەی ئەڵمانی لە چیکۆسلۆڤاکیادا کرد کە ئەوەبوو پاش بڕانەوەی جەنگی دووهەمی جیهان کۆچیان پێ کردن و لە چیکۆسلۆڤاکیایان دەرکردن و، ئەوەیش بزانین کە لە عێراقدا گەلی کوردە هەمیشە بووە بەقوربانیی ڕژێمە جۆربەجۆرەکان. هەڵوێستەکەی تریشیان هەڵوێستەکەی تاریق عەزیزە کە یەکێکە لە ستوونەکانی ڕژێمی دیکتاتۆریی بەغدا کە بەبێشەرمییە پێناسراوەکەی خۆی لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٩١دا بەنومایندەکانی کوردی وت کە بەنیازی دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتی پەروەرانەی مەسەلەی کورد چوونبوون بۆ پایتەختی عێراق بۆ گفتوگۆ. تاریق عەزیز بەم نومایندانەی کوردی وتبوو کە ئەیانویست باسی دوا ڕۆژی ناوچەی کەرکووکی لەگەڵ بکەن: «زۆر چاک ئەزانم ناوچەی کەرکووک ناوچەیەکی کوردە، بەڵام ئێمە لە تاقەیەک ماف بەولاوە زیاتریان لەو ناوچەدا نادەینێ، ئەویش ئەوەیە هەرچەندە بەو ناوچەدا گوزەرتان کرد بۆی بگرین».

ڕۆڵەکانی ناوچەی کەرکووک کە ئێستا بەهەمموولایەکدا دەربەدەربوون، هەرگیز دەستیان لە خەبات بۆ گەڕانەوە بۆ زێدوماوای خۆیان هەڵنەگرتووە و هەڵیشیناگرن و هەموو گەلی کوردیشیان لەم خەباتەیاندا لەگەڵە، چونکە بەگیان و بەدڵ بەخاکی خۆیان و بەهەر چییەکەوە کە لەو خاکی خۆیانەدا هەیە، بەستراونەتەوە. وەک بەڵگەیش بۆ ڕادەی پێوەندی ئەمانە بەخاکی



خۆیانەوە، هێما بۆ هەڵوێستی عەشرەتی (هەمەوەند) ئەکەین کە لەم ناوچەیەدا ئەژین. ئەم عەشرەتە سەدەیەک و چەندین ساڵ لەمەوبەر لەلایەن دەستەڵاتدارانی عوسمانییەوە کۆچیان پێ کرا بۆ لیبیا، بەڵام هەرچەندە زۆریشیان لە ڕێی گەڕانەوەدا مردن، بەپێ هەر هاتنەوە بۆ نیشتمانی خۆیان.

بەختیاریی مرۆ بەوەوە بەندە لە شوێنێکدا بژی وابێ خاسیەتەکان و مێژووی ئەو شوێنەی بەدرێژاییی چەرخی زەمانە بۆ ماوەتەوە. مرۆ ئەتوانێ چاو بپۆشێ، بەڵام ناتوانێ ڕووداو لە یادی خۆی بەرێتەوە چونکە لەیادی خۆ بردنەوە زۆر لە ژوور توانیەوەیە. هیوامان وایە ئەوانەی پاش ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆریی ئێستا فەرمانڕەواییی عێراق ئەگرنە دەست لەم ڕاستییە بگەن، تا نە خۆیان تووشی نائومێدی و، نە وڵاتەکەیشیان گرفتاری کاولی و وێرانیی لە ڕادە تێپەڕیو بکەن.

دانەر

ناوەڕاستی مارتی ١٩٩٦

## پێشەکیی لۆرد ئێڤبری

زۆر پێخۆشحاڵم بەدەنگ بانگهێشتنی دکتۆر نوری تاڵەبانییەوە بچم کە داوای لێ کردووم پێشەکییەک بۆ لێکۆڵینەوە بەنرخەکەی لەبارەی گۆڕینی دیمۆگرافیی ناوچەی کەرکووکەوە، بنووسم. لەدوا ڕاپۆرتی «ماکس ڤان دێر شتۆیل»ی فرستادەی تایبەتی دەوڵەتان بەمەسەلەی مافی مرۆڤەوە لە عێراقدا نووسراوە، عێراق هێشتا لە ڕیزی پێشەوەی ئەو دەوڵەتانەوەیە کە چەوساندنەوە و تۆقاندنیان بەخراپترین شێوە تێدا بەکار دەهێنرێ. ئێستا لە عەرەبستانی سعوودی و ئێران و تورکیا سەدان هەزار پەنابەر هەن. هەروا دەیان هەزاری تریش لە ئوردونن کە لە ڕاستیدا، پەنابەرانە دەژین. ئەمەیش گشتی سەرەڕای هەموو ئەوانەی قەلاچۆ یا ناچارکراون بەژیانی دوور لە نیشتمانیان، قایل بێن. بەڵام شان بەشانی ئەمانە، خەڵکێکی زۆری لە ژمارە نەهاتوویش هەن بەناچاری لەو ناوچانەوە کۆچیان کردووە کە جاران تیایاندا دادەنیشتن. خەڵکی ناوچەی ئەهوار لە باشووری عێراق بەتەنها خۆیان نین لەلایەن ڕژێمی سەدامەوە کۆچیان پێ کراوە، بەر لەوانیش خەڵکی ناوچەی کەرکووک، بەپێی سیاسەتێکی ڕەنگ بۆ ڕێژراو و مەبەست، کۆچیان پێ کرا، وەک دکتۆر تاڵەبانی لە لێکۆڵینەوە تایبەتەکەی بەم ناوچە دانیشتووان – تێکەڵاوەدا، بۆی ڕوون کردووینەتەوە.

بەعسییەکان پاش ئەوەی لە ١٩٦٨دا بەکوودێتایەکی لەشکری دەسەڵاتیان گرتە دەست، کەوتنە جێبەجێکردنی کۆچ پێکردنی دانیشتووان لەم ناوچەیە و، ئەم کارەیان بوو بەمایەی گواستنەوەی دەیان هەزار خێزانی کورد لە ناوچەکانی خۆیان بۆ ئەوەی بەدەربەدەری لە ناوچەی تر بژین. ڕۆژاوا لەکاتی خۆیدا هیچ دوودڵییەکی لە بەتاوانکردنی ئەم شێوە کارە ناشیرینانەدا نەنواندووە کە لە خراپترین پاشماوەکانی جۆزێف ستالینن. ڕژێمی عێراق ئەم سیاسەتەی بەشێوەیەکی زۆر تۆقێنەر دژی کوردان



بەکارهێناوە. ئەم کارە دەبێ بەمایەی گیروگرفتێکی گەورە بۆ ئەو ڕژێمەی پاش ڕووخانی ڕژێمی ئێستای عێراق دێتە سەر رووی کار. تۆ بڵێی ئەوانەی ناچارکراون ماڵ و زەویوزاری خۆیان بەجێ بهێڵن بتوانن بگەڕێنەوە بۆ ڕێ و شوێنی خۆیان، وەک ئێمە ئێستا بەش بەحاڵی خەڵکی بۆسنیە داوا دەکەین، یان خۆ ئەو سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزییەی ڕژێمی عێراق لە ناوچەی کەرکووکدا جێبەجێی کردووە، پاش تێپەڕبوونی ماوەیەک بەسەریدا، شتێکی حەڵاڵ و زەلاڵی لێ دەردەچێ؟

دکتۆر تاڵەبانی خزمەتێکی گەورەی بەجیهان کردووە کە پەردەی لە ڕووی ئەو سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزییەی هەڵماڵیوە کە ڕژێمی سەددام لە ناوچەی کەرکووکدا لە دژی ڕۆڵەکانی گەلی کورد بەکاری هێناوە.

پێویستە ئەم تاوانەیش بخرێتە ڕیزی ئەو تاوانانەی تری سەددامەوە بەرانبەر بەمرۆڤایەتی و، بەهیوای ڕۆژێ بێتە پێشەوە تۆڵەی ئەو تاوانانەی بداتەوە کە لە دژی هەمووان کردوونی.

لۆرد ئێڤبری

سەرۆکی گرووپی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی بەریتانیا

لەندەن: نیسانی ١٩٩٥

## سەرەتا

ناوچەی کەرکووکی بەچاڵە نەوت دەوڵەمەند و خاوەنی دەشتو تەختایی بەپیتی زۆر، یەکێ بوو لەو کۆسپانەی هاتنە ڕێی دۆزینەوەی چارەسەرێکی بەئاشتی بۆ مەسەلەی کورد لە عێراقدا. ئەگەر پێشان شوێنی جیۆگرافیایی ئەم ناوچەیە و، هەڵکەوتنی لە سەر شارێی بەستنەوەی ئەنەدۆڵ بەعێراق و ئێرانەوە - هۆیەکی سەرەکیی نیشتەجێکردنی تورکمان بووبێ تیایدا لەلایەن ئەو دەوڵەتانەی لەمەوپێش حوکمی ناوچەکەیان کردووە، بۆ ئەوەی ئەو ڕێگا ستراتیژی و بازرگانییە بپارێزن، ئەوا دۆزینەوەی نەوتێکی بەلێشاو تیایدا لە پاش جەنگی یەکەمی جیهان، لە ڕیزی پێشەوەی ئەو هۆیانەوە دێت کە بوو بوون بەمایەی ئەوەی وەک بەشێکی ویلایەتی مووسڵی عوسمانی بنووسێنرێ بەمەملەکەتی عێراقەوە کە لە ساڵی ١٩٢١دا پێکەوەنرا. هەر ئەم هۆیانەیش بوون، بوون بەمایەی ئەو هەوڵ و تەقەلا بەردەوامانەی کە لەوەوپاش و بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٦٣وە، بەمەبەستی گۆڕینی چۆنییەتیی ڕاستەقینەی نیشتەجێ بوونی دانیشتوان لەو ناوچەیەدا، دراون و دەدرێن.

بۆ کۆڵینەوە لەو هەوڵانەی لەوەوپێش و، ئەو کردارانەی لەوەودوا، بۆ گۆڕینی باری نەتەوەیی ناوچەی کەرکووک، دراون و کراون، دەبێ، بەر لە هەرچی، با بەشێوەیەکی کورتیش بێ، هێمایێ بۆ جیۆگرافیای ناوچەکە و ئەو گۆڕانانە بکەین کە بەدرێژایی مێژوو بەسەریدا هاتوون و، چەردەیێ زانیاری لەبارەی چۆنییەتیی نیشتەجێ بوونی دانیشتوانیەوە لەم ناوچەیەدا، بخەینە بەردەست، بەراوردکردنێ لە نێوان بارودۆخی جاران و ئەنجامی لەوەوپاشی هەوڵ و تەقەلا و کار و کرداری گۆڕینی چۆنییەتیی نیشتەجێ بوونی دانیشتووان، ئاگاداریەکی باشمان لەم بارەوە پێدەدات.

لە هێنینەوەی ئەو زانیاریانەدا کە لەبارەی مێژووی ئەم ناوچەیە و ڕابردووی و جیۆگرافیایەوە پێشکەشتانیان دەکەین، پشتمان بەو



سەرچاوانە بەستووە کە بەوە ناسراون بابەتیەتی و زانستییەتییەکی بێگەردیان هەیە، جا خوا بەتورکی بن یان بەعەرەبی یان بەکوردی یان بەزمانی ڕۆژاوایی. مێژوونووس و گەڕاڵی تورک شەمسوددین سامی خاوەنی ئەنسیکلۆپیدیای عوسمانیی (قاموس الأعلام) کە بەر لە سەدەیەک سەری لە ناوچەی کەرکووک داوە و زانیاریگەلێکی وردی لەبارەوە نووسیوەتەوە، قەت ناکرێ بەلایەنگری کورد دابنرێ. هەروەها توێژەرەوەی عێراقی شاکر خەسباکیش کە بەوە ناسراوە دەسپاکییەکی زانستیی وای هەیە گرانە کەسێ بتوانێ گومان و دوودڵیی تێدا دەرببڕێ. دیسانەوە زۆر لەو باسکارە ڕۆژئاواییانەی پاش لێ وردبوونەوە و سەنگ و سووکی کردنی بیر و ڕا و بۆچوونی زۆر لە مێژوونووس و پسپۆڕە کۆن و نوێکانی تر، بەشی تایبەتیی (کەرکووک)یان لە ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلامدا بەزمانی فەرەنسەیی داناوە. ئەم قسەیەمان بەش بەحاڵی جووتە زانای خوالێخۆشبووی کورد محەمەد ئەمین زەکی و تۆفیق وەهبیش هەروا ڕاستە.

ئەمەی تا ئێستا وتمان، لەبارەی بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەوەیە کە ویستوومە و هەوڵم داوە زانیارییەکی سەرپێیی لە بارەی مێژووی ئەم ناوچەیە و جیۆگرافیای و تێدا نیشتەجێ بوون و بەڕێوەبردنیەوە، بەرلەوەی لەوەوپاش دەست بکرێ بەگۆڕینی دانیشتووانی، بخەمە ڕوو.

بەشە هەرە گرنگەکەی تری، ئەم لێکۆڵینەوەیەش تایبەتە بەڕوونکردنەوەی کار و کردارەکانی ئەو ڕژێمانەوە کە بەئاشکرا و بەگەرموگوڕی بۆ گۆڕینی باری ناوچەکە لە ڕووی دانیشتووانیەوە، هەڵسووڕاون. ڕاستەکەی بڵێم لە سەرەتادا بەهۆی گرانیی وەدەستهێنانی ئەو بەڵگەنامە ڕەسمییە نهێنییانەوە کە ئەو کار و کردەوانە دەخەنە ڕوو، هەندێ کەندوکۆسپم لە کۆکردنەوەی زانیاریی ورددا دەربارەیان هاتنە ڕێ، بەتایبەتی هیی ماوەی ئەو بیست ساڵەی دوایی. بەڵام بەهۆی ئەوەوە کە خۆم خەڵکی ناوچەکە و زادەی خودی کەرکووک خۆیم و، هەر لە سەرەتای

دەستکردنی ڕژێمی ئێستای عێراقەوە بەجێبەجێکردنی سیاسەتی خۆی لەم مەیدانەدا شوێن پێی جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتەم هەڵگرتووە و لە دووی باس و هەواڵی گەڕاوم و، زیاد لەمەیش ئەم سیاسەتە بەئاشکرا و بەڕۆژی نیوەڕۆ جێبەجێ دەکرا و بڕیارگەلی ڕەسمیی لەبارەوە دەردەچوون کە زۆرتریان لە ڕۆژنامەی ڕەسمیی حکوومەتی عێراق (الوقائع العراقية)دا بڵاو دەکرانەوە و، سەرەڕای ئەمەیش ئاگاداری گەلێ بەڵگەنامەی تر و گەلێ سەرژمێر بووم لەبارەی عێراق و ناوچەکەوە و، هەندێ لێکۆڵینەوەم دەست کەوتبوو کە چەندین لایەن و توێژەرەوەی کورد لەم بارەوە ئامادەیان کردبوون، گەلێ لەو کەند و کۆسپانە لە بەردەممدا تەخت بوون.

ڕژێم دەیوست ئەو بەڵگەنامە و فەرمان و ڕاسپێرییانەی لایەنە باڵاکانی دەوڵەت دەریان کردوون هەر بەنهێنی بمێننەوە و نەکەونە دەست کەسانی وا کە بە بەشێک لە خۆیان دانەنرێن. لەبەر ئەوە زۆرتری ئەو بڕیار و فەرمانە نهێنییانەی لە سازمانگەلی (ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش) و (لیژنەی کاروباری باکوور) و (ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی) و دەزگاکانی ئاسایش و موخابەرات و ئیستیخباراتی سوپا و دەزگا حزبی و بەڕیوەبەرێتییەکانی ناوچەکەوە دەرچوون، کەمێکی ئێجگار کەمیان نەبێ کە بەهەر جۆر بووە گەیشتوونەتە بەر چاو و گوێی ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکان، لەوە دوور بوون کە دەستی کەسیان بگاتێ. بەڵام وەنەبێ هەمیشە با لەولاوە بێ کە شەنکەر حەزی لێیە، بەشی زۆری بەڵگەنامە و ڕاپۆرت و سەرژمێرە نهێنییەکانی دەزگا سەرکوتکەرەوەکان کە لە کاتی ڕاپەڕینەکەی مارتی ١٩٩١دا لە گەنجینە کلیل و کلۆم کراوەکانی ئەو دەزگایانەی لە کوردستاندا هەڵگیرابوون، کەوتنە دەست پێشمەرگەی کوردستان. سەنگی ئەو بەڵگەنامە و دۆسیێ و فایلانەی ساڵانی ١٩٤٦-١٩٩٠ کە تایبەت بوون بەپارت و ڕێکخراوە نهێنی و ئاشکراکانی کورد و بەم و بەوی خەڵکی کوردستانەوە، دەیان تۆن دەبوو کە نزیکەی پتر لە بیست تۆنیان لە ساڵی ١٩٩٢دا گەیشتنە کتێبخانەی کۆنگرێسی



ئەمریکی تا لەژێر چاودێریی ڕێکخراوی (Middle East Watch) و چەند چاودێریکەرێکی کورددا، وەک بەڵگە ڕێک بخرێن. ئەم هەموو بەڵگەیە پاش لێ وردبوونەوە و ڕێکخستنیان ژمارەیان گەیشتە پتر لە پێنج ملیۆن لاپەڕە. لەو لێکۆڵینەوە سەرەتاییەوە کە لەلایەن ڕێکخراوی ناوبراوەوە لەو بەڵگەنامانەدا کراوە و پێوەندیی بەکردارە بەدناوەکانی (ئەنفال)ەوە هەیە، دەرکەوتووە کەوا زانیاریی وایان لەبارەی کردەوەکانی ڕژێمەوە تێدایە، نەک هەر دەرهەق بەو کارانەی بۆ گۆڕینی باری نەتەوەیی ناوچەی کەرکووک و ناوچە کوردنشینەکانی تری مووسڵ و دیالە کردوونی، بەڵکو دەرهەق بەو تاوانە سازکراوانەیشی کە بەر واتای تاوانی قەلاچۆکردنی ئادەمیزاد (جینۆساید) دەکەون و ڕێککەوتننامەی ١٩٤٨/١٢/٩ی پاریس بڕیاری لەبارەوە داون مرۆ لێیان سەرسام دەبێ.

سەرژمێری ئەو گوندانەیش لەوەوەپاش کاول کراون و ئەو ساختمانانەی وەک مزگەوت و قوتابخانە و مەڵبەندی تەندروستی کە تیایاندا بوون و ژمارەی خانووەکانی هەر دێ و گەورەدێیەک و ئەو هەموو گەڕەکانەی ڕژێم لە شاری کەرکووک کردوونیەتەوە بۆ نیشتەجێ کردنی بەناو (هاتوو)ەکان کە بەو دەیان هەزار خێزانە عەرەبانە دەگوترێ لە ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە هێنراون لەم گەڕەکانەدا نیشتەجێ بکرێن، ئەوە لە بەڵگەی ڕەسمیی حکوومەت و لەو لێکۆڵینەوانە وەرگیراون لەبەر ڕووناکیی ئەو بەڵگانەدا لەلایەن هەندێ گروپی کوردەوە ئامادە کراون.

لەسەریشم پێویستە هەر لە ئێستاوە بڵێم ئەم لێکۆڵینەوەیە دەرنەدەچوو ئەگەر ئەو یارمەتی و باری سەرنجە بەنرخانە نەبوونایە کە گەلێ دۆست و برادەری نەتەوە و بیر و بۆچوونی سیاسی - جیاواز دامیانێ. هەروەها سوپاس و قەدر لێزانینی خۆم پێشکەش بەو گروپە کوردانە دەکەم کە بەڵگەگەلێکی نهێنیی زۆریان پێشکێش کردم. ئەگەر ئەو بەڵگانە نەبوونایە زەحمەت بوو بۆم ئەم لێکۆڵینەوەیە بەم سەرژمێرییانەوە بخەمە بەردەست. لە دواییشدا ڕووی دەمم دەکەمە خوێنەری ئازیز و، پێشەکی

داوای لێبوردنی لێ دەکەم بەرانبەر بەو ناتەواوییانەی لەناو ئەم کتێبە ناچیزەدا بەرچاوی دەکەون کە ئومێدم وایە ببێ بەسەرەتای لێکۆڵینەوەی تر لەبارەی ناوچەکەوە لەلایەن توێژەرەوە و پسپۆڕی ترەوە.

هەروا پێویستە لێرەدا بڵێم ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سەرەتادا بەزمانی عەرەبی بڵاو کرایەوە و پاشان وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی. لەم نزیکانەش بەزمانی ئینگلیزی بڵاو دەکرێتەوە تاکو ڕای گشتی جیهانی ئاگادار بکرێت لەم سیاسەتە ڕەگەزپەرستییەی ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدا.

ئیتر خودا دەستی بەپشتی هەموو لایەکمانەوە بێ.

دکتۆر نوری تاڵەبانی، لەندەن - ١٩٩٥/١/٨



**دەروازەی یەکەم:**

## چەردەیەک لە مێژوو و جیۆگرافیای ناوچەی کەرکووک

ناوچەی کەرکووک کە دەکەوێتە نێوان چیای زاگرۆس و هەردوو ڕووباری زێی بچووک و دەجلە و زنجیرەی چیای حەمرین و ڕووباری سیروان (دیالە)وە، هەر هەمان ناوچەیە کە لە سەردەمی ساسانییەکاندا بە(گەرمەکان GARMAKAN) واتە وڵاتی یا نیشتمانی گەرم ناودەبرا. ئەم ناوە تا ئێستەیش بەناوچەکە دەگوترێت، لەگەڵ گۆڕانێکی کەم لە کۆتاییەکەیدا (گەرمیان).

ئەم ناوە لە سەرچاوە سوریانییەکاندا بە(بێس گەرما BETH GARMA) هاتووە کە کورتکراوەتەوە و کراوە بە (باگەرمی) و، باگەرمییش کە کراوە بەعەرەبی بووە بە(باجرمی) یان (جرمقان) کە ئەمیش هەر واتە گەرم یان وڵاتی گەرم[1]. ئەم ناوچەیە بایەخێکی زۆری لەلایەن ئەو هێز و ئەمپراتۆرییانەوە پێ دراوە کە داگیریان کردووە، چونکە ئەو ڕێگایانەی هاتوچۆ و بازرگانی کە بەدەشتە پانەکانی ئەم ناوچەدا گوزەریان دەکرد، پێوەندیان بەجیهانی دەرەوە بۆ دابین دەکردن. جا لەبەر ئەوەی کە ڕێگای ناوبراو لە دەربەند و تەنگەبەرە چیاییەکانی وەک دەربەندی (بازیان) و (باسەڕە) و (سەگرمە)ی لاپاڵیەوە دوور نەبوو، ئەو هێزانە بایەخێکی زۆریان بەوە دەدا شوێنی سوپایی لەو شار و وردە شارانەدا دروست بکەن کە دەکەوتنە سەر ئەو ڕێگایە و بەتایبەتی لە شوێنگەلی وەک (کفری) و (دووزخورماتوو) و (داقووق) و (چەمچەماڵ) و (ئاڵتوون کۆپری = پردێ)، سەرەڕای شاری کەرکووک خۆیشی، ئەم ئەمپراتۆرییانە لەشکری پارێزگاریان لەو شار و وردە شارانەدا دادەنا تا داکۆکییان لێ بکەن و ڕێگای هاتوچۆی نێوانیان بپارێزن. ئەم قەڵا سوپاییانە لە هەمان کاتدا وەک بنکەی هەڵسان و بزووتنەوەی سوپای ئەو دەوڵەتانەیش لە دژی دوژمنەکانیان، بەکار دەهێنران. هەروەها ئەو شوێنانە کرابوویشن

بەمەڵبەندی وەرگرتنی خەرجوباجی گومرگیی لە کاروانە بازرگانییەکان کە لە ڕۆژاوای ئەنەدۆڵ یا لە سووریاوە دەهاتن و بەو ڕێگایەدا تێدەپەڕین و ڕوویان دەکردە شارەکانی عێراق وەکو بەغدا یا شارەکانی باشووری ڕۆژاوای ئێران وەک شاری سنە و کرماشان و هەمەدان.

(قاموس الاعلام) کە بەئەنسیکلۆپیدیایەکی مێژوویی و جیۆگرافیایی عوسمانی دادەنرێ و لە ساڵی ١٣١٥ی کۆچی/ ١٨٩٦ی زایینیدا لە ئەستەموول لە چاپ دراوە، شوێنی شاری کەرکووکی مەڵبەندی ئەم ناوچەیەمان بەم جۆرە بۆ دەستنیشان دەکا:

«دەکەوێتە چوارچێوەی ویلایەتی مووسڵی سەر بەکوردستان و، ١٦٠ کیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری مووسڵەوەیە. لەنێوان گەلێ تەپۆڵکەی هاوشان و بەرانبەری یەکدایە لە پاڵ شیوێکی گەورەدا پێی دەڵێن شیوی (ئەدهەم) یا (ئادەم) و مەڵبەندی سنجاقی (شارەزوور)ە. ٣٠ هەزار کەسی تێیدا دادەنیشن و، قەڵایەک و ٣٦ مزگەوت و مزگەوتی جومعە و ٧ قوتابخانە و (١٥) پانزە تەکیە و خانەقا و ١٢ خان و ١٢٨٢ دوکان و سنعاتخانە و ٨ گەرماوی تێدایە...». دانەری ئەنسیکلۆپیدیای ناوبراوی عوسمانی پاش ئەمە دێتە سەر باسی باری نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی لە شاری کەرکووک و دەڵێ: «سێ چارەکی خەڵکی شارەکە کوردن و ئەوانی تریشیان تورک و عەرەب و هیی دین. هەروەها کەرکووک ٧٦٠ جوولەکە و ٤٦٠ کلدانیشی لێ دادەنیشن»[٢].

ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلامیش (Encyclopedie de L'Islam) کە باسی (کەرکووک Kirkuk)ی لە بەرگی پێنجەمیدا لەلایەن ڕۆژهەڵاتناس (کرامەرز J. H. KRAMERS)ەوە تێدا نووسراوە و پاشان ڕۆژهەڵاتناس (تۆما بوا Thomas Bois) هەندێ سەرنجی پڕ بایەخی، بەر لە چاپکردنەوەی بۆ جاری دووەم، خستووەتە سەر، بەم جۆرە هێما بۆ سنوورەکانی ناوچەی کەرکووک دەکا کە دەڵێ: «سنووری لای باکووری ڕۆژاواوە زێی بچووک و لای باشووری ڕۆژاواوە چیای حەمرین و لای



باشووری ڕۆژهەڵاتەوە ڕووباری دیالەیە. چیای زاگرۆسیش دەکەوێتە سەر سنووری ڕۆژهەڵاتی باشووریەوە»[٣].

لە هێمایشیدا بۆ بیروڕای ئەو مێژوونووس و پسپۆڕانەی لە ناوی کەرکووک دواون، ئەنسیکلۆپیدیای ناوبراو دەنووسێ: «گاد S. H. Gadd) و (سیدنی سمیس S. Smith) لەو باوەڕەدان کەوا شاری کۆنی (ئەڕڕافا ARRAFA) لە شوێنی شاری کەرکووکی ئێستادا بووە»[٤]. ئەنجا دەڵێ: «ساسانییەکان بەکەرکووکیان دەگوت (گەرمەکان GARMAKAN)» کە پێشتر ناومان هێناوە. هەروا لە ئەنسیکلۆپیدیای ناوبراودا گوتراوە: ئەم «ناوچەیە لە سەردەمی هەردوو ئەمپراتۆریی بابلی و ئاشووریدا بەر هێرشی گەلە چیاییەکانی باکووری ڕۆژاوا کەوتووە. گۆتییەکانیش هەر لەم ناوچەیەدا ژیاون و شاری (ئەڕڕابخا)یان کردبوو بەمەڵبەندی خۆیان کە باوەڕ وایە هەر شارەکەی کەرکووکی ئێستایە»[٥]. ئەوەی پتر پشتی پێ ببەسترێ ئەوەیە گۆتییەکان پێشان بەسەر وڵاتی ئاشووردا هاتوون و ئەنجا بەرەو باشوور لێژبوونەتەوە کە مەڵبەندی ئەمپراتۆریی ئەکەدی بووە، بەڵام سەرەنجام فەرمانداریییان تەنها بەسەر ناوچە باکوورییەکانی ئەم وڵاتەدا ماوەتەوە.

عەبدوڕڕەززاق حەسەنیش باوەڕی وایە ئەوەی شاری کەرکووکی دروست کردووە (سەردناپاڵ)ی پادشای ئاشوورییان بووە و، لەمەدا پشت بەهەندێ سەرچاوەی سوریانی دەبەستێ. بەڵام دکتۆر شاکر خەسباک وای بۆ دەچێ کە گۆتییەکان ئەم شارەیان بنیات ناوە[٦].

لە بارەی ڕیشەی ناوی کەرکووکیشەوە بیروباوەڕی جیاواز زۆرە. دێرینە شناسانی عێراقی تەها باقر و فوئاد سەفەر لایان وایە ناوی (کەرکووک) لە (گوڕگوڕ)ەوە هاتووە. کە ناوی ئەو شوێنەیە بڵێسە ئاگرەکەی دەرەوەی کەرکووکی تێدا دەچێ بەئاسمانا»[٧].

لە سەرچاوە ئارامییەکاندا هێما بۆ ڕیشەی ناوی کەرکووک بە(کەرخا -

د- بێس سلۆخ CARKHA DE BETH SELOOK) واتە، شاری سلووقییەکان کراوە، بەڵام دوکتۆر جەمال ڕەشید ئەحمەد وای بۆ دەچێ کە ناشێ ناوی کەرکووک کورتکراوەی ئەو ناوە ئارامییە بێ کە لە سەردەمی ئیسلامدا گۆڕاوە و بووە بە (کەرخینی) چونکە «ئەم شارە بەر لەم سەردەمە بەناوی (گوڕگوڕ)ەوە بووە کە لاساییکردنەوەی دەنگی ئاگری چاڵە نەوتەکانی ئەم ناوچەیە کە پاشان ناونراون (بابە گوڕگوڕ) و بەدەوری پەرستگەی (ئەناهیتا)ی کۆندا بوون»[٨].

مێژوونووسانی کۆنی عەرەب کەسیان لە ناوی کەرکووک نەدواون. یاقووتی حەمەوی نەبێ کە هێمای بۆ قەڵایەک کردووە بەناوی (کەرخینی)یەوە[٩]. مێژوونووسی ئیسلام ئیبنولئەثیریش لە (ئەلکامیل)دا لە شارێ دواوە کە ناوی (کەرخینی) بووە. لەسەردەمی ئیسلامیدا ناوی (العراق) بەو ناوچانە دەگوترا کە کەوتوونەتە نێوان بەسرا و هۆڕەکان لە باشوور تاکو تکریت و حەلوان لە باکووردا، کەچی بەو ناوچانەی سەرووی عێراق بەو سنوورە جوگرافییانەیەوە کە باسکراون دەگوترا (هەرێمی چیاکان)، لە هەمان کاتدا بەو پانتاییانەی دەکەونە نێوان حەدیثە و تکریت لە باشوور تاکو مووسڵ لە باکوور دەگوترا هەرێمی جزیرە یاخود دیاربەکر. ناوچەی کەرکووکیش بەشێکی هەرێمی چیاکان بووە.

مامۆستا تۆفیق وەهبییش وای بۆ دەچێ کەوا «کەرکووک شارێکی کۆنە و لە نووسراوە بزمارییەکاندا پێش شاری هەولێر ناوی هاتووە و، کۆنترین زانستی تایبەت بەکەرکووکەوە لامان بێ ئەوەتە لە ساڵنامەی بەناووبانگی جیۆگرافیایی موڵکەکانی سەرجۆنی ئەکەدی (٢٥٣٠-٢٤٧٣) بەر لە زاییندا هاتووە کە ناوی وڵاتی (ئەرەپخ)ی تێدا براوە کە بەشاری کەرکووک دەستنیشان کراوە. ناوی کەرکووک تا سەردەمی مادەکان هەروا ماوەتەوە. هەندێ مێژوونووسیش لایان وایە ناوی (ئەرەپخ) لە ڕیزی ناوی ئەو شارانەدا هاتووە کە ئەسکەندەر لە هێرشەکەی ساڵی ٣٣٠ی بەر لە زایینیدا لە هەولێرەوە بۆ سەر بابل گوزەری پیایاندا کردووە. یەکێ لەو



نووسەرە کۆنانەیش کە باسی ناوچەی کەرکووکیان کردووە (سترابۆ) [٦٣-١٩ی بەر لە زایین] بووە کە ناوی ناوچەی (ئەرتەگینی)ی هێناوە. بەڵام هەندێ لێکۆڵەرەوە لایان وایە ئەم ناوە بەهەڵە نووسینەوەی (ئەدیابینی)یە، منیش لام وایە بەهەڵە نووسینەوەی وشەیەکی ترە کە (گەرکینی)یە کە بەبۆچوونی من لە سەردەمی سترابۆدا ناوی وڵاتێ بووە پێتەختەکەی ئەو شارە بووە ئێستا پێی دەڵێن(کەرکووک). هەروا لام وایە ناوی (گەرکینی)، کە بەداتاشراوی دەزانم، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گریکەکان و لە وشەی (گەرک) داتاشراوە کە بەر لە سەردەمی سترابۆیش هەبووە و، لەبەر ئەوەیش کە (سلۆقۆس) کە ناوەکەی لای ئارامییەکان خراوەتە پێکهاتنی ناوی (کەرخ -د- سلۆخ)ەوە، دەبێ یەکێ بێ لەو چوار سلۆقییەی لە ساڵانی (٣١٢-١٧٥ی پێش زایین)دا حوکمڕانییان کردووە. لەوانەیە ئەم ناوە لە سەردەمی (سلۆقۆس کالینیکۆس، ٢٢٦ی پێش زایین)دا، دانرابێ، کە ڕەنگ بێ قەڵای بۆ کەرکووک کردبێ یان قەڵاکەی پتەو کردبێ، بەڵام ئەوە هەیە کە لە دەوروبەری دواچارەکی سەدەی دووەمی بەر لە زاییندا بنەماڵەیەکی (سکایی) حوکمڕان بوون پێتەختەکەیان ناوی (کەرخ) یا (کەرک) بووە کە ئەو شارەیە لە فایلەکانی کلیسادا ناوی لێ نراوە (کەرخ -د- سلۆخ) و ئەمڕۆ پێی دەڵێن کەرکووک و، دەبێ ناوچەی کەرکووکیش لەو سەردەمەدا ناوی (گەرکینی) بووبێ لە وشەی (گەرک)ەوە و ئەداتی(ینی – ene)ی خرابێتە پاڵ و، ئەمەیش لە سەردەمی مەسیحییەتیدا ڕووی دابێ کە لە چوارچێوەی ئەمپراتۆریی پارسدا دوو مەملەکەتی دراوسێ بوون هەردووکیان سەربەخۆییەکی ناوخۆی تەواویان لە چوارچێوەی ئەمپراتۆریەتی پارسدا بووە: مەملەکەتی (ئەدیابینی) کە پێتەختەکەی هەولێر بووە و مەملەکەتی (گەرکینی) کە پێتەختەکەی (کەرک) واتە کەرکووک بووە. ئەم دوو مەملەکەتە لە سەرەتای حوکمڕانیی ساسانییدا لە نیوەی یەکەمی سەدەی سێهەمی زاییندا بوون. وادیارە ناوچەی کەرکووک لەو سەردەمەدا ناوی (کەرکینی) بووە کە لە سەدەی

حەوتەمی کۆچیدا بەزمانی ئارامی بە (کەرخینی) خوێنراوەتەوە. یاقووت لە ساڵی ١٢٢٨ی زایینیدا بەم ناوە ناوی هێناوە». ئەنجا مامۆستای زانستمەند تۆفیق وەهبی دەڵێ: «ناوی کەرکووک (کەرک) و بەئارامی (کەرخ) بووە و وشەی (کی رەک) لە وشەی (کار)ی ئاشوورییەوە هاتووە، کەواتەی (قەڵا) یا (گوندی شوورەدار)ە لەگەڵ پاشبەندی ناوی (ak).

کەواتە دەرئەکەوێ کەوا مادەکان وشەی (کێ - رەک)یان پێکەوە ناوە واتە (گوندی بەشوورە دەورەدراو) و پاشان ئارامییەکان بە (کەرخ)یان گۆ کردووە و تا سەردەمی ئیسلامیش هەر ئەم ناوەی بووە»[١٠]. مامۆستا وەهبی پاش ئەمە دەڵێ: «یەکەم کەس ئەوەی درکاندووە کە نزیکییەک لەنێوان دوو وشەی (کەرخینی) و (کەرکووک)دا هەیە زانای ئەڵمانی (هۆفمان Hoffman)ە، بەڵام باسی ئەوەی نەکردووە کە چۆن یەکێ لەم دوو وشەیە لەوی تریان وەرگیراوە»[١١]. مامۆستا وەهبی هێمایش بۆ ئەوە دەکا کەوا زانستمەند مستەفا جواد هەوڵی داوە لێکی بداتەوە ناوی کەرکووک چۆن وەرگیراوە و، وتوویەتی: هەرچی کەرکووکە ئەوە وادیارە لە شێوەی (کەرخینی)یەوە بووە بە (کەرکی) و پاشان لەسەر شێوەی فارسی بچووک کراوەتەوە و کراوە بە (کریک) و لەویشەوە بە (کەرکووک)».

زانستمەند تۆفیق وەهبی پاش هەموو ئەمە، بیروبۆچوونی خۆی لە بارەی وەرگرتنی کەرکووکەوە بەم جۆرە گەڵاڵە دەکا کە دەڵێ: «ناوی (کەرکووک) لە (کەرەک = قەڵا) وەرگیراوە و پاشبەندی (UK)، کە بۆ بچووککردنەوە و خۆشەویستی و ناز لێگرتن بەکاردێ، خراوەتە سەر وشەی وەرگیراوی یەکەم کە (کێ رەک)ە و، بەم جۆرە وشەی (کەرکووک) بەم شێوەیەی ئێستای لەسەر ئەم بنەمایە جێگیر بووە»[١٢].

گەلێ لە مێژوونووسەکان زانیارییان لە بارەی ئەم شارەوە هەر لە چەرخی ساسانییانەوە تا پەلاماردانی لەلایەن تەیموری لەنگەوە، گێڕاوەتەوە کە پەت پەتییەکی بێ ئامانی بەکورد و بەغەیری کوردیش کرد و هەموو ئەو ناوچانەی خاپوور کرد کە بەسوپاکەیەوە پیایاندا تێپەڕی[١٣]. پاش مەرگی



ئەم ستەمکارە (ئاق قۆینلوو)ە تورکمانەکان پاشماوەی دەوڵەتی (قەرەقۆینلوو)ی تورکمانیان لەناوبرد و دەستیان بەسەر ئەو ناوچانەدا گرت کە لەژێر دەسەڵاتی ئەواندا بوون کە ناوچەی کوردستانیش یەکێک بوو لەو ناوچانە. پاشان سەفەوییەکان لە سەردەمی شا ئیسماعیلی سەفەویدا دەستیان بەسەر کوردستاندا گرت. سەردەمی سەفەوییەکانیش، هەروەک سەردەمی (ئاق قۆینلوو) و (قەرە قۆینلوو)ی تورکمان، هەر سەردەمی جەور و ستەم و خاپوورکردنی ناوچەکە بوو. هەموو ئەم هێزە بێگانانە کوردستانیان داگیرکرد. ئەمانە دەیانویست میرنشینە کوردەکانی ناوچەکە یەک لە پاش یەک لەناوبەرن. ئەم هێزانە کە گشتیان لەسەر مەزەبی شیعەیەتیی قزڵباشی نهێنکار (باطني) بەڕێوە دەچوون، هەوڵیان دا ئەم مەزەبە لە کوردستاندا بچەسپێنن، بەتایبەتی چونکە کوردەکان سوونی مەزەب بوون و لەبەر ئەوە متمانەیان پێ نەدەکردن[١٤]. دەتوانرێ مێژووی داگیرکردنی کوردستان لەلایەن ئەم هێزانەوە بەسەرەتای کاری نیشتەجێکردنی تورکمان لە کوردستاندا دابنرێ.

هەرچی تورکە عوسمانییەکانیشن کە پاش دەرپەڕاندنی سەفەوییەکان لە ناوچەکە، داگیریان کرد بۆ خۆیان، سیاسەتیان لە سەرەتادا ئەوەبوو کوردەکان ڕازی بکەن و دڵیان وەدەست بێنن بۆ ئەوەی لە دژی سەفەوییە شیعەکانیان هەڵخڕێنن. بۆیە هەر پاش ئەوەی کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی، میرە کوردەکان توانییان بەشی هەرەزۆری ناوچەکانیان بێننەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان کە دووانیشیان ناوچەی هەولێر و کەرکووک بوون کە سەیید شاه عەلی بەگی میری میرنشینی سۆران سەندنیەوە[١٥].

کوردستان تا ماوەیەکی زۆر مەیدانی شەڕوشۆڕی نێوان عوسمانییە سونییەکان و سەفەوییە شیعەکان کە (تەورێز)یان کردبووە پایتەختی خۆیان بوو، بەتایبەتی لە سەردەمی شا تەهماسیب و شا عەباس و شا تەهماسیب قولی خانی ناووبانگ بە (نادر شا) دەرکردووی ئێرانی و،

سوڵتان سولەیمانی قانوونی و سوڵتان مرادی چوارەمی عوسمانیدا. ئەو شوێنەیش کە کەرکووکی تێدا هەڵکەوتووە، چ لە شەڕ و چ لە ئاشتیدا شوێنێ بوو لە ڕووی جیۆگرافیاییەوە زۆر پڕ بایەخ بوو. ئەمە بووبوو بەهۆیەکی سەرەکی بۆ ئەوەی هەر کام لەم دوو هێزە هەردەم هەوڵی داگیرکردنی و ئەوی تریشیان هەوڵی سەندنەوەی لە دەستی ئەوی تریان بدا. بەم جۆرە ئەم ناوچەیە بەردەوام سەردەمێ داگیرکراوی یەکێ لەم دوو هێزە و سەردەمێکی تر داگیرکراوی ئەویکەیان بووە.



**دەروازەی دووەم:**

## مێژووی نیشتەجێ کردنی تورکمان لە ناوچەکەدا

عوسمانییەکان لە (بابی عالی) ئەستەموولەوە، وەک سەفەوییەکان پێش خۆیان پاش ئەوەی کوردستانیان داگیر کرد، هەستیان بەوە کرد کە ئەو هێڵی سەرەکیی هاتووچۆ و بازرگانییەی ئەستەموول و ئەنەدۆڵی بەعێراق و ئێرانەوە دەبەستەوە و بەکەرکووکدا تێدەپەڕی، چەند بەبایەخە[١٦]. بۆیە هەردوولا هەوڵی ئەوەیان دەدا ئەم هێڵە لەبەر بایەخی ستراتیژیی سەردەمی جەنگ و بایەخی بازرگانیی سەردەمی ئاشتی و ماوەی نەجەنگ و نەئاشتیی نێوان هەردوو ئەمپراتۆریی لەناو خۆدا ناکۆک - بخەنە ژێر دەستی خۆیان. هەردوولا هانی سەرباز و ڕەعیەتی خۆیانیان دەدا لە شار و شارۆچکەکانی ئەمبەر و ئەوبەر ئەم هێڵەدا نیشتەجێ بن کە ئۆردوگای لەشکر و پاسەوانی خۆیانیان تێدا هەبوون. ئەم هێڵە لە باکوورەوە لە تەلەعفەر و مووسڵەوە دەست پێ دەکات و بەهەولێر و پردێ (ئاڵتون کۆپری) و کەرکووک و داقووق و کفری دا دەڕوا و لەوێوە دەبێتە دوو هێڵ یەکێکیان بەرەو باشوور هەتا بەغدا درێژ دەبێتەوە و ئەویتریان بەشاری خانەقین یان مەندەلی لە نزیک سنووری ئێستای عێراق و ئێران کۆتایی دێت و لەوێوەشەوە دەپەڕێتەوە بۆ خاکی ئێران و بەکرماشان و هەمەدان و گەلێ شاری تری ئێراندا دەڕوا. مێژوونووسی عێراقی عەبدوڕڕەززاق حەسەنی دەڵێ: «تورکمانی ئەم ناوچانە لەو هێزانەی سوڵتان مرادی چوارەمن لە ساڵی ١٦٣٨ی زایینیدا عێراقیان لە سەفەوییەکان سەندەوە و، بۆ پارێزگاریی پێوەندی نێوان ئەیالەتە باشووری و باکوورییەکانی تورک لەم ناوچانەدا ماونەتەوە»[١٧]. ئەوە شایانی سەرنج لێدانە کەوا ئەنسیکلۆپیدیای تورک دانیشتووانی ئەم ناوچانە بە(تورک) ناودەبا نەک بە(تورکمان)[١٨]. بۆ ئەوەی وایان نیشان بدات کە لە پاشماوەکانی تورکە عوسمانییەکانن.

حوکمڕانی لە بەشی زۆری ئەم ناوچانەدا بەدەست سوپاوە بووە کە هیچ پێوەندییێکی ڕاستەوخۆیان بەدانیشتووە ڕەسەنەکانیانەوە نەبووە کە کوردەکانن. هەندێ لە ئەندامانی ئەم لەشکرە پارێزگارانە کە بەخۆیان و خێزانیانەوە بۆ یەکجاری لەم شار و شارۆچکانەدا نیشتەجێ بوون، دەستیان داوەتە بازرگانی یان ئەو کار و پیشانەی بەرلەوەی بکرێن بە سەرباز، کردوویانە، جا بەهۆی ئەوەوە کە دەسەڵات لە دەستی خۆیاندا بووە، ئەوەیان بۆ ئاسان بووە لەم ناوچانەدا نیشتەجێ بن و دەست بەسەر زەویوزاردا بگرن و خەریکی ئاڵووێڵ و بازرگانی یان کار و پیشەی جارانی خۆیان بن. کە لەم شار و شارۆچکانەیشدا نیشتەجێ بوون، لەگەڵ دانیشتووانی کۆنیان تێکەڵ بوون و فێری دابوونەریتی ئەوان بوون و، ئەوان کاریان لەمان و ئەمان کاریان لەوان کردووە بەتایبەتی پاش ئەوەی ژن و ژنخواز و خزمایەتی لەنێوان هەردوولادا پەیدا بووە.

ڕایەکی تریش هەیە وای بۆ دەچێ کەوا لەوانەیە تورکمانی عێراق پاشماوەی ئەو سەربازە تورکمانانە بن کە خزمەتی عەباسی و ئەتابەگی و عوسمانییەکانیان کردووە[19]. بەڵام تورکمان خۆیان دەڵێن لە ڕۆژگاری ئومەوی و عەباسییەکاندا هاتوونەتە عێراق و بەهۆی لێهاتووییانەوە لە جەنگدا خستوونیانەتە بەرکار. بەڵام هەر خۆیشیان دان بەوەیشدا دەنێن کە ئەم قۆناغەیان قۆناغی پێوەند پەیداکردن بووە بەعێراقەوە نەک قۆناغی نیشتەجێ بوون تیایدا، لەبەر ئەمە ئەو تورکمانانەی لەو سەردەمەدا هاتوونەتە عێراق لەناو گەلەکانی دەوروپشتیاندا تواونەتەوە[20].

ئەنجا دەیشڵێن قۆناغی ڕاستەقینەی نیشتەجێ بوونیان لە عێراقدا لە سەردەمی سەلجووقییەکانەوە دەستی پێ کردووە و پاشان لە سەردەمی عوسمانییەکاندا گەشەی کردووە. بەڵام ناکرێ سەردەمی سەلجووقییەکان بەقۆناغی نیشتەجێ بوونی تورکمان لە ناوچەکەدا دابنرێ چونکە گەلێ دەوڵەت و میرنشین کە زۆرتریان کورد بوون پاش بڕانەوەی حوکمڕانی سەلجووقییەکان لە ناوچەکەدا دامەزراون و، ئەوەیش بووە بەهۆی



کەمبوونەوەی پاشماوەکانی ئەو سەلجووقییانە، بەڕادەیەکی زۆر لەو ناوچەیەدا.

بەڵام ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلام، پاش ئەوەی هێما بۆ ئەو هێز و ئەمپراتۆرییە جیاجیایانە دەکا کە یەک لە پاش یەک حوکمی ئەم ناوچەیەیان گرتووەتە دەست، دەڵێ: «گەورەی ڕاستەقینەی ئەم ناوچەیە، سەرەکە کوردە ناوخۆییەکانی ناوچەی (ئەردەڵان) بوون و، دەسەڵاتدارانی عوسمانی دواتر تەنها پشت بەچالاکی و بزێویی پاشاکانی ویلایەتی شارەزوور توانییان دەست بەسەر ئەم شارە - واتە کەرکووک- دابگرن»[21].

ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلام پاش ئەمە لە بارەی بەڕێوەبەرێتیی ناوچەکەیش لە ماوەی حوکمی عوسمانییەکاندا دەدوێ و دەڵێ: «ویلایەتی شارەزوور لە ٣٢ سەنجەق پێکهاتبوو: کەرکووک، کە یەکێ بوو لە ئەیالەتەکانی عوسمانی، (پاشا)ی شارەزووری لێ دادەنیشت، پاش ئەوەی شائیسماعیلی سەفەوی (١٥٧١-١٦٤٢) ئەو کۆشکەی ڕماند کە بەناوی ئەم شارەوە ناونرابوو. لەساڵی ١٧٣٢ نادرشا گەمارۆی شاری کەرکووکی دا بەڵام گەمارۆکەی بێ ئەنجام بوو. ساڵی دوایی شەڕێکی گەورە لە نزیک ئەم شارەدا ڕووی دا تورکەکانی زۆر خراپ تێدا شکان. لە ساڵی ١٧٤٣یشدا کەرکووک جارێکی تر کەوتەوە دەست سەفەوییەکان، بەڵام پاش مۆرکردنی پەیمانە ئاشتییەکەی ساڵی ١٧٤٦ بووەوە بەهیی تورکەکان و ئیتر تا دوادوایی جەنگی یەکەمی جیهان لە چوارچێوەی ئەمپەراتۆریی عوسمانییدا مایەوە. ئەو سەردەمە ئینگلیزەکان لە مایسی ١٩١٨دا داگیریان کرد»[22].

پاشماوەکانی دەسەڵات بەدەستانی عوسمانی لە ناوچەکانی سەر سنووری ویلایەتی مووسڵ، پاش بڕانەوەی جەنگی یەکەمی جیهان، هەوڵیان دەدا پێوەندی لەگەڵ سەرۆکە کورد و تورکمانەکانی ئەم ناوچەیە پێکەوە بنێن، بەهیوای ئەوەی بتوانن دەسەڵات و دەسڕۆیی جارانیان بەسەر ویلایەتی مووسڵدا دەست بخەنەوە. کۆنە ئەفسەری زۆری سوپای

عوسمانییان، لەوانەی بەبنەچە و ڕەچەڵەک کورد بوون، نارد بۆ ناوچەی کوردەواری بۆ ئەوەی پێوەندی لەگەڵ پێشەوا کوردەکان و بەتایبەتی لەگەڵ شێخ مەحموودی حەفید کە بەشێکی بەربڵاوی باشووری کوردستانی لەژێر دەسەڵاتدا بوو، هەروەها لەگەڵ پیاوماقوڵەکانی تورکمانی کەرکووک – بکەن کە کۆمەڵەیەکیان بەم مەبەستە پێکەوە نابوو، بۆ ئەوەی دڵیان ڕاکێشن بۆ لای خۆیان و بیبیانهێننە سەر ئەوە کە لەچوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا بمێننەوە[٢٣].

لەو سەردەمەدا کورد هەوڵی ئەوەی بوو دان پێدانانێکی لە دەوڵەتەکانی ڕۆژاواوە دەسگیر ببێ کە ئەوەی پەیمانی (سیڤەر)ی ١٠ی ئابی ١٩٢٠ گرتوویەتیە خۆی، بۆی جێبەجێ بکرێ. پەیمانی سیڤەریش بڕیاری لەسەر ئەوە دابوو کە لە دوو قۆناغی یەک لەدوای یەکدا قەوارەیەک بۆ کورد لە کوردستانی عوسمانیدا پێکەوە بنرێ. کوردەکان پێشتر نومایندەیەکییان ناردبوو بۆ پاریس کە ئەویش ژەنەراڵ شەریف پاشا بوو بۆ ئەوەی پێوەندی بەسەرکردەکانی ئەو دەوڵەتانەوە بکات کە لە کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی ڤێرسایدا بەشدارییان کردبوو، کە کەمێک پاش بڕانەوەی جەنگی یەکەمی جیهان بەسترا.

بەڵام لەم ماوەیەدا گۆڕانێکی گەورە لە سیاسەتی بەریتانیادا ڕووی دا، ئەوەبوو کەوتە تەقەلادان بۆ لکاندنی ویلایەتی موسڵ کە هێی دەوڵەتی عوسمانی بوو، بەدەوڵەتی تازە- دروستکراوی عێراقەوە کە لە ویلایەتی بەغدا و بەسرە پێکهاتبوو. بەڕێوەبەرێتیی بەریتانیا کە عێراق و کوردستانی پێ سپێردرابوو، ڕاگیری (استفتاء)یەکی لە ساڵی ١٩٢١دا بەمەبەستی پەسەندکردنی میر فەیسەڵی کوڕی مەلیک حوسێن بەشای عێراق ڕێکخست. ناوچەی کەرکووک کە ڕاستەوخۆ لەلایەن هەندێ ئەفسەری سیاسیی بەریتانیاوە بەڕێوە دەبرا، بەزۆرتری دەنگ پەسەندکردنی فەیسەڵی بەشای عێراق دایە دواوە و ڕەتی کردەوە، لە کاتێکدا کە ناوچەکانی تری کوردەواری بەتایبەتیش ناوچەی سلێمانی هەر



لە بنەڕەتەوە بەشداریان لە ڕاگیرییەکەدا نەکرد. کەرکووکیش، پاش ماوەیەک لەوە کە (کۆمەڵی گەلان) لیژنەیەکی نارد بۆ پەیجۆری ڕاستی لە ویلایەتی مووسڵدا، بوو بە بەشێک لە مەملەکەتی عێراق. ئەوەبوو پاش ئەم پەیجۆرە کۆمەڵی گەلان لە کۆبوونەوەی سی و حەوتەمی خۆیدا کە لە ١٦/١٢/١٩٢٤ دا لەژنێڤ بەستی، بڕیارێکی دەرکرد بەپێی ئەو بڕیارە هەموو خاکی باشووری هێڵی (هێڵی بڕۆکسل)ی بەناوبانگی دا بەدەوڵەتی نوێی عێراق. بەم جۆرە کەرکووک پاش جێبەجێکردنی بڕیاری ناوبراوی (کۆمەڵی گەلان) بوو بەبەشێک لە عێراق[٢٤].

ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلام لە بارەی نەتەوەیی ناوچەی کەرکووک و وەزعی تورکمان لە کەرکووکیشەوە دەدوێ و دەڵێ: «تورکمانەکان کە لە چەند گوندێک دادەنیشن، سەر بەڕێبازێکی نهێنکارانەی ئەهلی بیدعەتن (کە قزڵباشییە)». پاشان هێما بۆ بوونی تورکمان لە کەرکووک و مێژووی بوونیان لەو شارەدا دەکا و دەڵێ: «بوونی ڕاگوزەری تورکمان لە کەرکووک و بنەڕەتی ئەم بوونەیان لەناو زۆرینەیەکی کورددا، لای هەندێک دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی پێش لە داگیرکردنی شارەکە لە لایەن سوڵتانەکانی عوسمانییەوە. کەواتە دەبێ لەو جێگایانەدا کە خەلیفەی عەباسی لە سەدەی سێیەمی کۆچی/ نۆیەمی زایینییەوە داینابوون، یا لە کۆچی سەلجووقییەکان و بەکتییەکان و ئەتابەکییەکانی هەولێردا، بۆ ئەمە بگەڕێن. ڕای هەرکەس لەبارەی هاتنی ئەمانەوە هەرچۆن بێ، پشتگیرییەکی بەردەوامیان بۆ ئەمپراتۆریی عوسمانی و کولتووری عوسمانی پێشکێش کرد و سەرچاوەیەکی بەپیتی فەرمانبەر بۆ پەیداکردنیان بوون[٢٥].

لەبارەی باری بەڕێوەبەرێتییشەوە لەم ناوچەیەدا لە ماوەی دوایی حوکمڕانی عوسمانییەکاندا، لەم ئەنسیکلۆپیدیایەدا گوتراوە: «کەرکووک لە سەدەی هەژدەهەمدا مەڵبەندی ئەیالەتی (شارەزوور) بووە کە سێ لیوای تازەی کەرکووک و سلێمانی و هەولێری گرتووەتەوە. ئەنجا ناوی

(شارەزوور) لە سەنجەقی کەرکووک نرا و لیوای کەرکووکیشی خرایە پاڵ، لە کاتێکدا کە شارەزووری مێژوویی (واتە سلێمانی) لە دەرەوەی ئەم سەنجەقە تازەوە مایەوە. لە ساڵی ١٨٧٩دا ویلایەتی مووسڵ پێکەوە نراو کەرکووک هەروەک شارێکی پڕپایەخی سوپایی مایەوە». جا دەڵێ: ویلایەتی مووسڵی عوسمانی «لە سێ سەنجەق یان سێ لیوا پێکدەهات کە مووسڵ و کەرکووک و سلێمانین. لە ساڵی ١٩١٨یشدا سێ قەزا لە باکووری ڕووباری زێی گچکەوە لە کەرکووک جوێ کرانەوە تا لیوای هەولێریان لێ پێک بێ»٢٦.

پاش پێکەوەنانی دەوڵەتی عێراقیش لە ساڵی ١٩٢١دا کە ویلایەتی مووسڵی لە ١٩٢٥دا خرایە پاڵ، کەرکووک بوو بەلیوا (ئوستان/ پارێزگا)یەکی چوار قەزایی کە قەزای مەرکەزی کەرکووک و کفری و چەمچەماڵ و گل بوون. لەمەوە کە ڕابوورد دەتوانین بگەینە ئەم ئەنجامەی کەوا هۆی سەرەکی نیشتەجێ بوونی تورکمان لە ناوچەی کەرکووک دەگەڕێتەوە بۆ داگیرکردنی جار لەپاش جاری ئەم ناوچەیە تێکڕا و بۆ ماوەی چەند سەدەیەک لەلایەن هەردوو دەوڵەتی ناکۆک و لەگەڵ یەک شەڕکەری سەفەوی و عوسمانی لە پێش ئەمانیشەوە (ئاق قۆنیلو) و (قەرەقۆنیلو) کە هەردووک هەوڵیان داوە کۆمەڵانێ لە ڕەعیەتی خۆیان لە شار و شارۆچکەکانی ئەمبەر و ئەوبەری هێڵی پێوەندی و کاروانی بازرگانیی نێوان ئەنەدۆڵ و ئێران لەم ناوچەیەدا نیشتەجێ بکەن. ئەوەی پشتی ئەم باری سەرنجی ئێمەیە دەگرێ ئەوەتە **کۆمەڵە تورکمانی تر لە دەرەوەی ئەم شار و شارۆچکانەی سەر ئەم هێڵە نین**. ئەو قسەیەیش کە دەڵێ: «ئەم ناوچانە- واتە ئەم ناوچانەی نێوان تەلەعفەر و مەندەلی - لە سەدان ساڵ لەوەوپێشەوە تورکمانیان تێدا نیشتەجێ بوون و، تاقە لێکدانەوەیەکی هۆی دانیشتنی ئەم تورکمانانە لەم ناوچانەدا ئەوەتە کە بەدڵ ئارەزوویان لەوە بووە شوێنی وا بۆ دانیشتن بۆخۆیان هەڵبژێرن لەگەڵ ئارەزووی دڵیان بگونجێ». ئەوە نە قەواڵەیەکی مێژوویی هەیە پشتی



بگرێ و نەبەڵگەیەکی ئەقڵ گرتوو. ئەقڵ نایبڕێ ئەو کوردانەی بەر لەوەی سەلجووقییەکان و ماغۆڵەکان ئەم ناوچانە داگیر بکەن تیایاندا نیشتەجێ بوون، دەسبەرداری زەویوزاری خۆیان بووبن بۆ پاشماوەکانی ئەو داگیرکەرانە هەر لەبەر ئەوە کە «ئەوان حەزیان لەو زەویوزارانە بووە و لەگەڵ ئارەزووی دڵیان گونجاوە، چونکە ئەوەی ئەیزانین ئەوەتە تورکمان حەزیان لە دانیشتنی شوێنی تەختانی بەپیتی وایە تاڕادەیەک ئاوی فرە بێ»٢٧.

چاوگێڕانێکی بەپەلە بەو کۆمەڵە تورکمانانەدا کە لە شار و شارۆچکەکانی ئەمبەر و ئەوبەری هێڵی باسکراوی هاتووچۆ و بازرگانیدا دەژین، سروشتی ئەم کۆمەڵانە و ئەو شوێنانەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە کە لێیانەوە هاتوون. کەمتر لە نیوەی ئەو تورکمانانەی لەم شار و شارۆچکانەدا جێگیر بوون شیعەی قزڵباشن کە سەفەوییەکانیش هەروا شیعەی قزڵباش بوون. بەشێکی تریان سوننیی حەنەفین کە ڕێبازی ڕەسمیی دەوڵەتی عوسمانییش هەر حەنەفی بووە. کوردەکانی ناوچەکەیش زۆربەی زۆریان سوننیی شافیعی مەزهەبن. هەروا سەرنج دەدرێ کەوا تورکمانە شیعەکان دابونەریت و ڕاوڕەسمێکی تایبەتیی خۆیانیان هەیە جوێیە لە هیی تورکمانە سوننییەکان. هەروا هەرکامیان دیالێکتێکی تایبەتیی خۆیانیان هەیە. ئەو دیالێکتە تورکمانە شیعەکان پێی دەدوێن، بەلای ئازەریدا دەچێ کە زمانی خەڵکی ئازەربایجانە. دەیشتوانین بەکورتی ئەم سەرنجانەی خوارەوە لە بارەی کەمایەتیی تورکمانەوە کە لەم ناوچەیەدا هەن، بەسوننی و شیعەیانەوە، دەربڕین.

**یەکەم - خەمڵی ژمارەی تورکمان لە عێراقدا:**

ئەو خەملانەی لەبارەی ژمارەی تورکمانەوە لە عێراقی ساڵانی بیست و سیدا بڵاوکراونەتەوە، لە نێوان ٢,١٪ و ٢,٤ی تێکڕای دانیشتوانی هەموو عێراقدا دێن و دەچن٢٨. دەزگاکانی ئینگلیز کە حوکمی

ڕاستەوخۆی کوردستانیان دەکرد لە نێوان ساڵانی ١٩١٨ تاکو ١٩٢٥، بەم جۆرەی خوارەوە ژمارەی دانیشتوانی هەر سێ (لیوا)ی ئەو سەردەمەی کوردستانیان خەملاندبوو:

| لیوا | هەولێر | کەرکوک | سلێمانی |
|---|---|---|---|
| عەرەب | ٥١٠٠ | ١٠٠٠٠ | -- |
| تورک | ١٥٠٠٠ | ٣٥٠٠٠ | ١٠٠٠ |
| کورد | ٧٧٠٠٠ | ٧٥٠٠٠ | ١٥٢٠٠٠ |
| سەرجەم | ٩٧١٠٠ | ٩٠٠٠٠ | ١٥٣٩٠٠ |
| کلدانییەکان | ٤١٠٠ | ٦٠٠ | ١٠٠ |
| جووەکان | ٤٨٠٠ | ١٤٠٠ | ١٠٠٠ |
| تێکڕا هەموویان | ١٠٦٠٠٠ | ٩٢٠٠٠ | ١٥٥٠٠٠ |

تورکمان لەسەر ژمێرییەکەی ساڵی ١٩٥٧ی عێراقدا ئەو ڕادەیەی پێشەوەی خۆیانیان بەزیادییەکی کەمەوە ڕاگرت و ٢,١٦ ٪ی تێکڕای دانیشتووانی عێراقیان لێ دەرچوو[٢٩]. بەڵام ئەم ڕادەیە لە سەرژمێرییەکانی لەوەوپاشدا کەمتر بووەوە چونکە لەم سەرژمێرییانەی دواییدا بەدەسەنقەست ڕەچەڵەکی نەتەوەییان پشتگوێ خرا و زۆریان لێ بەعەرەب درانە قەڵەم. بۆیە لە سەرژمێرەکەی ١٩٧٧دا بوون بە ١,١٥ ٪ی تێکڕای دانیشتووانی عێراق[٣٠]. ئەم ژمارە کەم کردنەوەیە تورکمانەکانی پارێزگای کەرکووک و ئەو پارێزگایانەی تریشی گرتەوە کە تیایاندا دادەنیشن و بەتایبەتی پارێزگای نەینەوا (موسڵ).

ئەوەبوو پاش ئەوەی لە سەرژمێرییەکەی ١٩٥٧دا ڕادەیان دەگەیشتە ٢١,٤ ٪ی هەموو دانیشتووانی پارێزگای کەرکووک[٣١]، لە سەرژمێرییەکەی ١٩٧٧دا هاتە خوارەوە بۆ ١٦,٧٥ ٪یان و، لە پارێزگای



مووسڵیشدا هەروا و لە ٤,٨ ٪ی دانیشتووانی سەرژمێرەکەی ١٩٥٧ەوە ژمارەیان لە سەرژمێرییەکەی ١٩٧٧دا بوو بە ٠,٠٩٩ ٪[٣٢]. هەموو ئەمەیش بەئاشکرا ئەوە دەردەخاکە ئەو سیاسەتی بەعەرەب کردنەی ڕژێم لەم ساڵانەی دواییدا بەرانبەر بەدانیشتووە ناعەرەبەکان و بەتایبەتی بەرانبەر بەکورد و تورکمان بەکاری دێنێ، چ سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستانەیە!

**دووەم - دابەش بوونی جیۆگرافیایی تورکمانەکان بەپێی مەزەب:**

کە سەرنج دەدەین دەبینین زۆرتری تورکمانە سوننییەکان لەناو شاری کەرکووک دادەنیشن[٣٣]. تورکمانە شیعەکانیش زۆرتریان لەو شارۆچکانەدا دەژین کە زیاتر مەڵبەندی قەزا و ناحییەکانی پارێزگاکەن و لە چەند گوندێکی زۆر کەمی نزیک هەندێ لەو شارۆچکانەدا.

تورکمانی سوننی لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان و لە شارۆچکەی پردێ (ئاڵتوون کۆپری) و کفرییش دەژین کە دەکەونە بەر پارێزگای کەرکووک، بەڵام لەم شوێنانەدا لە کەرکووک کەمترن. بەپێی سەرژمێرییەکەی ١٩٥٧ تورکمانی هەولێر کەمتر لە ٥ ٪ی تێکڕای دانیشتووانی شارەکە بوون. لە سەرژمێرییەکانی لەوەوپاشدا ئەم ڕادەیە زیاد و کەمی کردووە. ئەوەتا لە کاتێکدا بەپێی سەرژمێرەکەی ١٩٦٥، (٦ ٪)ی دانیشتووانی پارێزگاکەیان لێ پێکدەهات، لە سەرژمێرەکەی ١٩٧٧دا بوو بە ١,٦٨ ٪ی دانیشتووان.

لە کفرییش هەر هەمان شت ڕووی دا. لە کاتێکدا لە سەرژمێرییەکەی ١٩٦٥دا ژمارەی تورکمانی کفری نزیکەی ٧,٧ ٪ی تێکڕای دانیشتووان بوو، لە سەرژمێرییەکەی ١٩٧٧دا هاتە خوارەوە بۆ ٥,٧ ٪ی دانیشتوان[٣٤]. لە پردێ (ئاڵتوون کۆپری)یش کە مەڵبەندی ناحیەیەکی سەر بەقەزای مەرکەزی کەرکووکە، ژمارەیەکی کەمی تورکمانی سوننی هەن، تورکمانی سوننی بەشی زۆری دێهاتی (یایچی) و (تۆپزاوە) و

(بلاوه)ی نزیکی کەرکووک پێکدێنن. لەم دواییەیشدا، پاش ئەوەی سنووری شارەوانیی کەرکووک فراوانتر کرایەوە، (بلاوه)یش بوو بەبەشێ لەم شارە.

تورکمانی شیعەیش بەشی زۆریان لە مەرکەزەکانی قەزا و ناحییەکانی پارێزگاکەدا و لە ژمارەیەکی زۆر کەمی دێهاتی نزیکی ئەو شارۆچکە و گەورەدێیانەدا دەژین وەک دێی (تسن)ی نزیکی کەرکووک کە ناوەکەیان گۆڕیوە و کردوویان بە(تسعین) و، پاشانیش بوو بەبەشێ لە کەرکووک هەروەها لە گەورە دێی (لەیلان)یش دەژین کە مەڵبەندی ناحیەیەکە و دەکەوێتە ٢٠ کلیۆمەتری باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکووکەوە. لە شارۆچکەی (تازە خورماتوو)یش هەن کە ئێستا مەڵبەندی ناحیەیەکە لە دە کیلۆمەترێ لە باشووری شاری کەرکووکەوە لە نزیک شاڕێی نێوان کەرکووک و بەغداوە، لە هەندێ گوندی سەر بەم ناحیەیەیش. زۆرینەیەکی تورکمانی شیعە لە شارۆچکەی (داقووق- تاوغ)یش هەن کە ٣٠ کیلۆمەترێ دەکەوێتە باشووری کەرکووکەوە لەسەر شاڕێی گشتیی نێوان کەرکووک و بەغدا. تێکڕای دانیشتووانی ئەم شارە لە سەرژمێرییەکەی ١٩٥٧دا ١٩٢٦ کەس بوون کە زۆرترینیان تورکمانی شیعە بوون.

تورکمانی شیعە لە شارۆچکەی (دووز خورماتوو)یش هەن و، ئێستا نزیکەی سێ یەکی دانیشتووانی ئەم شارۆچکەیە پێکدێنن. ئەم شارۆچکەیە کراوە بەمەڵبەندی ئەو قەزایەی لەگەڵ زۆرتری ناحیە و گوندەکانی لەساڵی ١٩٧٦ لەلایەن ڕژێمەوە خرانە سەر پارێزگای سەلاحەدین (تکریت)، هەرچەندیش زۆر لێیەوە دوورن، هەر بۆ ئەوەی لە پارێزگای کەرکووکیان داماڵن و، مەبەستیش لەمە جێبەجێ کردنی بەشێکی سیاسەتەکەی ڕژێم بوو کە لەسەر بنەمای کەم کردنەوەی ڕادەی دانیشتووانی کورد لە پارێزگای کەرکووک و دابەشکردنی کوردەکان بەسەر پارێزگاکانی تری دراوسێیدا دانراوە.

ناحیەی (سلێمان بەگ) و (ئامەرلی) کە تازە لەلایەن ڕژێمەوە دروست



کراون، هەر سەر بەقەزای دووزخورماتوون. (بەیات)ی بە بەڕەچەڵەک موغۆلی تیادا دەژین و، بەهۆی تێکەڵاو بوونیانەوە لەگەڵ عەشیرەتە عەرەبەکانی باشووری چیای (حەمرین) زۆریان زمانی ڕەسەنی خۆیانیان لەبیر چووەتەوە.

تورکمانی شیعە هەروا لە گەورەدێی (قەرەتەپە)یش هەن کە سەر بەقەزای کفرییە و مەڵبەندی ناحیەیەکە و کۆمەڵێ دێهاتی کورد و عەرەب سەر بەوێن.

**سێهەم - کار و پیشەی تورکمانەکان:**

کار و پیشەی بەشی زۆری تورکمانە شیعەکان لە بنەڕەتدا کشتوکاڵ و ئەنجا بازرگانی و هەندێ پیشەی دەستییە لەو شارۆچکە و گەورە دێیانەدا تیایاندا دەژین. دەسەڵات بەدەستانی عوسمانی هیچ بایەخێکیان بەم تورکمانە شیعانە نەدەدا، لەبەر ئەوە مەیدانی کارکردنیان لە وەزیفەی دەوڵەتدا بۆ بەرەڵڵا نەبوو، بۆیە پلەی ژیانیان هەمیشە لە پلەی ژیانی تورکمانە سوننییەکان نزمتر بوو. لەمەدا وەک کورد وابوون، هەرچەند کوردەکان سوننیشن. ئەمیش بەپێچەوانەی تورکمانە سوننییەکانەوە کە لەمەوپێشیش گوزەرانیان لە خەڵکی تر خۆشتر بووە و ئێستایش هەر خۆشترە. ئەمەو، ئەوەیش کە ئەو تورکمانە سوننییانەی لە شارەکاندا دەژین، هەلی ئەوەیان بۆ ڕەخساندوون بتوانن بەمناڵیان بخوێنن کە جاران قوتابخانە تەنها لە شارە گەورەکاندا هەبوو. زۆرتری وەزیفە دەوڵەتییەکان، چ لە سەردەمی عوسمانی و چ لە عێراقی پاشایەتی و عێراقی کۆماریدا، هەر بەدەست تورکمانە سوننییەکانەوە بوون، بەڵام کە ڕژێم لە سەرەتای ساڵەکانی هەشتاوە کەوتە پاوانکردنی وەزیفەکانی دەوڵەت لە شاری کەرکووک و پارێزگای کەرکووکدا بۆ تەنها عەرەب، زۆر لەمانی گواستەوە بۆ پارێزگاکانی تر. لەگەڵ ئەوەیش تورکمانە سوننییەکان هێشتا هەر دەستیان بەسەر بازرگانی و بازاڕەکانی ناو شاری کەرکووک و هەندێ

شارۆچکەی پارێزگاکەدا گرتووە. ئەمانە جاران وەزیفەی بەرز بەرزیشیان لە کۆمپانیای نەوتی عێراق (I.P.C)دا بەدەستەوە بوو کە نەوتی لە چاڵە نەوتەکانی کەرکوک هەڵدەگۆست، بەپێچەوانەی کوردەوە کە بەرلەوەی ورده ورده دەست بکرێ بە دەرکردنیان لە ئیشەکانیان، تەنیا وەزیفەی بچووکیان لە دەزگاکانی ئەو کۆمپانییەدا پێ دەسپاردن. خۆماڵی کردنی کۆمپانیای نەوتی عێراق و کۆمپانیاکانی تری نەوت کە لە عێراق کاریان دەکرد، لە سەرەتای حوزەیرانی ١٩٧٢دا، بووە مایەی پەلەکردن لە دەرکردنی کاربەدەستان و کرێکارانی کورد لەو کۆمپانیایە و، پاشتریش سەرە هاتە سەر بەشی زۆری تورکمانەکان.

**چوارەم – گۆڕانی شناسنامەی نەتەوەیی هەندێ کورد و عەرەب و تورکمان:**

بەهۆی ئەوەوە کە تورکمانە سوننییەکان لە هەردوو چەرخی عوسمانی و عێراقیدا زۆرتری وەزیفەکانی دەوڵەتیان بەدەستەوە بوو و دەستیان بەسەر بازرگانیی کەرکوکدا گرتبوو، شناسنامەی نەتەوەیی هەندێ لەو خێزانە کوردانە گۆڕا کە چاویان بڕیبووە وەزیفەی دەوڵەتیی، یا حەزیان لێ بوو دەورێکی دیاریان لە بازرگانی کردندا هەبێ. ئەم دیاردەیە هەر لە سەردەمی عوسمانییەوە دەستی پێ کردووە و، لە سەردەمی پاشایەتییشدا هەر بەردەوام بووە، چونکە تورکمانە سوننییەکان وەزیفەکانی دەوڵەتیان وەک جاران هەر بەدەستەوە بوو و لە رووی ئابوورییەوە باڵی خۆیان بەسەر شارەکەدا کێشابوو. بۆیە بەشێ لە کوردەکان ئەوەیان دەرنەدەبڕی کە کوردن یا لە سەرژمێرییە ڕەسمییەکانی دەوڵەتدا ناوی خۆیان بەتورکمان دەنووسی، بەتایبەتی ئەوانەیان لە گەڕەکە تورکمانەکانی شارەکەدا دەژیان. ژن و ژنخوازی نێوان تورکمان و ئەو کوردانەیش کە لە لادێ کوردەکانەوە کۆچیان دەکردە ناو شار و تیایدا جێگیر دەبوون، زیاتر پەرەی بەسەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە دەدا و گەشەی پێ دەکرد. ژمارەیەک لە پیرە پیاوەکانی کەرکوک بەجەختەوە باسی ئەوە دەکەن کە بنەچەی زۆر لە



تورکمانەکان، تەنانەت لە پیاوماقووڵەکانیشیان، کوردە، چونکە لەناو خێڵە کوردەکانەوە هاتوونە کەرکوک، لەوانە بنەماڵەی یەعقووبی کە لە بنەڕەتدا زەنگەنەن.

هەمان دیاردە لە هەندێ خێزانی عەرەبیش ڕوویداوە کە گواستوویانەتەوە کەرکوک و تیایدا نیشتەجێ بوون بۆ ئەوەی کارێکی تێدا پەیدا بکەن بۆ خۆیان، بەتایبەتی لە کۆمپانیای نەوتدا. بۆ نموونە هەندێ خێزان لە عەرەبی شاری تکریتەوە هاتوون و لە گەڕەکەکانی تورکمانەکاندا نیشتەجێ بوون و تورکمانی بووە بەزمانیان. هەمان گۆڕان لە هەندێ خێزانی تری عەرەبیش ڕوویداوە کە بەهەمان مەبەست لە مووسڵەوە هاتوونەتە کەرکوک. ئەم خێزانە بەڕەچەڵەک عەرەبانە، لەوەوپاش ڕۆڵێکی دیاریان لە یارمەتیدانی ڕژێمدا بۆ بەعەرەبکردنی کەرکوک گێڕا و زۆرترینی کوڕەکانیان چوونە ناو پارتیی بەعسەوە و وەزیفە کاریگەرەکانی کەرکوکیان پێ سپێررا. یەکەمین سەرەک شارەوانیی عەرەب لە کەرکوک دانرابێ، مەزهەر تکریتی بوو کە لە ساڵی ١٩٦٩دا کرا بەسەرەکی شارەوانی. لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ پایەی سەرەک شارەوانیی کەرکوک پاوەن کراوە بۆ عەرەب.

مەسەلەی خۆ بەتورکمان کردنی کورد و عەرەب لە کەرکوک، لەو ڕۆژەوە کە پارتیی بەعس دەستی بەسەر حوکمڕانیدا گرتووەتەوە، پێچێکی تری کردووەتەوە. ئەوەتا هەندێ لە کوردەکان و لە تورکمانەکان خۆیان کردووە بەعەرەب تا کۆچ و باریان پێ نەکرێ، یا وەزیفەیان لە دەست دەرنەچێ، یا بەوەزیفەکانیانەوە نەگوێزرێنەوە بۆ پارێزگای تر، یا بەرژەوەند و پرۆژە ئابوورییەکانیان بپارێزن، یا... تاد.

**پێنجەم- وەزعی شاری کەرکوک لە هەردوو چەرخی عوسمانیی و پاشایەتیدا:**

پێشتر هێمامان بۆ ئەوە کرد کە عوسمانییەکان سیاسەتی هاندانی تورکمان و خێزانە تورکەکانیان گرتبووە بەر کە بێن لە ناوچەی کەرکوک نیشتەجێ بن و، بۆ ئەم مەبەستە وەزیفەی دەوڵەتییان دەدانێ و لەگەلێ

ڕووەوە هەڵیان دەویردن. لەم بارەوە ئەوەندە بەسە بۆ نموونە هێما بۆ ئەوە بکەین کە هەڵاوێردەیی دەرهێنانی نەوتیان لە ناوچەی بابەگوڕگوڕی نزیکی کەرکووک دابوو بەبنەماڵەی (نەفتچی زادە) کە بنەماڵەیەکی تورکن تا ئەوان نەوتەکە بفرۆشن بەخەڵک و لە ناوخۆدا بەکار بهێنرێ. بەڵام عوسمانییەکان هەوڵی ئەوەیان نەدەدا کورد لە کەرکووک دەرکەن و نکوولّیان لە مۆرکی نەتەوەیی تایبەت بەشارەکەوە نەبوو کە بنەماکەی ئەوەیە کورد و تورکمانی شان بەشانی ڕۆڵەی قەومەکانی تر پێکەوە تێیدا دەژین. بۆیە، پایەی سەرەکی شارەوانییان کە پایەیەکی بەگوێرەی عادەت کاریگەرە بەکەسێ دەدرێ نومایندەی زۆرینەی خەڵکی شارەکە بێ، بەکورد یا بەتورکمان دەدا. ڕژێمی پاشایەتیی عێراقیش، تێکڕا هەر لەسەر ئەم سیاسەتە دەڕۆیی و پایەی بەڕێوەبەریی و سوپاییە سەرەکییەکانی وەک موتەسەڕیفیی و سەرکردەیی فیرقەی، بۆ نموونە، زیاتر بەعەرەب و جاروباریش بەکورد دەدا. لەناو ئەو پیاوە سەر بەدەرەوە کوردانەدا کە پایەی موتەسەڕیفیی لیوایان دراوەتێ ناوی سەعید قەزاز و ڕەشید نەجیب و مستەفا قەرەداغی دێنین، هەروا لەناو ئەو کوردانەدا کە پایەی سەرکردەیی فیرقەی دوویان دراوەتێ کە مەڵبەندەکەی لە کەرکووک بوو، ناوی فەریق ڕوکن بەکر سیدقی سەرکردەی کودەتاکەی ساڵی ١٩٣٦ی عێراق و لیوا ساڵح زەکی تۆفیق دێنین.

جاروباریش پایەی موتەسەڕیفیی دراوە بەهەندێ پیاوی سەر بەدەرەوەی تورکمان وەک مەجید یەعقووبی. هەروا جاروباریش پایەی سەرکردەیی فیرقەی دوویان دراوەتێ وەک بەلیوا خەلیل زەکی و لیوا مستەفا ڕاغیب درا. پایەی سەرەکیی شارەوانییش زۆرتر بەکورد و جاروباریش بەتورکمان دراوە[٣٥]. لەگەڵ ئەمەیشدا زۆرتری وەزارەتەکانی عێراق لە چەرخی پاشایەتیدا هانی عەرەبیان دەدا بێن لە کەرکووک نیشتەجێ بن. پاشان وەزارەتی یاسین هاشمی پلانێکی بۆ نیشتەجێکردنی عەشەرەتی (عوبێد)ی عەرەب لە ناوچەی (حەویجە) دانا وەک لەمەوپاش هێما بۆ



ئەمەیش دەکەین. شایانی باسکردنیشە کە ٢/٣ی نوێنەرانی لیوای پارێزگای کەرکووک لە ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی عێراق بەدرێژایی سەردەمی پاشایەتی کورد بوونە و سێیەکەکەی تریان لە تورکمان و عەرەبەکان دەبوون کە ئەوەیش بەڕاستی گوزارشتی لە پێکهێنانی نەتەوەیی ئەم لیوایە دەکرد لەپێش دەستپێکردنی سیاسەتی ڕاگوێزانی کورد لە ناوچەکە و نیشتەجێکردنی عەرەب لە شوێنیاندا لەلایەن ڕژێمەکانی عێراق لە شەستەکانەوە.

**شەشەم: پێوەندی نێوان هەردوو تایفەی تورکمانی سوننی و شیعە:**

پێوەندی نێوان تورکمانی سوننی و شیعە تێکڕا تا نزیکەی دواساڵەکانی پەنجا ساردوسڕ بووە، ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر کام لەم دوو تایەفەیە دابونەریتی تایبەتیی خۆی هەیە و دیالێکتی تورکمانیی هەر کامیان لە هیی ئەوەیان جیایە، بەڵام هۆی سەرەکیی ئەم لێک دوورییەی ئەم دوو لایەنە، لەمەوپێشیش و ئێستاش، هەر ئەوە بووە و هەر ئەوەیە کە مەزەبیان لێک جیایە و، هەر ئەمەیشە ڕێی نەداوە ژن و ژنخواز لەنێوانیاندا پەیدا ببێ. وەک سەرنج دەدرێ یەکێ لەو دابونەریتانەی تایبەت بەتورکمانی شیعەن، ئەوەیە پیاوەکانیان و بەتایبەتی پیاوە پیرەکانیان بەر سمێڵ ناکەن. هەروەک سەرنج دەدرێ تورکمانی شیعە بە بەپیرۆز زانینێکی تایبەتییەوە دەڕواننە ئیمام عەلیی کوڕی ئەبووتالیب نزیکە لەو چاوەی هەندێ لە تاقمە شیعە سەرچڵەکانی ئێران پێی دەڕواننێ وەک تاقمی (عەلیەڵلایی). پێوەندی تورکمانی شیعە، لەبەر سەرچڵی و خۆخۆیەتی و خۆ لە خەڵکی تر دوورەپەرێز گرتنیان، لەگەڵ سەرچاوە ئایینییەکانی نەجەفی پیرۆزیش هەر ساردوسڕ بووە، بەڵام لە ساڵانی ناوەڕاستی پەنجاکانەوە هەندێ ئاخوون لە نەجەفەوە هاتوونەتە لایان و بەسەریان کردوونەتەوە و ئامۆژگاریی و ڕێ بەدێیان کردوون، بەتایبەتی لەو ڕۆژانەدا کە شیعە پێوەندێکی تایبەتییان پێیانەوە هەیە، وەکو ڕۆژانی مانگی (موحەڕڕەم).

## حەوتەم - ڕووی سیاسیی تورکمانەکان لە کوێیە؟

لە مەیدانی سیاسیی تورکمانەکاندا چەند ڕێکخراوێکی جیاجیای سیاسی کار دەکەن. تورکمانە سوننییەکان وایان پێ باشتر بووە کوڕانی خۆیان بنێرنە تورکیا تا خوێندن لە زانکۆکانی ئەوێدا تەواو بکەن. لە ئەنجامی ئەمەوە زۆریان بەڵگەنامەی خوێندنی زانکۆیان، لە زۆر بەشی پسپۆریدا، لە تورکیا وەدەست هێنا و زۆریان پاش گەڕانەوەیان لە تورکیا، چالاکانە کەوتنە بانگ هەڵێشتن بۆ (تورکمانیزم) و (تورکیزم) و، گەلێ لەو لاوانەی ئێستا سەرکردایەتیی هەندێ لە پارتییە نەتەوەییەکانی تورکمانەکان دەکەن لەمانەن. تێکڕا تورکمانی سوننی لە عێراق حەزیان لەلای ڕاست ڕەویی و بانگ بۆ هاوکاری لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵە کۆن پارێز [محافظ]ەکان دەکەن و، ئەمە لە هەموو ئەو چەرخانەدا بەسەر عێراقدا ڕابووردوون هەروا بووە. بەڵام تورکمانی شیعە جاران لاوەکانیان مەیلیان بەلای چەپدا بوو. هەر بۆیەیش پارتیی کۆمۆنیستی عێراق هەر لە سەردەمی پاشایەتییەوە توانی چەند شانەیەکی پارتییان لەناودا پێکەوە بنێ و بەتایبەتی لە دوو شارۆچکەی (قەرەتەپە) و (دووزخورماتو/تووز).

دەتوانین بەشێوەیەکی تێکڕایی بڵێین تورکمانی سوننی دڵیان بۆ لای تورکیا و بۆ سەردەمی عوسمانی لێ دەدا، لە کاتێکدا کە زۆرینەی تورکمانە شیعەکان لەو کاتەوە کە ڕژێمی شای ئێران ڕووخاوە و ئاخووندەکان چوونەتە سەر کورسیی حوکمڕانی لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٩ەوە، مەیلیان بۆ لای ئێرانە[٣٦]. ئەو حزبە تورکمانییانەی ئێستا هەن بیروباوەڕی نەتەوەییان هەیە و ژمارەیەک خوێندەوار کە هەندێکیان لە کوردستانی عێراق و ئەوانی تر لە دەرەوەی عێراق بەتایبەتی لە تورکیا و ئێران دەژین سەرکردایەتییان دەکەن.

حکوومەتی تورکیا و کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکایش پشتیوانی لەم داواکارییانەی تورکمانەکان دەکەن، وەکو لە کۆبوونەوەکانی نێوان دەسەڵاتدارانی هەردوو حکوومەتی تورکیا و ئەمریکا لە (ئەنقەرە) و (واشنتۆن)، لە مانگی ئەیلوولی ١٩٩٦دا، ئاشکرا کراوە.



## هەشتەم - پێوەندیی نێوان کورد و تورکمان لە ناوچەکەدا:

لە ئەنجامی ئەوەوە کە عوسمانییەکان لەسەر ئەو سیاسەتە دەڕۆیشتن کە تورکمانە سوننییەکان لە کورد و لە تورکمانی شیعە پێش بخەن لەوەدا کە وەزیفە بەڕێوەبەرێتییەکانیان بدەنە دەست یا هەلی لەباریان بۆ هەڵخەن بۆ ئەوەی دەست بەسەر بازرگانیدا بگرن، هەستی ڕقوکینە لە دڵی کوردەکان و تورکمانە شیعەکاندا پەیدا ببوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مێژوو قەت ئەوەی بەخۆیەوە نەدیوە شەڕێکی خوێناوی لە نێوان ئەم دوو بەرەیەدا ڕووبدا، لەو هەرا خوێناوییە بەولاوە کە لە کاتی ئاهەنگ گێڕانی بیرەوەریی یەکەمی شۆڕشی ١٤ی تەمووزدا لە کەرکووک ڕووی دا لە ساڵی ١٩٥٩دا، کە لەمەوپاش لە هۆیەکانی دەدوێین. ئەم هەرایە هەرایێ بوو دەسەڵات بەدەستانی عێراق خۆیان و هەندێ لایەنی تر ڕۆڵێکی سەرەکییان لە ئامادەکردنی هۆیەکانی ڕوودانیدا گێڕا لە ڕێگەی بزواندنی هەست و سۆزی خەڵکی ساویلکەی هەردوولا و داچاندنی تۆوی ناکۆکی و دووبەرەکی لە نێوانیان و هاندانی لایەکیان لە دژی لاکەی تریانەوە. مایەی داخە کەوا هەندێ کۆڕ و کۆمەڵ لە هەردوولا، بەم شێوە یان بەو شێوە، کاریان بۆ هاندانی لایەک دژی لایەکەی تر دەکرد. هۆی ئەمەش ئەوە بوو ئاسۆی بیری سیاسیی هەردوولا زۆر تەنگەلان بوو. ئەوەی پێویستە سەرکردە سیاسییەکانی ئێستای تورکمان ئاگایان لێ بێ ئەوەیە کە بەرژەوەندی هاونەتەوەکانیان لەوەدایە هەوڵ بۆ بەهێزکردنی گیانی برایەتیی نەتەوەیی لە نێوان ئەوان و کوردەکاندا بدەن، چونکە هەردوولا پێکەوە بەسەر ئەم پارچە زەویەوە دەژین کە بەمێژوو و بەجیۆگرافیا پێی دەوترێ (کوردستان). هەرچی بردنیانە بەرێییەکی تردا، ئەوە هیچ لەوە زیاتر ئەنجامی نابێ کە گیانی ناکۆکی و دووبەرەکیی لە نێوان هەردوولادا زیاتر پەرە پێ دەدا. سەرەنجامیش کەس لەوە سوود وەرناگرێ ئەو تاقمانە نەبن کە تۆوی دوژمنایەتی لەنێوان ئەم دوو لایەنەدا دادەچێنن و، مەبەستیان ئەوەیە لەپێشاندا بەهێزترەکەیان لەناو بەرن و جا بادەنەوە بۆ سەر ئەویشیان. ئەو تاقیکردنەوە تاڵ و سەختەی هەردوولا پیادا تێپەڕیون، بەهەموو ڕۆشنییەک، ئەم ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە.

## دەروازەی سێیەم:

## هەوڵ و تەقەلا بۆ بەعەرەب کردنی ناوچەی کەرکووک

پاش مۆرکردنی ئەو ڕێککەوتنی جەنگ وەستاندنەی بەجەنگ وەستاندنەکەی (مۆدرۆس MOUDROS) ناووبانگی دەرکردووە، هێزەکانی بەرتانیا لە ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨دا هاتنە ناو شاری کەرکووکەوە. سوپای بەریتانیا، کاتی خۆی، لە ١٧ی ئەیاری ١٩١٨دا، بەسەرکردایەتیی ژەنەڕاڵ (مارشاڵ) ئەم شارەی داگیرکردبوو، بەڵام لە ٢٧ی هەمان مانگدا چۆڵی کرد و پاشان لە دوادوایی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا، هەر کە پەیمانی جەنگ وەستاندنە ناوبراوەکەی مودرۆس مۆر کرا، گەڕایەوە بۆیی و داگیری کردەوە.

ئیتر هێزەکانی بەریتانیا هەر لە کەرکووک مانەوە و شارەکە ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەفسەرە سیاسییەکانیەوە بەڕێوە دەبرا. وادیارە دۆزینەوەی نەوتێکی فرە زۆر لەم ناوچەیەدا بووبوو بەهۆی ئەوەی گۆڕانێکی لە ڕەگ و ڕیشەوە لەبارەی مەسەلەی کورد بەگشتیی و ناوچەی کەرکووکەوە بەشێوەیەکی تایبەتی، بەسەر سیاسەتی بەریتانیادا بێت.

سیاسەتی بەریتانیا لەبارەی مەسەلەی کوردەوە، لە سەرەتادا بەپێی پێشنیهادی یەکێ لە ئەفسەرە سیاسییەکانی بوو کە کاپتن (نوئێل) بوو و پێشتر باکوور و باشووری هەموو ناوچەی کوردەواری گەڕابوو. پێشنیهادی ئەم ئەفسەرە سیاسییە ئەوە بوو دەوڵەتێکی کورد دانرێ لە باشووری کوردستانەوە بەرەو باکوور تا دەریاچەی (وان) بڕوا، واتە ١٥٥ کیلۆمەتر لە سنووری باکووری عێراقی ئێستا تێپەڕێ. پاشان ئەم سیاسەتە هاتە سەر ئەوە کە بەریتانیا بکەوێتە هەوڵ و تەقەلادان بۆ لکاندنی باشووری کوردستان (کوردستانی عێراقی ئێستا ) بە مەملەکەتی عێراقەوە[٣٧]. ئیتر لەوکاتەوە حکوومەتە یەک لەپاش یەکەکانی عێراقیش هەمیشە و بەهەموو



جۆرێ هەوڵیان داوە باری نەتەوەیی پارێزگای کەرکووک بگۆڕن. لە سەرەتادا بۆ ئەم مەبەستە کەڵکیان لە کۆمپانیای نەوت وەردەگرت کە کاتێ لە ١٩٢٥دا دەستی بەکار کرد هەموو ڕوویەکی بەڕێوەبردنی کاروباری بەریتانیایی ڕووت بوو[٣٨] بە بەکارهێنانی ژمارەی زۆری عەرەب و ئاشووری و ئەرمەن کە لە پارێزگاکانی ترەوە هێنابوویانن. ئەم کەڵک وەرگرتنەشیان لە کۆمپانیای نەوت بۆ گۆڕینی باری نەتەوەیی بەتایبەتی لەناو شاری کەرکووک و بەتێکڕایی لە پارێزگای کەرکووک و ناوچەی کوردەواریدا بوو بەسیاسەتێکی جێگرتووی هەموو ئەو ڕژێمانەی لەپاش کودەتای شوباتی ١٩٦٣وە، یەک لەدوای یەک، حوکمڕانییان کردووە بەسەر عێراقدا و بەتایبەتی لەپاش کودەتای دووەمی بەعسەوە لە تەمووز (یۆلیۆ)ی ١٩٦٨دا.

جا، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم هێرشە و ئەو هەنگاوانەی ناونی، قۆناغەکانی بەعەرەبکردنی ناوچەی کەرکووک بەسێ ماوە دابەش دەکەین کە بریتین لە:

١- ماوەی حوکمڕانیی پاشایەتی.

٢- ماوەی حوکمڕانیی یەکەمی کۆماری ١٩٥٨-١٩٦٨

٣- ماوەی حوکمڕانیی دووەمی کۆماری لە ١٩٦٨ەوە تا ئەمڕۆ.

### یەکەم- ماوەی حوکمڕانیی پاشایەتی:

ویلایەتی عوسمانیی مووسڵ کە ناوچەی کەرکووک بەشێکی سەرەکییەتی، لە ئاخر و ئۆخری ساڵی ١٩٢٥دا لکێنرا بەمەملەکەتی عێراقەوە. مەلیک فەیسەڵی یەکەم،پاش ئەوەی لە کانوونی یەکەم (دیسەمبەر)ی ١٩٢٤دا سەرێکی لە مووسڵ دا، بەمەبەستی هاندانی خەڵکی ناوچەی کەرکووک بۆ داواکردنی لکاندنی ناوچەکە بەدەوڵەتی نوێی عێراقەوە، سەرێکی لە کەرکووکیش دا. ئەم سەرلێدانەی ئەو کرا بەبۆنەیەک بۆ ئەوەی ئاڵای عێراق بۆ یەکەمجار، بەسەر خانووەکانی دائیرە ڕەسمییەکانی لیواکەدا، تێدا بەرز بکرێتەوە. بەڕێوەبەرێتیی ئەم لیوایە لەو

سەردەمەدا بەدەستی ئەفسەرە سیاسییەکانی بەریتانیاوە بوو. کاربەدەستە ناوخۆییەکانیش کە زۆرتریان تورکمانی سوننی بوون، لە کارەکانیاندا یارمەتییان دەدان. ئەمانە لەسەر وەزیفەکانی خۆیان مانەوە تا پاش نووساندنی لیواکەش بە مەملەکەتی عێراقەوە، بەڵام حکوومەتە یەک لەدوا یەکەکانی لەوەوپاشی عێراق کردیان بەعادەت پایە سەرەکییەکانی لیواکەیان وەک موتەسەرریفی (پارێزگاری) و سەرکردەیی فیرقەی دووی سوپایان، پاش ئەوەی کەرکووک کرا بەمەڵبەندی ئەم فیرقەیە، زۆرتر بەعەرەب دەسپارد. حکوومەتی عێراق، هەر لە سەرەتاوە، بەهاوکاری لەگەڵ کۆمپانیای نەوت کە لەکەرکووک کاری دەکرد، کەوتنە هەوڵدان بۆ هێنانی کرێکارێکی زۆر لە پارێزگاکانی ترەوە بۆ کار پێکردنیان لەو کۆمپانییە و پاشانیش نیشتەجێکردنیان لە شارەکەدا.

### ڕۆڵی کۆمپانیای نەوت لە گۆڕینی باری نەتەوەیی شارەکەدا

دۆزینەوەی نەوتێکی زۆر لە ناوچەی کەرکووک، هۆی سەرەکیی لکاندنی ئەم ناوچەیەی ویلایەتی عوسمانیی مووسڵ بوو بەدەوڵەتی نوێی عێراقەوە. نیشانەی بوونی نەوت لە ناوچەی (بابەگوڕگوڕ) هەر لە دێرزەمانەوە دیار بووە. سوپای عوسمانی لە ساڵی ١٦٣٩وە، بەهۆکاری سەرەتایی نەوتی لەم ناوچەیە هەڵدەگۆست و بۆ پێویستییەکانی ناوخۆ بەکار دەهێنرا، بەڵام هێنانە بەرهەمی ڕێکوپێکی چاڵە نەوتەکانی کەرکووک، لە مانگی ئادار (مارس)ی ١٩٢٥دا لەلایەن کۆمپانیای نەوتی تورکیاوە (T.P.C.) دەستی پێکرد کە لە ساڵی ١٩١٤دا پێکەوەنرابوو و مافی هێنانە بەرهەمی چاڵە نەوتییەکانی هەردوو ویلایەتی مووسڵ و بەغدای لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە درابوویە. بەر لەوەی ساڵی ١٩٢٥ ببڕێتەوە، کۆمپانیای ناوبراو کە بەریتانیا بەشێکی لە هەموان هەڵاوێردەتری تێیدا هەبوو، دەستی کرد بەلێکۆڵینەوەی جیۆلۆجی و ڕێگا بۆ ڕاکێشان و دروستکردنی هەندێ خانووبەرەی پێویست و لە سەرەتاوە



(٥٠) بەرتانیایی و (٢٥٠٠) عێراقی لەژێر دەستیدا خستەکار، کۆمپانیای ناوبراو لە ناوچەیەکی نزیک لە (دووزخورماتوو/ تووز) لە باشووری کەرکووک دەستی بەکار کرد. کاری چاڵە نەوت هەڵکەندن بەئاهەنگێکی گەورە لە نیسان(ئەپریل)ی ١٩٢٧دا دەستی پێکرا کە مەلیک فەیسەڵی یەکەم خۆی تێیدا ئامادەبوو. بۆ یەکەمین جار لە ٢٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٧دا نەوت لە چاڵە نەوتەکانی باوەگوڕگوڕی نزیکی کەرکووکەوە هەڵقوڵییە سەرەوە[٣٩]. لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٢٧ و ١٩٣١دا کاری سەرەکیی کۆمپانیای نەوت بریتی بوو لە چاڵ هەڵکەندن و لێکۆڵینەوەی جیۆلۆجی و ئامادەکردنی پێویستییەکانی تری وەک عەمار دروستکردن و وەرشەی کار و خانوو کردنەوە بۆ ئەوانەی لەوێ کار دەکەن بەتایبەتی بۆ بێگانەکانیان[٤٠]. پاشان ناوی کۆمپانیاکە گۆڕا بەکۆمپانیای نەوتی عێراق (I.P.C). ئەم کۆمپانیایە لە دەوروبەری ساڵی ١٩٣١دا توانیی زۆرتری خاکی باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق بهێنێتە بەرهەم. جا بەڕێوەبەرایەتیی کۆمپانی، بۆ یەکجاری، لە ناوچەی دووزخورماتووەوە گواستییەوە بۆ کەرکووک و، لە دوا دوایی ساڵی ١٩٣٤دا دەستیکرد بەناردنە دەرەوەی نەوتی کاڵ و لە ساڵی ١٩٣٥یشدا هێڵێکی جووت لوولەیی لە کەرکووکەوە کرایەوە بۆ گواستنەوەی نەوتی کاڵ لەوێوە بۆ بەندەری حەیفا و بەندەری تەرابلوس لەسەر کەناری دەریای سپیی ناوەڕاست. بەرهەمی ساڵانەی نەوت لە ساڵی ١٩٣٥دا گەیشتە نزیکەی ٤ ملیۆن تۆن و، ئەمە عێراقی لەناو دەوڵەتانی نەوت بەرهەمهێنەرەکاندا کرد بە هەشتەمینیان. پاشانیش وردە وردە بەرهەم هەر بەرەو پێشەوەتر دەچوو. زۆرتری نەوتی عێراق، تا ئێستاش، هەر لە ناوچەی کەرکووک دەهێنرێتە بەرهەم.

لە ئەنجامی دامەزراندنی سنعاتی نەوتی کەرکووکەوە گۆڕانێکی گەورە لەباری کۆمەڵایەتیی و ئەتنیی ئەم شارەدا پەیدا بوو. کۆمپانیای ناوبراو مووچەخۆر و کرێکاری زۆری خستە بەرکار کە زۆرتریانی لە دەرەوەی

ناوچەکەوە هێنا. بەهۆی ئەمەوە لە ماوەیەکی تاڕادەیەک کورتدا گەڕەکی نیمچە سەربەخۆ لەناو گەڕەکە کۆنەکانی کەرکووکدا پەیدابوون. هەروا گەڕەکی تایبەتی بۆ ئاشووری و ئەرمەن، بەتایبەتی لە ناوچەکانی نزیک دەزگاکانی کۆمپانیای نەوتەوە پەیدا بوون. ژمارەی کرێکاری کورد کە لە کۆمپانیای نەوتدا خرابوونە بەرکار لە خوار کرێکارانی هەموو ڕەگەزەکانی ترەوە بوو. کۆمپانیای نەوت لە سەرەتای ساڵانی پەنجادا، سەدان خانووی بۆ کرێکار و مووچەخۆرەکانی لە ناوچەیەکدا کە ناویان لێنا (عەرەفە ARRAFA) یا نیوو کەرکووک – دروست کرد. زۆرتری ئەوانەی لەم خانووانەدا نیشتەجێ کران ئاشووری و ئەرمەن و عەرەب و تورکمان بوون. لەمەوە کوردەکان کەوتنە هەستکردن بەو ستەمەی هەر لە سەرەتاوە لێیان کراوە کە ژمارەیەکی ئەوەندە کەمیان لە کۆمپانیا لێ خراوەتە کار بەهیچ جۆرێ لەگەڵ ژمارەیان لە شارەکە و لە لیواکەدا ناگونجێ. ئا بەم جۆرە هێنانە بەرهەمی چاڵە نەوتەکانی کەرکووک و نزیکی کەرکووک بوو بە هۆی ئەوەی کەسانێکی زۆری خەڵکی پارێزگاکانی تر، بەشێوەیەکی هەمیشەیی، لە کەرکووک نیشتەجێ ببن.

کارێکی تریش کە حکوومەتی عێراق بۆ نیشتەجێکردنی عەرەب لە لیوای کەرکووک دەستی پێکرد، دامەزراندنی پڕۆژەی ئاودێریی (حەویجە) بوو.

**دانانی پڕۆژەی ئاودێریی حەویجە بۆ نیشتەجێکردنی عەشیرەتە عەرەبییەکان:**

حکوومەتی عێراق، هەر لەناوەڕاستی ساڵەکانی سییەوە، هەنگاوێکی تری دەست دایە بەمەبەستی نیشتەجێکردنی هەندێ خێڵی عەرەب لە دەشتی حەویجە کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژاوای کەرکووکەوە. ئەم پڕۆژەیە شێوەی (یەکەی وەبەرهەمهێنان – وحدات استثماریە)ی لە زەویوزارێکی کشتوکاڵیدا لەو دەشتە گرتبووەخۆی، پاش ئەوەی بەڵێدانی جۆگەیەکی گەورە لە زێی بچووکەوە ئاوی بۆ بێ.حکوومەتی ئەو سەردەمە ئەم پڕۆژە



گەورەیەی بەبازووی زیندانیانی کەرکووک تەواو کرد، هەربۆیە لە ماوەی چەند ساڵێکی دوورودرێژا تەواوکرا. لە سەرەتادا وەزارەتی یاسین هاشمی پلانی ئەم پڕۆژەیەی لە سەردەمی مەلیک غازیدا دانابوو. ئەمە هۆیەک بوو بۆ نیشتەجێکردنی خێڵی عەرەبی عوبێد کە بەکۆچەریی و بیابان نشینیی لە باشووری ئەو دەشتە دەژیان. نەبوونی ئاو و زەحمەتیی کێلانی زەوی بەیاری ئەو دەشتە بووبوو بەهۆی ئەوەی کەس نەتوانێ تێیدا سەقامگیربێ، لەبەر ئەوە جووتیارانی لادێ کوردەکانی نزیک ئەو دەشتە بەهاران بەخۆیان و ئاژەڵیانەوە ڕوویان تێ دەکرد. هەروەها هەندێ خێڵی کۆچەری عەرەبی وەک عوبێد و جبووریش هەر بەدوای لەوەڕدا بۆ ئاژەڵەکانیان بەهاران ڕوویان دەکردە باشووری ئەو دەشتە.

چاندنی دانەوێڵەی وەک گەنم و جۆ، واتە ئەو دانەوێڵانەی لە بنەڕەتدا پشت بەبارانی زستان دەبەستن، تاقە جۆرە کشتوکاڵێکە لەو ناوچەیەدا بکرێ، بۆیە بۆ جووتیارە کوردەکان و تەنانەت بۆ خاوەن موڵکە کانیشیان زەحمەت بوو ئەو زەویوزارە بەیارانە بکێڵن و داچێنن، چونکە هۆی کشتوکاڵی بەمەکینەی وەک تراکتۆر و شتی وایان نەبوو، بۆ کێڵانی زەوی تەنها پشتیان بە(ئاژەڵ) هێستر و گوێدرێژ دەبەست، لەبەر ئەوە دەشتی حەویجە هەروا بەنەکێڵراوی مابووەوە و نەیاندەکێڵا.

دەتوانین دەشتی حەویجەی بەر لە ئاوەدانکردنەوە بەدەشتی (قەراج) بشوبهێنین کە دەکەوێتە باشووری پارێزگای هەولێر یا بەدەشتی (قەرەتەپەی) باشووری کفریی سەر بەپارێزگای کەرکووک. هەندێ خێڵی کۆچەری عەرەب بەهاران ڕوویان دەکردە ئەو ناوچانە، پاشان حکوومەت هەلی نیشتەجێبوونی لەو دەشتانەدا بۆ ڕەخساندن. ئەوەیش بوو بەهۆی جێگیربوونی چەند کۆمەڵێک لە خێڵی (کوروی) و (لهیب) لە دەشتەکانی باشووری قەرەتەپە. هەروەها هەندێ خێڵی عەرەبی تریش تێکەڵی خێڵی (بەیات) بوون کە لە مێژبوو لە دەشتەکانی نێوان قەزای کفری و دووزخورماتوو تا دەگاتە (ئاوەسپی – ئاق سوو)دا جێگیر

بووبوون. هەر بەم جۆرە چەند کۆمەڵێ لە دوو خێڵی (تەی) و (جبور)یش لە باشووری دەشتی قەراج کە دەکەوێتە باشووری قەزای مەخمووری پارێزگای هەولێرەوە لە نێوان هەردوو زێی سەروو و خوارووادا جێگیر بوون.

وەختی خۆی بیانووی حکوومەت بۆ نیشتەجێکردنی هەندێ لقی هۆزی عەرەبی عوبێد لە باشووری حەویجە ئەوەبوو کە ئەمانە لەو ناوچەیەدا هەن و هەمیشە لەگەڵ خێڵی عەرەبی (ئەلعەزە) کە لە پارێزگای دیالەی دراوسێی پارێزگای کەرکووک دادەنیشن، دەبێ بە هەرایان و دەدەن بەسەر یەکتردا. بەناوی دوورخستنەوەی ئەم دوو خێڵە ناکۆکەوە لە یەک، کە پرۆژەی ئاودێریی حەویجە تەواو بوو، هات ئەو زەویوزارەی دەکەوتە بەر ئاوی ئەو پرۆژەیە، بەسەر تەنها خێڵی عوبێد و جبوور و هەندێ خێڵی تری عەرەبدا دابەشی کرد.

لەبەر ئەوەش کە ئەم خێڵانە پێشتر کشتوکاڵیان نەکردبوو بەپیشە بۆخۆیان و هەمیشە هەر کۆچەری بوون و بەدوای گیا و پووشدا دەگەڕان بۆ ئاژەڵ و حوشترەکانیان، حکوومەت هەندێ ڕابەری گشتوکاڵیی بۆ دانان فێریان بکەن چۆن کەڵک لەو زەوییانە وەربگرن کە بەسەریاندا دابەشکراون و، چۆن هەموو جۆرە کشتوکاڵێ بکەن. ئا بەم جۆرە حکوومەت لەجیاتی ئەوەی ئەو زەویوزارە کشتوکاڵییانە بەسەر هەموانا، لە کورد و عەرەب، دابەش بکا، خێڵی عەرەبی وای بۆهێنان هەرگیز پیشەیان کشتوکاڵ نەبووبێ و، لادێیی تازەبابەتی بۆ کردنەوە و زەویوزارەکەی بەسەردا دابەش کردن. ئەمە یەکەمین کاری نیشتەجێکردنی عەرەب بوو لە پارێزگای کەرکووک حکومەتی یاسین ئەلهاشمی پلانی بۆ داناوە و دواتر و، چەند حکوومەتی یەک لەدوای یەکی چەرخی پاشایەتی جێبەجێیان کردووە.

بەگوێرەی سەرژمێرییەکەی ساڵی ١٩٥٧ ژمارەی سەری خێڵی عوبێد پاش دە ساڵ لە نیشتەجێکردنیان لە دەشتی حەویجە، گەیشتە نزیکەی ١١ هەزار کەس. ئەمانە لە باشووری لقی ڕۆژاوای پرۆژەکەوە تا سنووری قەزای کەرکووک نیشتەجێ کراون و نزیکەی ١٠٠ کیلۆمەتری چوار گۆشە



زەوییان گرتووەتەوە. ژمارەی سەری خێڵی جبووریش کە لە سەرەتاوە لە ناوچەی نێوان زێی بچووک و لقی ڕۆژاوای پرۆژەی ئاوەکەدا نیشتەجێ کراون کە نزیکەی ١٠٠ کیلۆمەتری چوار گۆشە دەبێ، بەپێی سەرژمێرییەکەی ١٩٥٧،(١٢٥٩٥) کەس بووە. خێڵی (ئەلبووحەمدان)یش کە هەر بەپێی سەرژمێرییەکەی پێشوو نزیکەی ٢١٤٠ کەسن لە ناوچەی نێوان زێی بچووک و شاڕێی نێوان حەویجە و کەرکووک نیشتەجێ کراون و ١٤ گوندیان بۆخۆیان کردووەتەوە کە پێوانەکەیان دەگاتە ١٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیی. هەندێ تکریتی و دووریش لە مەرکەزی ناحیەی حەویجە و پێنج گوندی تری ئەمبەر و ئەوبەری (حەفرولقوبل) جێگر بوون کە پێوانەی ئەویش نزیکەی ١٠٠ کیلۆمەتری چوار گۆشەیە. بەم جۆرە ژمارەی سەری ئەو خێڵە عەرەبانەی لە ناحیەی حەویجە نیشتەجێ بوون، بەگوێرەی سەرژمێرییەکەی ساڵی ١٩٥٧، دەگاتە ٢٧٧٠٥ کەس[٤١]. حکوومەت ئەم ناوچەیەی کردووە بە یەکەیەکی بەڕێوەبەرێتیی سەر بەمەرکەزی قەزای کەرکووک بەناوی ناحیەی (حەویجە/ مەلحە)وە. پاشانیش ڕژێمی بەعس هەر بەناوی (حەویجە)وە کردی بەقەزا و، ئەم قەزایە دوو ناحیەی هەیە کە ناحیەی (ڕیاز) و ناحیەی (عەباسییە)یە کە بەم دواییانە دروستکراون.

شایانی باسە کە پێوەندییەکانی سەرۆکەکانی عەشیرەتی (عوبێد)ی عەرەبی لەگەڵ کوردەکاندا بەشێوەیەکی گشتی باش بووە و ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای بیستەکان و تەنانەت پێشتریش. ئەوەیش بەتایبەتی (گەیشتنی وەفدێکی ئەو خێڵەوە بۆ شاری سلێمانی دەردەکەوێ کە لە ساڵی ١٩٢٢ بەسەرۆکایەتی برایان شێخ حسێن و شێخ عەلی ئەلعاسی بۆ پیرۆزبایی لێکردنی شێخ مەحموودی حەفید بەبۆنەی گەڕانەوەی لەتاراوگەو پێکهێنانی حکومەتێکی کوردییەوە هاتبوون. لە هەمان کاتیشدا وەفدێکی سەرجەم عەشیرەتە کوردییەکانیش لە ناوچەی کەرکووک دا گەیشتبوونە شارەکەوە. ئەم ڕاستییەش شێخ موزهیر ئەلعاسی

بۆ ئەدیبی کورد (عەبدوڵڵا سەرراج)ی دووپاتکردبۆوە. کاتێ لە سەرەتای شەستەکاندا لە قوتابخانەی (حەویجە) مامۆستا بووە، پێیراگەیاندووە کە ئەوان بەر لە نیشتەجێ بوونیان لە دەشتی حەویجە دوای تەواوبوونی پرۆژەی ئاودێریەکەیەوە (لە ناوەڕاستی چلەکاندا پرس و ڕاوێژیان بەشێخ مەحموود کردووە و موافەقەتی ئەویان وەرگرتووە، چونکە ئەوان ناوچەکە بە بەشێکی کوردستان دەزانن. هەروەها عەبدوڵڵا سەرراج دەڵێت کە ئەو وەختە بەڕێوەبەری قوتابخانەی حەویجەی سەرەتایی کوڕان بووە لە ئەرشیفی قوتابخانەکەدا چەند ڕێنماییەکی گشتی دۆزیوەتەوە بەئیمزای خوالێخۆشبوو (ڕەفیق حیلمی) پشکێنەری (سەرپەرشتیار)ی گشتی کوردستانی ئەوکات کە لە (مفتشیە عموم کردستان)ەوە دەرچوون.

مایەی داخ و کەسەرە کەسانی ئەم خێڵە عەرەبانەی کە لە ناوەڕاستی سالانی چلەوە لە دەشتی حەویجە نشتەجێ کراون، کەمێکیان نەبێ لە سەرۆکەکانی خێلی عوبێد کە شێخ نازم عاسی و شێخ موزهیر عاسی برای لەپێش هەمووییانەوەیە، لەو هێرشە چەکدارانەدا بەشدار بوون کە سوپای عێراق لە ساڵی ١٩٦٣ و لەوەوپاشەوە کردوویەتە سەر دێهاتە کوردەکان. ڕژێم هەندێ تیپی جاشی لەمانە پێکهێنابوو ناوی لێنابوون (سوارەی خالیدی کوڕی وەلید) و شان بەشانی چڵکاوخۆرە کوردەکان کە ناوی لێنابوون (سوارەی سەلاحەدین) بەکاری دەهێنان بۆ هێرش بردن لەگەڵ سوپای عێراقدا بۆ سەر دێهاتی کورد، بەبیانووی ئەوەوە گوایە (پێشمەرگە)ی کورد لەو دێهاتانەدا هەن یان خەڵکی ئەو دێهاتانە یارمەتیی پێشمەرگە دەدەن[٤٢].

### دووەم- ماوەی حوکمڕانیی یەکەمی کۆماری ١٩٥٨ - ١٩٦٨

لە ئەنجامی بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ەوە لە عێراقدا کە ڕژێمی حوکمڕانیی پێ گۆڕا، لەشکر بەسەرۆکایەتیی ژمارەیەک لە ئەفسەرانی سوپای عێراق دەسەڵاتی ڕاستەقینەی لە وڵاتدا گرتە دەستی



خۆی. ئەنجوومەنی وەزیران کە زەعیم ڕوکن عەبدولکەریم قاسم سەرۆکی بوو و پایەی وەزیری (بەرگریی)ش هەروا لەدەستدابوو و عەقید ڕوکن عەبدولسەلام محەمەد عارف جێگری سەرۆکی وەزیران و وەزیری ناوخۆ بوو، بوو بەباڵاترین دەستەیەک لە وڵاتدا و دەسەڵاتی قانوون دانان و قانوون جێبەجێکردنیشی لەدەستدا بوو.

پاش سەرکەوتنی شۆڕش بەماوەیەکی کەم زەعیم ڕوکن نازم تەبەقچەلی کرا بەسەرکردەی فیرقەی دوو، کە مەڵبەندی لە کەرکووک بوو. هەموو یەکەکانی سوپا کە لە ناوچەی باکووری عێراقدا بوون، هەر لە مووسڵەوە تا سلێمانی، هەموو سەر بەسەرکردایەتیی ئەم فیرقەیە بوون. لەگەڵ ئەوەشدا کە دەسەڵاتی نوێ هەندێ موتەسەڕیف (پارێزگار)ی نوێی بۆ بەڕێوەبردنی لیواکانی ئەم ناوچەیە دانا، بەڵام دەسەڵاتی ڕاستەقینە هەر بەدەست سوپاوە بوو کە سەرکردەی فیرقە لە کەرکووک نوماینەدەی بوو.

تەبەقچەلی دەچێتەوە سەر بنەماڵەیەکی عەرەبی سوریە کە لە بەغدا جێنشین بوون. ئەم بنەماڵەیە بەوە ناسراوە کە ڕێبازی نەتەوە پەرستیی گرتووەتەبەر. تەبەقچەلی خۆیشی، وەک عەقید ڕوکن عەبدولسەلام محەمەد عارف، بەوە ناسرابوو دەمارێکی نەتەوەیی و ئیسلامیی هەیە و خێزانەکەی تورکمان بوو و خەڵکی تەلەعفەر بوو.

پێشتر هێمامان بۆ ئەوە کرد کەوا تورکمانە سوننییەکانی کەرکووک و ناوچەکانی تر کە تیایاندا دەژین، زۆرتریان بەوە ناسراون کە دەماری کۆن پارێزی و ڕاستڕەوییان هەیە. ئەم تورکمانانە بەدرێژایی چەرخی پاشایەتی پێوەندییان لەگەڵ دەسەلات بەدەستاندا چاک بووە، بۆیە ئەوانەیان کە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا کاربەدەست بوون، لە سەردەمی پاشایەتیشدا هەروا بەکاربەدەستی مانەوە. سەرکردەی نوێی فیرقە خۆیشی لەبەر ئەوەی لەسەر ڕێبازێکی سیاسیی ڕاستڕەوانە دەڕۆیشت، زۆر زوو لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵەکانی تورکمان و پیاوماقوولەکانیان لە کەرکووک لێک نزیک بوونەوە. بەتایبەتی کە هاوسەرەکەی بەپێی زانیارییەکانی لێکۆڵەرەوە

(حەننا بەتانۆ) لە ڕەچەڵەکی تورکمان بوو، ئەوە بوو تەبەقچەلی زۆر جار دەچووە سەر دەعوەتیان و لە هەر ئاهەنگێکیاندا بەشداری دەکرد و بەشێوەیەکی ڕێکوپێک لەگەڵیان کۆدەبووەوە. لەبەر ئەوە بارودۆخی شار هەر وەک خۆی مایەوە و هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهات و زۆرتری تورکمانەکان لەسەر کار و وەزیفەی خۆیان مانەوە. تاقە هەنگاوێ کە سەرکردەی نوێی (فیرقە) نای ئەوەبوو داوای لە وەزارەتی ناوخۆ کرد سەرۆکە کوردەکەی شارەوانی لەسەر کار لابەرێ و سەرۆک شارەوانییەکی تورکمان لەجێی دانێ کە دادیار نوورەدین واعیز بوو کە یەکێک بوو لە سیما ناسراوەکانی ئیخوانولموسلمین لە شارەکەدا، هەرچەند بەڕەچەڵەکیش کوردە.

جا بۆ ئەوەی بیرێکی ڕوونمان لەبارەی بیروبۆچوونی سەرکردەی نوێی فیرقەوە دەربارەی بارودۆخی ناوشار و تێکڕای ناوچەی کوردەواری هەبێ، لە پاشبەندێکی تایبەتیی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا تێکستی هەندێ نامەی ڕەسمیی بڵاودەکەینەوە کە بەئیمزای زەعیم ڕوکن نازم تەبەقچەلی دەرچوون و نێرراون بۆ لایەنە تایبەتییەکانی وەزارەتی بەرگریی کە ئەو وەزارەتە بوو حوکمی عێراقی بەکردەوە لەو ماوەیەدا بەدەستەوە بوو[٤٣].

ئەو نامە ڕەسمییانە، بەهەموو ڕوونییەک، ئەوە دەردەخەن کە سەرکردایەتی فیرقە بەچ چاوێ تەماشای کورد و تورکمانیشی دەکرد هەروەها هەندێ زانیاریی ناورد و جارجار ناڕاستیشیان تێدایە کە بۆ سەرکردایەتیی سوپایی و سیاسیی وڵات نێرراوە بەمەبەستی بەدناوکردنی کورد و سەرکردایەتییەکەیان لەبارەی ئەوەوە کە گوایە داوای دامەزراندنی (کۆماری کوردستان)یان کردووە کە دەشبێ بەبنەما بۆ بەشەکانی تری کوردستان، کەچی ئەم جۆرە بیر و خەیاڵانە، لە مێشکی سەرکردە و بەڕێوەبەرانی فیرقە خۆیاندا نەبێ، لە هیی کەسی تردا نەبوون، ئەو بەڕێوەبەرانەی فیرقەش کۆمەڵێ ئەفسەری نەتەوەچیی دژ بەهەموو هیوا و ئاواتێکی کورد، تەنانەت هەرە سادەکانیشیان، بوون، وەک خوێندن



بەزمانی کوردی و بایەخدان بەکولتووری کوردی و کردنەوەی زانکۆی کوردستان و دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەتیی پەروەردەکردن کە سەرپەرشتیی خوێندنی کوردی لە ناوچەکەدا بکا. ئەم هیوا و ئاواتانەش لە گەلێ بیرخەرەوە و یادداشتدا نووسرابوون کە بەشێوەیەکی ڕەسمی پێشکەشی سەرۆکی وەزیران و وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنیش کران و بەشێکیان دواتر هاتنە دی، کەچی لەلایەن سەرکردەی فیرقەی دووەوە بەتەقەلایەک درانە قەڵەم بۆ (زیندوو کردنەوەی هەرێمی کوردستان) و (دامەزراندنی کۆماری کوردستان) کە گوایە (زۆرتری ئەو زەویوزارانە دەگرێتەوە کە کەوتوونەتە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلەوە تا کەنداوی بەسرە).

ڕاستە تەبەقچەلی، بەدرێژایی ئەو ماوەیەی سەرکردەی تیپی دوو بوو، هیچ کارێکی ئەوتۆی نە لە کەرکووک و نە لە ناوچەی کوردستاندا نەکرد بۆنی ئەوەی لێ بێ هیچ گۆڕینێ بەسەر بارودۆخی ئەوسای وڵاتدا هێنراوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەزگاکانی ئاسایشی ناوچەکە بەردەوام ئەوجۆرە کەسانەیان ڕاوەدوو دەنا کە لەوەپێش ڕاوەدوو دەنران و هەر بەو گومانانەیش کە جاران لێیان دەکرا. ئەم وەزعە هەروا مایەوە تا سەرەتای مانگی ئادار (مارس)ی ١٩٥٩ ئەوەبوو عەقید عەبدولوەهاب شەوواف، فەرماندای سوپاکەی مووسڵ بەهاوکاری لەگەڵ هەندێ ئەفسەری نەتەوەیی مووسڵ و کەرکووک و بەغدا هەوڵی کردنی کودەتایەکیان بەڕێ خست. کۆڕ و کۆمەڵە ئیسلامی و نەتەوەییەکان پشتی ئەو هەوڵەیان گرت، بەڵام سەرنەکەوتنی هەوڵەکە بوو بەمایەی گومان لێکردنی پشتگرتووەکانی لەگەڵ هەندێ ئەفسەری نەتەوەیی و کاربەدەستی باڵای کۆماری عەرەبی یەکگرتوو لە سووریا، کە دەزگایەکی هەواڵ بڵاوکردنەوەیان بەر لە دەست پێکردنی هەوڵی کودەتاکە بەچەند ڕۆژ بۆ ناردبوونە مووسڵ. شایانی وتنە بەیاننامەکەی شەوواف بۆ دەست پێکرانی کودەتاکە دەری کردبوو، بەرلەوەی لە ڕادیۆی ناوخۆی مووسڵەوە

بخوێنرێتەوە، لە ڕادیۆی دیمەشق و قاهیرەوە بڵاو کرایەوە.

وا دەردەکەوێ سەرکردەکانی تورکمانی کەرکووک پێوەندییەکیان بەو هەوڵی کودەتاکردنەوە هەبوو، بۆیە لە ئەنجامی سەرنەکەوتنیدا کەڵێنێ کەوتە پێوەندیی پتەو و لەوەپێشی هەمیشە بەردەوامی نێوان کۆڕ و کۆمەڵە دەست ڕۆیشتووەکانی تورکمان و باڵا دەستەکانی دەوڵەت. پاش سەرنەکەوتنی ئەو هەوڵی کودەتایە زەعیم ڕوکن نازم تەبەقچەلی و ئەفسەرە ڕوکنەکانی تیپی دوو هەموو خانەنشین کران و پاشتریش گیران و لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بەتایبەتی لە بەغدا بۆ کۆڵینەوە لەگەڵیان پێکهێنرا. پاش ئەوەیش کە سەرکردەی نوێی تیپی دوو زەعیم ڕوکن داوود جەنابی کە بەوە ناسرابوو مەیلی بەلای چەپدا هەیە، گەیشتە کەرکووک، دەستبەجێ دەستەیەکی لێکۆڵینەوەی نوێی بەسەرکردایەتیی عەقید کەمال مەجید سەلیم و ئەندامێتیی عەقید محەمەد عەلی کازم خەفاجی و مولازمی یەکەم فەخری کەریم و بەڕێوەبەری ئاسایش ڕائید شێخ ڕەزای شێخ محەمەدی گولانی و دادوەری لێکۆڵینەوە پەترۆس مەڕۆکی پێکهێنا بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵ لایەنگرانی تەبەقچەلی و ئەوانەی پێوەندی توندیان لەگەڵی بووە کە هەندێکیشیان لە پیاوماقووڵانی تورکمان بوون. دەستەی ناوبراوی لێکۆڵینەوە فەرمانی گرتنی خەڵکێکی زۆری لە کورد و تورکمان و عەرەب و هەموو نەتەوەکانی تر دا و مەودای لێکۆڵینەوەی پەرە پێدا و گومانی لە هەرکەس بکردایە کە دڵسۆزی ڕژێمی نوێی کۆماری نییە ئەیهێنایە پای لێکۆڵینەوە. ڕاستەکەیشی هەندێ دەستدرێژی لە کاتی لێکۆڵینەوەدا ڕووی دا، بەتایبەتی لەلایەن مولازم فەخری کەریمەوە کە فەرماندەری ئینزیباتی تیپ و کۆمۆنیستێکی عەرەبی خەڵکی بەغدا بوو. هەروا زۆر لە خاوەن موڵکە کوردەکانی پارێزگاکانی تریش بەبیانووی ئەوەوە کە لایەنگری چەرخی پاشایەتی و دوژمنی ڕژێمی نوێن، گیران. لەسەر ڕاسپێریی ئەم دەستەی لێکۆڵینەوەیە حوکمڕانی گشتیی سوپایی لە وەزارەتی بەرگریی، فەرمانی دا هەندێ لە گیراوەکان ببرێن بۆ بەغدا و



هەندێکی تریشیان دوورخرانەوە بۆ چەند شارێکی باشووری عێراق، کە بەشێ لەمانە کاربەدەستی تورکمان بوون. دەتوانین بڵێین ئەو ماوە کورتەی لە ئادار (مارس)ی **١٩٥٩**وە تا حوزەیران (یۆنیۆ)ی ئەو ساڵەی خایاند، ماوەیەکی بەش بەحاڵی سەرکردەکانی تورکمان تووش و سەخت بوو، چونکە لەوماوەیەدا و بۆ یەکەمین جار لە ژیانیاندا تووشی چەوساندنەوە و چەرمەسەریی وەک گرتن و دوورخستنەوەی دەستی دەسەڵات بەدەستان بوون.

هەر لەم ماوەیەدا لایەنگرانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووک زیاتر دەستیان بەسەر کۆمەڵ و ڕێکخراوە پیشەییەکان و سەندیکا و یەکێتییەکانی لاواندا گرت و، هەر بەو جۆرەیش پەلیان لەناو هێزە چەکدارەکاندا هاوێشت. ئەوەیش کە زەعیم ڕوکن داوود جەنابی سەرکردەی تیپ بوو، ئەم کارەی بۆ ئاسان کردن و، ئەم بار و دۆخەیش بەتەنها لە کەرکووک وا نەبوو، هەموو لایەکی عێراقی دەگرتەوە[٤٤].

وادیارە پەرەسەندنی دەست ڕۆیشتوویی پارتی کۆمۆنیست و بەتایبەتی لە نێوان پێرسۆنێلی چەکدارەکاندا و دەست گرتنی بەسەر زۆرتری سەندیکا و یەکێتی و ڕێکخراوە پیشەییەکان و ڕێکخراوەکانی لاواندا و، هەروەها بەسەر ڕێکخراوی چەک بەدەستی (بەرگریی گەلی)دا و، سەرەڕای ئەو لە سنوور لادان و قانوون پێشێل کردنانەیش لەوماوەیەدا لەلایەن هەندێ لە کۆمۆنیستەکانەوە لە گەلێ ناوچەی عێراقدا ڕوویان دا، هەموو ئەمە پاڵێکی بە عەبدولکەریم قاسمەوە نا لەو سیاسەتەی خۆی پاشگەز ببێتەوە کە پشتی بەچەپڕەوەکانی وڵات دەبەست و بۆ لێدانی ئەو دەست و تاقمە نەتەوەیی و بەعسی و ئیسلامییانەی دژی بوون بەکاری دەهێنان. بۆیە لە **١٩٥٩/٦/١١**دا فەرمانی لێخۆشبوونی بەشی زۆری گیراوە سیاسییەکان و دوورخراوەکانی دا بەتورکمانەکانیشەوە. لە ناوەڕاستی هەمان مانگیشدا لە ژووری کارەکەی خۆیدا لە وەزارەتی بەرگری پێشوازیی لێ کردن و

جەختی لەسەر ئەوە بۆ کردن کە پشت و پەنایانە و فەرمانیشی دا هەرچی کاربەدەستی وایان هەیە گوێزرابنەوە بۆ شوێنی تر بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان لە کەرکووک. پێشتریش لە سەرەتای حوزەیران (یۆنیۆ)دا زەعیم ڕوکمن داوود جەنابی خانەنیشین کردبوو و زۆرتری یارمەتیدەرەکانی گواستبووەوە بۆ یەکەی تری سوپا لە دەرەوەی تیپی دوو و عەقید عەبدولڕەزاق مەحموودی فەرمانداری لیوای سێهەمی هەمان تیپی لەجێی داوود جەنابی کردبوو بەجێنشینی سەرکردەی تیپ. عەقید عەبدولڕەزاق مەحموود بەوە ناسرابوو کە یەکێکە لە نەتەوەخوازە عەرەکان، هەرچەند خۆیشی وا پیشان دەدا کە دڵسۆزی عەبدولکەریم قاسمە[٤٥].

هێما بۆ ئەو گۆڕینانەی لەم ماوەیەدا لە سەرکردایەتی تیپی دوودا کران، کارێکی پێویستە بۆ ئەوەی ڕوون بکەینەوە بارودۆخی کەرکووک بەر لەوەی بیرەوەری یەکەمی شۆڕشی تەمووز (یۆلیۆ)ی **١٩٥٨** بگاتە بەرەوە، چۆن بوو. ئەم گۆڕینە زوو زووانەی لە سەرکردایەتی تیپی دووهەمدا دەکران، بوون بەهۆی ئەوەی کە تێکڕای بارودۆخی گشتی ئیفلیج ببێ، چونکە ناکۆکیی نێوان کورد و بەرەی چەپ لەلایەکەوە کە سەرکردەی خانەنشین کراوی تیپی دوو پشتی دەگرتن و، تورکمان و کۆڕ و کۆمەڵە کۆنەکارەکانی کەرکووک لەلایەکی ترەوە کە سەرکردایەتیی تازەی تیپ و دەزگاکانی ئاسایش و، سەرەڕای ئەمانەیش بەرپرسانی وەزارەتی بەرگریی پشتگیرییان لێ دەکردن، زۆر توند و تیژ بوو. سەرکردەکانی تورکمان کە تازە لە گرتووخانە دەرچووبوون یا لە دوور خراوەییەوە دەگەڕانەوە ناو ماڵی خۆیان، بەدڵێکی پڕ لە داخ و کینەوە دەیانڕوانییە کۆمۆنیستەکان کە بووبوون بەمایەی گرتن و دوورخستنەوەیان. لە بەرانبەری ئەمانیشدا کۆمۆنیستەکان و لایەنگران و ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان کە هێشتا هەر دەستیان بەسەر هەموو ڕێکخراو و یەکێتییە پیشەییەکانی کەرکووکدا گرتبوو و شەقامیشیان لەژێر دەستدا بوو و لەو گۆڕان و گۆڕینە تازانەیش ناڕەحەت بوون[٤٦]. وەک بڵێی هەردوو بەرە چاوەڕوانی شتێ بن



بەو نزیکانە ڕووبدا هەرکامیان هێز و میللییەتی خۆی و پشتیوانی لێ کردنی دەسەڵات بەدەستانی دەوڵەتی لەو ڕۆژانەدا تێدا بچەسپێنێ. داهاتنی بیرەوەریی یەکەمی شۆڕشی ١٤ی تەمووز هەلێ بوو بۆ ئەو تاقیکردنەوەیە.

جا لەبەر ئەوەی ئەو ڕووداوە خوێناوییە دڵ تەزێنانە لە کاتی ئاهەنگ گێڕانی بیرەوەریی یەکەمی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی **١٩٥٨**دا ڕوویاندا، تا ئێستایش ئاسەوار و نیشانەیان هەر ماوە، دەمانەوێ لە پاشبەندێکی تابەتیدا کە دەیخەینە دوایی ئەم لێکۆڵینەوەوە، ڕوونی بکەینەوە هۆی ڕوودانی ئەو ڕووداوانە چی بوو، و چی بوو کارێکی کرد ڕوو بدەن و پزیسکەی یەکەمیان چۆن هەڵگیرسا؟

پاش ئەوەی ئێوارەی ١٥ی تەمووزی **١٩٥٩** جۆرە ئارامییەک گەڕایەوە بۆ ناو شار، ڕۆژی پاشتر چەند پارچە هێزێکی سوپا لە بەغداوە گەیشتن. پاش ئەوەیش هەندێ شتی وا کرا ئەنجامە خراپەکانیان بەش بەحاڵی شاری کەرکووک و ناوچەکە هەمووی تا ئێستایش هەر بەردەوامن[٤٧].

ئەوەبوو فەرمان لە وەزارەتی داکۆکییەوە دەرچوو چەند یەکەیەکی تیپی دوو بەهەموو داروودەستیانەوە بگوێزرێنەوە بۆ ناوچەی باشووری عێراق کە لیوای چوار لە پێشی هەموویانەوە بوو و بەشی زۆری پێرسۆنێلی کورد بوون. ئیتر لەو ڕۆژەوە ئاو و هەوایەکی سامناک و لە دژی کورد تێکڕا باڵی بەسەر شارەکەدا کێشا. پاش ئەوەیش بەفەرمانی حوکمڕانی گشتیی سوپایی دەستەیەکی لێکۆڵینەوەی نوێ کە چەند ئەفسەرێکی عەرەبی نەتەوەیی تێدابوو و ئەفسەرێکی تورکمانیش کرابوو بەسەرۆکی کە عەقید عەبدوڵڵا عەبدولڕەحمان بوو، پێکهات بۆ کۆڵینەوە لە ڕووداوەکان[٤٨]. هەر کە ئەم دەستەی لێکۆڵینەوەیە گەیشتە ناوشار هەندێ لەوانەی تێیدا بوون لەگەڵ هەندێ دادیاری تورکمان و چەند بەرپرسێکی تری پارێزگا لەناو خۆیاندا دەستیان تێکەڵ کرد و چالاکیی خۆیانیان خستەیەک بۆ ئەوەی ڕووی پەنجەی گومان بکەنە هەندێ کەسی دەستنیشان کراو، بەتایبەتی لە

سەرکردەکانی ڕێکخراو و یەکێتییە پیشەییەکان. دەستەی لێکۆڵینەوە کە فەرمانی گرتنی خەڵکێکی زۆری دا و بەشی زۆریان بەرەوڕووی دادگای عورفیی بەغدا کردەوە بۆ دادوەریی کردنیان بەگومانی ئەوەی هانی کوشتوبڕکردنی خەڵک و دەست درێژکردنە سەریان بەدەستەنقەست داوە. دادگای عورفیش ٢٧ کورد و تورکمانێکی لە سەرکردەکانی ئەو ڕێکخراوانە بەسێدارەدان حوکم دا، سەرەڕای گەلێ حوکمی قورسی تری بەندکردنیش کە خەڵکێکی زۆری پێ حوکم دا، زۆرتریان سەر بەپارتی کۆمۆنیست و هەندێکیشیان سەر بەپارتی دیموکراتی کوردستان بوون[٤٩]. جا کە کودەتای شوبات (فبرایر)ی ١٩٦٣ سەرکەوت، ئەو گشتە حوکمی سێدارەدانانەی درابوو بەسەر هەموو سەرکردەکانی ڕێکخراو و یەکێتییە پیشەیی و سەندیکاییەکاندا، لە یەکێ لە مەیدانە گشتییەکانی کەرکووکدا جێبەجێکران.

ئێمە ئەگەر کەمێ لە ئاستی ئەو ڕووداوە خەماوەرانەدا وەستابین کە لەو ماوەیەدا لە کەرکووک ڕوویان دا، ئەوە لەبەر ئەوەیە زۆرتری ئەوانەی لەم ڕووداوانەیان تۆژیونەتەوە هێمایان بۆ ئەوە نەکردووە ئەم ڕووداوانە بەهۆی چییەوە ڕوویان دا و، بەشێویەکی بێ لایەن و بابەتیی لە چۆنییەتیی ڕوودانیان نەکۆڵیوەتەوە، ئەمانە پاش ئەوەی بەعس دەسەڵاتی لە عێراقدا گرتەوە دەست، کتێب و یاداشتی خۆیانیان لەوێ بڵاوکردەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هەندێ توێژەرەوەی وا هەن بەبابەتییێکی تەواوەوە لەم ڕووداوانەیان کۆڵیوەتەوە. لەناو ئەمانەدا پەنجە بۆ نووسەری فەلەستینیی - بەرەگەزنامە (جنسیە) ئەمریکی- حەننا بەتاتۆ درێژ دەکەم کە پاش ئەوەی لە ناوەڕاستی ساڵەکانی شەستدا سەری لە عێراق داوە، ئاگاداریەکی باشی لەو دۆکۆمێنت و نامە نهێنییانە پەیدا کردووە کە لەنێوان لایەنە ئاسایشییەکان و لایەنەکانی تری بەغدا و کەرکووکدا هاتوون و چوون. دۆستێکم کە لە ئەمریکا دادەنیشێ بۆی گێڕامەوە کەوا لەم توێژەرەوەیەی پرسیوە ئاخۆ چاوی بەهیچ یەکێ لە کۆمۆنیستەکان و لە



کوردەکان کەوتووە تا بزانێ سەرنجی ئەوان لەبارەی هۆیەکانی ڕوودانی ئەو ڕووداوانە چۆنە؟ لە وەڵامدا وتی: نەء، چونکە دەسەڵات بەدەستانی بەغدا ڕێگای ئەوەیان نەدام[٥٠].

ئەو ڕۆژنامە نەتەوەییيانەی عەبدولکەریم قاسم لەم ماوەیەدا ڕێگای دەرچوونی دان، هێرشێکی توندیان کردە سەر بەرەی چەپ لە عێراقدا. ئەمەیش یارمەتییەکی زۆری دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەندێ لە وڵاتانی عەرەب و تورکیای دا هێرشێکی سەرلێشێوێنی بەدەستەنقەست لەبارەی ئەو ڕووداوانەوە بکەن و زلیان بکەن. وتارەکەی عەبدولکەریم قاسم کە لە ئێوارەی ١٩ی تەمووزی ١٩٥٩دا لە کلێسەی ماریوسف دای و بەر لە دەستکردن بەکۆڵینەوە لە ڕووداوەکان، چەپڕەوانی عێراقی تێدا گومانیی کرد بەوە کە ئەو کارەساتە بەفیتی ئەوان بووە، کاری کردە سەر ڕەوتی لێکۆڵینەوەکە و سەردەستەی لێکۆڵەرەوە کە دەبوو بگاتە ئەو ئەنجامە کە ئەو ڕووداوانە بۆچ ڕوویان دا و کێ و کێ بەشدارییان تێدا کردووە تا بدرێن بەدادگا. قاسم خۆی پاشان کە مەسەلەکەی بەڕوونی بۆ دەرکەوت لەو گومانانەی پاشگەز بووەوە کە لە بەرەی چەپی کردبوون. ئەمەیش بۆ خۆی یەکێ بوو لە هۆیەکانی جێبەجێ نەکردنی حوکمی سێدارەدانی دادگای عورفی کە حوکمی گەلێ کەسی لەسەر ئەم ڕووداوانە دابوو، پاش کودەتای شوبات و ڕووخانی ڕژێمی قاسم جێبەجێ کران.

ئەم ڕووداوانە، وەک پێشتریش پەنجەمان بۆ درێژکرد، ئەنجامێکی خراپی ئەوتۆیان لێ کەوتەوە، نە سەرکردەکانی کورد و نە سەرکردەکانی تورکمان کەسیان تا درەنگ وەختێ هەستیان پێ نەکرد، تا کاتێ کە ڕژێم دەستی دایە بەعەرەبکردنی کەرکووک و سەرانسەری ناوچەکە و، لەپێشیاندا پەلاماری لایەنی بەهێزی دا کە کوردەکان بوون، پاشان تورکمانەکانیشی گرتەوە و ئەوانیش بوون بەقوربانیی ئەو سیاسەتە. بەدرێژایی بیست ساڵ میری هەندێ کەسی لە ڕەگەزی تورکمان بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە بەکار دەهێنا، بەرلەوەی لە سەرەتای ساڵەکانی هەشتادا لایەک بەلای

تورکمانەکان خۆیشیاندا بکاتەوە و بێتە وێزەی ئەوانیش.

یەکێ لە ئەنجامە پڕ لە مەترسییەکانی ڕووداوەکانی کەرکووک کە کەس باسی لێ نەکردووە، پێکەوەنانی هەندێ ڕێکخراوی نهێنیی تورکمانییە کە بەهاوکاری لەگەڵ هەندێ لە بەرپرسانی ئاسایشی پارێزگاکە، بۆ نموونە وەک نووری خەیاتی بەڕێوەبەری ئاسایش، بۆ کوشتنی کەسانی ناوداری کورد کاریان دەکرد. یەکەمین کەس کە لەلایەن ئەم جۆرە ڕێکخراوانەوە کوژرا، حەمەئەمین شەربەتچی بوو کە تەمەنی لە پەنجا ساڵ زیاتر بوو، لە بەردەمی دووکانەکەی خۆیدا دایان بەسەریدا و کوشتیان، لەگەڵ ئەوەیش کە سەر بەهیچ پارتێکی سیاسی یا هیچ ڕێکخراوێکی پیشەیی نەبوو. لە ئەنجامی ئەم جۆرە پیاوکوشتنە، خێزانگەلێکی زۆری کورد بەناچاری کەرکووکیان بەجێهێشت و گواستیانەوە بۆ شاری تر.

هەر لەو سەردەمەدا لە بەغدا و لە هەندێ شاری تری عێراق، چەند ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی وەک ئەوەی کەرکووک پێکەوەنرابوون کەسانێکیشیان لە پارتی بەعس تێدا بوو، ئامانجیان تۆقاندنی ئەو خێزانانە بوو کە بەچەپڕەویی ناسرابوون تا ناچار بن ئەو گەڕەکانەی وەک ئەعزەمییە و هەندێ گەڕەکی بەری کەرخ جێ بێڵن کە تیایاندا دەژیان، تا بتوانن دەرگایان بۆ خۆیان کلیل و کڵۆم بکەن و لەڕووی لەخۆیان بەولاوەیانداى داخەن. ئەم جۆرە گەڕەکانە پاشان بوون بەمەڵبەندی چەک تێدا خڕکردنەوە و خۆ ئامادەکردن بۆ پەلاماردانی حوکمڕانیی عەبدولکەریم قاسم. پەتای ئەم جۆرە کارە تەشەنەی بۆ کەرکووکیش کرد و لەوێش ڕێکخراوە نهێنییەکانی تورکمان کە پێوەندییێکیشیان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دژ بەعەبدولکەرم قاسم لە بەغدا و مووسڵەوە هەبوو، کەوتنە هەڕەشە ناردنە سەر کوردی گەلێ لە گەڕەکەکانی کەرکووک بەمەبەستی ئەوەی کە لەوێش هەندێ گەڕەکی دەرگا داخراو ساز بکەن و لە خۆیان بەولاوە کەسیان تێدا نەژی. بۆ گەیشتن بەم مەبەستەیان پەنایان دەبردە بەر گەلێ جۆرە کاری وەک کوشتنی هەندێ و ئاگر تێ بەردانی ماڵ



یا دووکان و کۆگای بازرگانیی هەندێکی تر و، هەندێ جاریش تیزابیان دەکرد بەدەموچاوی کەسانێکی تردا. ئەم دەستدرێژییە ڕێکوپێکەی ئەمانە بوو بەمایەی ئەوەی کوردێکی زۆر یا هەر بەیەکجاری کەرکووک جێ بێڵن یا هیچ نەبێ خانووەکانیان لەو گەڕەکانەی تورکمان چۆڵ بکەن تەنانەت بێ ئەوەی بتوانن بەنرخێکی هەرزان و تاڵانیش بیفرۆشن.

بەرهەمی ئەم جۆرە پیاوکوژی و دەستدرێژییانەی لەم ماوەیەی پاش ڕووداوەکانی کەرکووکدا لەگەڵ کوردی کەرکووک کران، لە ژمارەی ئەو تورکمانانە زۆرتر بوو لە ڕووداوەکانی کەرکووکدا. دەریشکەوت هەندێ لە بەرپرسانی دەزگاکانی ئاسایشی پارێزگا کە کەسیان لەسەر ئەو پیاوکوشتن و دەستدرێژییانە نەدەگرت و تاوانبارەکانیان هەروا بە«نەناسراوی» دەهێشتەوە و بووبوون بەمایەی هاندانیان کە تاوانی پتریش بکەن، هاوکارییان لەگەڵ بەرپرسانی ڕێکخراوەکانی تورکمان هەبووە کە بەتایبەتی خەریکی ڕێکخستنی ئەو پیاوکوشتن و دەستدرێژییانە بوون و بەرپرس بوون لێیان.

ئەم دەستدرێژیی و پیاوکوشتنانەی ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییانە بوو بەهۆی ئەوەی کە زۆر لە کاربەدەستە کوردەکان خۆیان داوا بکەن بییانگوێزنەوە بۆ شارەکانی تر. سەرەڕای ئەمە بەرپرسانی پارێزگاکە خۆشیان ژمارەیەکی زۆری تریان لێ گواستنەوە بۆ شارەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق کە گەلێکیشیان مامۆستا و دەرزبێژەوەی قوتابخانەکانی ناو شار بوون.

دەزگاکانی ئاسایشی پارێزگای کەرکووک وەنەبێ لەو سەردەمەدا تەنگیان هەر بەکەسانی سەر بەپارتیی کۆمۆنیستی عێراق هەڵچنیبێ و کەوتبنە وێزەیان، بەڵکو هەروەها تەنگیان بەئەندامان و لایەنگرانی پارتیی دیموکراتی کوردستان و بەکەسانی تری کوردی وایش هەڵچنی و کەوتنە وێزەیان کە سەر بەهیچ پارتێکی سیاسی نەبوون، بەڵکو تەنانەت کوردی واشیان خستە بەر ئەو هێرشانەی خۆیان کە بەهیچ جۆرێ بایەخیان

بەسیاسەت نەدەدا، ئەم دەستدرێژییانە بۆ سەر کورد لەناو شاری کەرکووک و لە هەندێ شارۆچکەی پارێزگاکەدا وەکو دووزخورماتوو/ دووز هەر بەردەوام بوو تا کودەتاکەی شوبات (فبرایر)ی ١٩٦٣ ڕووی دا. دوای سەرکەوتنی کودەتاکەیش کوردەکان بەهەموو بیروبۆچوونی سیاسییانەوە ڕووبەڕووی هێرشێکی ڕێکخراوی گرتن و دەستدرێژی کردن بوونەوە بوو بەهۆی پەراگەندەیی و دەستگیرکردنی هەزارانیان دواتر باسی لێوەدەکەین.

لە سەرێکی کەیشەوە لە ئەنجامی هاوکاریی تەواوی ئەم ماوەیەی نێوان دەزگاکانی ئاسایش و ڕێکخراوە تورکمانییە نهێنییەکاندا، کەسانێکی لاو لەناو تورکمانەکاندا سەریان هەڵدا پێوەندییان بەسەرکردەکانی کودەتای ١٩٦٣وە هەبوو و هەر لە یەکەم ساتەکانی ڕوودانی ئەم کودەتایەوە بەشدارییەکی چالاکانەیان تێدا کرد.

پاش سەرکەوتنی کودەتاکەش ئەوەی یەکێک لە دیارترین سەرکردەکانی (عەلی ساڵح ئەلسەعدی) دواتر ئاشکرای کرد کە پێناسەکەی (کودەتاکە) ئەمریکی بوو. کوردی کەرکووک هەر بەجارێ و بەهەموو ڕێباز و بیروباوەڕێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینییانەوە و تەنانەت ئەوانەیشیان کە هیچ ئارەزوویەکی بەشداری لە سیاسەتدایان نەبوو و لە هاونیشتمانانێکی سادە و ساویلکە بەولاوە نەبوون، لەلایەن بەشدارانی کودەتا و (گاردی نەتەوەیی - الحرس القومی)یەوە کە زۆرتری لاوانی تورکمان بووبوون بەئەندامی و دەستیان بەسەر هەموو دەزگاکانی لە پارێزگاکەدا گرتبوو، تووشی کوشتار و گرتن و دەستدرێژی کردنە سەر و تالان و چەپاوێکی بێ ئامانی هەمەسەرە هاتن. یەکەمین کار کە (گاردی نەتەوەیی)، بەهاوکاری لەگەڵ دەزگا ئاسایشییەکانی شاردا کردیان، ئەوەبوو (گەڕەکی کۆماری)یان کە کوردە هەژارەکانی تێدا دادەنیشتن، سەرلەبەری بەبەلدۆزەرەکانی شارەوانی و سوپا خاپوور کرد و٥١ دانیشتووانەکانیان سواری زیلی سوپایی کرد و لەسەر سنووری ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان هەڵیانڕشتن. پاش دەست پێکردنەوەی جەنگیش



لە کوردستان لە حوزەیرانی ١٩٦٣دا کە سوپا و گاردی نەتەوەیی و جاشە چڵکاوخۆرەکان هێرشێکی دڕندانەیان بۆ سەر هەموو کورد دەست پێکرد و تەنها ئەو تاکوتەرایانەیان لێ هەڵبوارد کە لەگەڵ ڕژێم هاوکارییان دەکرد، ڕژێم بەدەست خستنە ناو دەستی یەکدی لەگەڵ بەشی زۆری تورکمانەکانی ناوشار، ئەوەندەی تری پەرە بەکاری «تۆڵە سەندنەوە» لە کوردی ناوشار و بەشی زۆری ناوچەکانی پارێزگادا.

**ئەو کارانەی کودەتاچییەکانی شوباتی ١٩٦٣ لە ناوچەی کەرکووک کردیانن.**

ئەمانەی خوارەوە هەندێک لەو کارانەی کودەتاچییەکانی شوباتی ١٩٦٣یە کە دژی کورد لەم ناوچەیەدا کردیانن:

١- ڕووخاندنی گوندە کوردەکانی نزیکی شاری کەرکووک و بەتایبەتی ئەوانەیان کە لە چاڵە نەوتەکانەوە نزیکن و ژمارەیان دەگاتە ١٣ گوند و ئەمانەن: سۆنەگۆلی، یاروەلی، پەنجاعەلی، وەلی پاشا، قزڵقایە، چیمەنی گەورە، چیمەنی گچکە، جەوڵ بۆر، هەنجیرە، قوتان، قوشقایە، شۆراو، باجوان.

٢- کۆچ پێکردنی هەموو کوردەکانی گوندەکانی سەر بە ناحیەی دووبز (کە ئێستا کردوویانە بەقەزای «دبس») و، پاشان هێنانی هەندێ خێڵە عەرەب و دەشتەکیی عەرەب بەسەرۆکایەتیی کابرایەک بەناوی (عواص صدید) بۆ نیشتەجێکردنیان لەو گوندانەدا. کاری کۆچ پێکردن و بەعەرەبکردن ئەم گوندانەی گرتەوە: (قەرەدەرە، عەمشە، مەرعی، قەڵاعەربەت، کتکە، قوتانی خەلیفە، قوتانی کوردەکان، سێکانییان، گورگەچاڵ، شێخان،نادراوا، دڕکەی کوردەکان، قەرە هەیبەت، عەلاغەیر، مامە، شێرناو، تەقتەق، کونەڕێوی، چەخماخە، مەلحە). پاشانیش هەروا کاری کۆچ پێکردن و بەعەرەبکردن کۆمەڵە گوندێکی تریشی گرتەوە کە ئەمانەن: (جاستانە، دەربەند، سەر بەشاخ، پەرکانە، عەولاخان، سارەلوو، شناغە، دڕکەی گەورە، دڕکەی بچووک، چەوت،

(کیسمه)، تەل هەلالە، گەزۆمشان، گەڕاو) و هیی تر.

٣- لەسەر کار لادانی کۆمەڵێکی زۆر لە کرێکارانی کورد کە لە ساختمانەکانی کۆمپانیای نەوتدا کاریان دەکرد، یا گواستنەوەیان بۆ ساختمانی تر لە دەرەوەی پارێزگای کەرکووک. هەروەها میریی ژمارەیەکی تریشی لە وردە کاربەدەستان دوور خستەوە بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق کە بەشێکیان مامۆستای سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی بوون.

٤- میریی ژمارەیەکی زۆری عەرەب هێنا و وەک پۆلیس یا وەک کرێکاری کۆمپانیی نەوت دایمەزراندن لەگەڵ ئەوەیش کە هیچ شارەزاییەکی لەوەو پێشیان نەبوو چونکە زۆرتریان خێڵەکی بوون.

٥- دامەزراندنی دەیان ڕەبیەی سوپایی بەسەر بەرزایی و تەپۆڵکە و گردەکانی دەوروبەری شاری کەرکووکەوە و لەو شوێنانەدا کە لە ساختمانەکانی نەوتەوە نزیکن و، کردنی ئەو شوێنانە بەناوچەی سەر بەئاسایش کە نابێ کەس لێیان نزیک ببێتەوە پاش چاندنی مین بەو شوێنانەدا.

٦- چەکدارکردنی ئەو خێڵە عەرەبانەی هێنرابوون بۆ نیشتەجێکردنیان لە گوندەکانی کوردەکاندا. میری چەند یەکەیەکی غەیرە نیزامیش لە خێڵە عەرەبەکانی عوبێد و جبوور و خێڵەکانی تر پێکەوەنا بۆ یارمەتیدانی سوپا لە هێرش بردندا بۆ سەر پێشمەرگەی کورد و دانیشتوانی گوندە کوردەکانی ناوچەکە.

٧- گۆڕینی ناوی قوتابخانە و شەقامەکانی کەرکووک و ناچارکردنی خاوەن کۆگا بازرگانییەکان کە ناوی عەرەبی لە کۆگاکانیان بنێن. مەبەستیشی لەم هەنگاوە جێبەجێکردنی سیاسەتی بەعەرەبکردنی شارەکە بوو کە بەشێوەیەکی ئاشکرا و ڕوو هەڵماڵراو دەستی درابوویە.

٨- پاش هەموو ئەمەیش، بردنی هێرشێکی سوپایی بەربڵاو بۆسەر بەشەی



زۆری گوندەکانی پارێزگاکە بەمەبەستی تۆقاندنی دانیشتوانیان بۆ ئەوەی ناچار ببن بەجێیان بهێڵن و عەرەب لە جێیان لەو گوندانەدا نیشتەجێ بکرێن.

سیاسەتی کۆچ پێکردن و ڕووخاندنی گوندەکانی کوردان لە پارێزگای کەرکووک و، زیاد لەمەیش ڕووخاندنی گەڕەکە کوردەکانی ناو کەرکووک و ناچارکردنی دانیشتوانیان کە بەیەکجاری بەجێیان بهێڵن و گواستنەوەی بەشی زۆری کاربەدەست و کرێکارانی کورد، سیاسەتێکی نەلەقیوی هەموو ئەو حکوومەتانەی عێراق بووە لە سەرەتای ١٩٦٣وە تا ساڵی ١٩٦٨ کە حوکمیان لە عێراقدا لە دەستدا بووەو، هەندێکیش لەم حکوومەتانە سیاسەتی چڵکاوخۆرگرتن و جاش ڕاگرتنیان لەناو کوردەکاندا گرتە بەر بۆ ئەوەی کورد بکەن بەگژی کورددا، بەو جۆرە کە تیپی نا نیزامییان لێ دروست بکەن و پارەیەکی مۆڵ بدەن بەهەموو ئەوانەی دەتوانن شان بەشانی میری چەک هەڵبگرن، یا ترساندنیان بەوە کە ئەگەر نەبن بەجاش و چەک لەگەڵ حکوومەت نەکەنە شان، گوندەکانیان کاول دەکەن بەسەریاندا!

**٣- ماوەی لە ١٩٦٨ەوە تا ئێستا:**

پارتی بەعسی عەرەبی جارێکی تر لە ڕێگەی کۆدەتایەکی سوپاییەوە کە لە ١٧ی تەمووز (یۆلیۆ)ی ١٩٦٨دا ڕووی دا، گەڕایەوە بۆ حوکمڕانیی. سەرکردەکانی ئەم پارتە لە سەرەتادا ویستیان دڵی خەڵکی هێور کەنەوە و متمانەیان بەخۆیان پێ پەیدا بکەن و گفتیان بدەنێ کەوا چیدی ئەو ڕێگای زەبروزەنگە ناگرنەوەبەر کە پاش کودەتاکەی شوبات (فبرایر)ی ١٩٦٣ گرتیانەبەر. مەبەستیان لەمە ڕووسپیی کردنی خۆیان بوو لە ناوەوە و لە دەرەوەی عێراق، چونکە پاش ئەوەی بۆ یەکەمجار لە ١٩٦٣دا دەسەڵاتیان گرتە دەست، کردەوەی دڕندانەی زۆریان دەرهەق مافی مرۆڤ کردبوو.

بەڵام سیاسەتی پارتی بەعس لەبارەی بەعەرەبکردنی کەرکووک و

بالادەست کردنی عەرەبەوە لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە لەو پارێزگایەدا هەر وەک خۆی مایەوە و هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهات، بەڵکو مەودایەکی بەربلاوتریشی گرتە خۆ و ئەمجارە بەگوێرەی نەخشەیەکی لێکۆڵراوە وەک پرۆگرامێکی جێگیربووی دەوڵەت بەڕێوە دەبرا. لەبەر ئەوە میریی پارێزگاری بۆ کەرکووک لەناو سەرکردەکانی پارتیی بەعسدا هەڵبژارد و دەسەڵاتی هەڵبواردەی بەربلاوی بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتەی دەدانێ کە بووبوو بەبەشێک لە سیاسەتی بالای دەوڵەت، وەک یەکێ لە پارێزگارە پێشووەکانی پارێزگای کەرکووک گوتوویەتی[٥٢].

ڕژێم، بۆ ئەوەی سیمای نەتەوەیی شاری کەرکووک و پارێزگای کەرکووک بگۆڕێ، پاش ئەوەی دەسەڵاتی گرتەوە دەست و خۆی جێگیر کرد، دەستی دایە جێبەجێکردنی ئەم کردارانەی باسیان دەکەین:

**ئەو کردارانەی ڕژێم لەناو شاری کەرکووک کردنی:**

١- گواستنەوەی پاشماوەی کاربەدەستە بچووکە کوردەکان بۆ دەرەوەی پارێزگای کەرکووک، بەمامۆستا و دەرزیێژەکانیشەوە، هەروا کرێکارانی هەموو کەرتە دەوڵەتییەکان و ساختمانەکانی کۆمپانیاکانی نەوتیش و، هێنانی کاربەدەست و کرێکاری عەرەب بۆ جێگاکانی ئەوان. ئەو کوردە لەبەر هەر هۆیەک بووە کەرکووک بەجێ بهێڵێ ناهێڵرێ جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ ئەوێ. ئەمەش بەش بەحاڵی گەلێ لەو کاربەدەست و کرێکارانە ڕووی داوە کە پێشان بەفەرمانی بەڕێوەبەرایەتی گوێزراونەتەوە بۆ پارێزگای تر و پاشان خانەنیشین کراون یا لەسەر کار دەرکراون و ویستوویانە بگەڕێنەوە بۆ شارەکەی خۆیان کە خانووبەرەیشیان تێدا هەبووە و خانووەکانیان بەناوی خۆیانەوە نووسراون لە تاپۆدا و لەگەڵ ئەوەیش نەهێڵراوە بگەڕێنەوە بۆ شوێنی جارانی خۆیان.

٢- گۆڕینی ناوی گەڕەکە کوردەکانی کەرکووک و ناونانی قوتابخانە و شەقام و بازاڕەکانی بەناوی عەرەبی و ناچارکردنی خاوەن کۆگا



بازرگانییەکان کە ناوی عەرەبی لە کۆگاکانیان بنێن. بۆ نموونە گەڕەکی (ڕەحیم ئاوا) ناونرا گەڕەکی (ئەندەلوس) و قوتابخانەی (ئاسۆ)ی سەرەتایی کوڕان ناونرا قوتابخانەی (تەلیعە) و قوتابخانەی ئامادەیی کوڕانی (کوردستان) ناونرا قوتابخانەی (عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان).

٣- کردنەوەی شەقامی پان و درێژ بەناو گەڕەکە کوردەکاندا وەک ئەوە کە شەقامێکی ٦٠ مەتر پان بەناوەڕاستی گەڕەکی شۆڕیجەدا کرایەوە و هەرچی خانووبەرەی بەرکەوت هەمووی بەپارەیەکی ناچیز لە خاوەنەکەی وەرگیرا و ڕێگای ئەو خانوو لێ وەرگیراوانەش نەدرا زەوی یا خانووی تر لەناو شاری کەرکووکدا بکڕن بۆ ئەوەی ناچاریان بکەن شارەکە بەجێ بهێڵن.

٤- دانانی ناونامەی (سجلی نفووسی) نوێ لەسەر ناونامەکانی سەرژمێرییەکەی ١٩٥٧و نووسینی ناوی «عەرەبە هاتووەکان» لەو ناونامەیەدا بۆ ئەوەی وا پیشان بدەن کە ئەوانە لە ساڵی ١٩٥٧ەوە لەوێن. ئا بەم جۆرە دەوڵەت بۆخۆی دەستی داوەتە کارێکی ساختەچییەتی بەڕەسمی و تا ئێستاش بەردەوامە لە خەریکبوونی بەم ساختەچییەتییەدا.

٥- سەندنەوەی مافی عەرز و خانوو فرۆشتن لە کورد مەگەر بەعەرەب، هەروا ڕێگرتنی ئەوە لێیان کە بەهەر ڕەنگێ بووە عەرز و خانوو بکڕن.دایەرەی شارەوانیی ڕوخسەتی خانووکردن و بەڵکو چاککردنەوەی خانوویش نادا بەکورد تەنانەت ئەگەر خانووەکەی خەریکیش بێ بتەپێ و زۆر پێویستی بەچاککردنەوە هەبێ، بۆ ئەوەی خاوەنە کوردەکەی ناچار ببێ خانووەکە بەجێ بهێڵێ و بیفرۆشێ و ئیتر هیچ چارەیەکی بۆ نەمێنێتەوە لەوە بەولاوە کە لە کەرکووک دەرچێ. ئەم کارە پاشان لەگەڵ تورکمانیش دەستی پێکرد و ئێستاش مەسەلەکە هەر بەم جۆرە دەڕوا.

٦- بەردەوامیی میریی لە دروستکردنی گومانی ساختەدا بۆ زۆر کەسی کورد، بەنیازی تۆقاندن و ناچارکردنیان کە شارەکە بەجێ بهێڵن و پاشان خۆی دەست بەسەر ماڵ و خانووبەرەیاندا بگرێ. هەروەها زۆر لە لاوان لەلایەن پۆلیسی ئاسایشەوە دەستگیردەکران بەبێ لێکۆڵینەوەویان دادگاییکردن. هاونیشتمانان هەمیشە بە چاوی خۆیان دەیابینی کە ئۆتۆمبێلی ئاسایش لاشەی مردووانی تێدا درێژکراوە بەبەرگی کوردییەوە و دەیانبەن لەو گۆڕستانەی خەڵکی ناویان لێناوە (گۆڕستانی غەریبان) و دەکەوێتە نزیکی جادەی کەرکووک و سلێمانی، دەیانشارنەوە!

٧- گواستنەوەی مەڵبەندی پارێزگا لە کۆشکە کۆنەکەیەوە لەگەڵ هەموو دایەرە ڕەسمییەکانی تر بۆ ناوچە بەعەرەبکراوەکەی شار کە دەکەوێتە ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگای گشتیی نێوان کەرکووک و بەغداوە، وەک چۆن بارەگای یەکێتی و سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەییەکانی تریش گوێزراونەتەوە بۆ هەمان ناوچە.

٨- میری دروستکردنی کارگە و ساختمانە حکوومەتییەکانی هەموو خستووەتە ناوچەکەی نزیک ڕێگای کەرکووک و حەویجە و تکریتەوە و هەزاران خانووی نشیمەنی بۆ ئەو کرێکارە عەرەبانە دروست کردووە کە هێناونی و لەو کارگە و ساختمانانەدا کاریان پێ دەکات.

٩- کردنی شارەکە و دەوروبەری بەبنکەیەکی گەورەی سوپایی و دروستکردنی پەناگە لەناو شار و دەرەوەی شار و، قەڵا کۆنینە مێژووییەکەی شاریشی کردووە بە قەڵایەکی جەنگی و کردوویە بەبنکەیەکی ڕۆکێت هەڵدان و ڕووی تۆپی لێوە کردووەتە گەڕەکە نشیمەنەکانی کورد و تورکمان.

١٠- گەورەترین کردەوە کە میریی کردوویە بۆ ئەوەی کەرکووکی پێ بکا بەعەرەب، ئەوەبوو دەیان هەزار خێزانی عەرەبی کۆمەڵ لەپاش کۆمەڵ تێدا نیشتەجێ کرد پاش ئەوەی خانوو و کاری بۆ هەموویان دابین



کرد. بەرانبەر بەمە جارِیشی دا کەوا هەر کوردێ کەرکووک جێ بهێڵێ، لە هەندێ ناوچەی باشوور یا ناوەڕاستی عێراقدا کە ڕژێم خۆی دەستنیشانی کردبوون ئەو خانووی بۆ ئامادە دەکا، یان پارچە عەردێکی لە (ناوچەی ئۆتۆنۆمی) دەداتێ.

میریی لە ساڵانی حەفتا و هەشتادا چەند گەڕەکی نشیمەنی لە هەموو ڕوویەکەوە تەواوی لە شاری کەرکووک دروست کرد بۆ نیشتەجێکردنی عەرەب و، زۆرتری ئەم عەرەبانەی لە پۆلیس و ئاسایش و ئیستیخبارات و موخابەرات و لە سوپادا دامەزراند یا کردنی بەکرێکار لە ساختمانە حکوومەتییەکاندا. هەروا زۆریشیانی لە ڕەبییەکانی دەوروبەری کەرکووک و لە ڕێکخراوەکانی پارتی بەعسیدا دامەزراند. ئەو گەڕەکە نشیمەنییانەی ڕژێم تا دوادوایی ساڵی ١٩٨٩ بۆ نیشتەجێ کردنی «عەرەبە هاتووەکان»ی دروست کردوون، ئەمانەن:

أ- نزیکەی ٦٠٠ یەکەی نشیمەنی لە بۆشاییەکەی بەرانبەر گەڕەکی (ئازادی) و گەڕەکی (ئیسکان)دا - چوارباغی جاران - کە دوو گەڕەکی کوردن لە نزیک ڕێگای گشتیی نێوان کەرکووک و سلێمانییەوە دروستکران و، ناویان لێنرا گەڕەکی (کەرامە). هەروەها ئۆردووگایەکی تانک و زرێپۆشیش هەر لە نزیکی گەڕەکی ناوبراوەوە دروست کرا بەمەبەستی پارێزگاری کردنی دانیشتووانی ئەم گەڕەکە. ئەمەیش هەموو لە ساڵی ١٩٧٠دا و پاش ماوەیەکی کەم لە مۆرکردنی ڕێکەوتننامەکەی ١١ی ئادار (مارس)ی نێوان ڕژێم و بزووتنەوەی کورد بوو.

ب- لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٢ و ١٩٧٣دا ڕژێم نزیکەی ٥٠٠ یەکەی نشیمەنیی تری لە نزیک گەڕەکی (کەرامە)ی ناوبراوەوە کردەوە و ناوی لێنان گەڕەکی (ئەلموسەننا). ئەم گەڕەکە سێ کیلۆمەترەیەک لە گەنجینەی چەک و جبەخانەی تیپی دووەوە دوورە و دەکەوێتە سەر ڕێگەی کەرکووک و یارووەلی.

ج- ڕژێم لە ساڵانی ١٩٨١ و ١٩٨٢دا ٢٠٠ پارچە عەردی نشیمەنیی بەسەر کەسوکاری (شەهیدانی قادسیەی سەدام)دا دابەش کرد لە نزیک ڕێگای کەرکوک و سلێمانییەوە و پارەی زۆریشی بەبەخشش و بەقەرزی بێ سوودی عیقاری دانێ بۆ ئەوەی عەردەکانیان بکەن بەخانوو، زۆرتری ئەمانەش عەرەب بوون.

د- گەڕەکێ بەناوی گەڕەکی (ئەندەلوس)ەوە لە بەرانبەر گەڕەکی (ڕەحیم ئاوا)وە کە گەڕەکێکی کوردە، دروست کرا. ئەم گەڕەکە نوێیە دەکەوێتە نزک ڕێگای کەرکوک و هەولێر و بۆ ئەو عەرەبانە دروست کراوە کە لە کارگەی کۆکاکۆلاکە دانراون کە لەسەر ڕێگاکەیە. ئەم ناوی (ئەندەلوس)ەش کرا بەناو بۆ ئەم گەڕەکەیش و بۆ (ڕەحیم ئاوا)یش و مەبەستیش لەمە بەعەرەبی کردنی ناوە کۆنەکەی (ڕەحیم ئاوا) بوو.

هـ - لە ساڵی ١٩٧٩دا نزیکەی ٢٠٠٠ یەکەی نشیمەنیی لە (کەرکووکی نوێ/ عەرەفە) لەلایەن کۆمپانیای موقاوەلاتی حکوومەتییەوە و، نزیکەی ٤٠٠٠ یەکەی تریش هەر لەو ناوچەیەدا لەلایەن کۆمپانیایەکی خانووکردنەوەی بێگانەوە کرایەوە.

و- ڕژێم فڕۆکەخانەیەکی سوپایی گەورەی لە بەری ئەوبەری گەڕەکی (عەرەفە)، لە باشوور ڕۆژاوای ڕێگای گشتیی نێوان کەرکووک و دووبز (دبس)ەوە دروست کرد بەرانبەر شەقامەکەی بەرانبەر بارەگای تیپی دووی سەر بەفەیلەقی یەک کە ئێستا لە کەرکووک جێی خۆی گرتووە.

ز- ڕژێم پتر لە ١٠٠٠ یەکەی نشیمەنیی لەمبەر و لەوبەری ڕێگای کەرکوک و دووبز (دبس)ەوە بۆ کرێکارانی کۆمپانیای دەرهێنانی گۆگرد و ئیشکەرانی سەر بەپاڵفتگای نەوت دروست کرد. ئەمانە هەموویان لە «عەرەبە هاتووەکان»ن. بەم کۆمەڵە خانووە دەوترێ خانووەکانی گەلکاری (العمل الشعبی).



ح- ٥٠٠ خانووی تر لە گەڕەکی ئەفسەران دروست کرا کە دەکەوێتە بەرانبەر ئۆردووگای کەرکووک و فڕۆکەخانەی سوپاوە. ئەم خانووانە بەدرێژایی ئۆردوگاکەدان تا دەگاتە هێڵی شەمەندەفەرەکە و ئێسگەکەی شەمەندەفەری کەرکوک. بەشێ لەم خانووانە لەبەردەمی دەرگای نیزامیی فڕۆکەخانەی سوپایی و دەرگای نیزامیی تیپی دوودا بۆ ئەفسەرە گەورەکان دروست کراون.

ط- چەند گەڕەکێکی نشیمەنیی لە ناوچەی نێوان ئۆردووگای کەرکوک و ئێسگەی شەمەندەفەر تا دەگاتە گەڕەکی (تسن/ تسعین) و ڕێگەی کەرکوک - حەویجە - تکریت و پاشان ڕێگای کەرکوک - بەغدا و ئێستگەی تەلەفزیۆن و تا ڕووباری خاسە دروست کراون بەم جۆرەی ئێستا باسی دەکەین:

١- دروستکردنی پتر لە ٨٠٠ خانوو لە گەڕەکێکدا کە ناوی لێنراوە گەڕەکی (بەعس).

٢- دروستکردنی چەند سەد خانوو لە پێوانەی نێوان ڕێگای کەرکوک و تکریت و ئێسگەی تەلەفزیۆنی کەرکوک ناویان لێنراوە گەڕەکی (واسیتی).

٣- دروستکردنی نزیکەی ٤٥٠ خانوو لە گەڕەکی (سکەک).

٤- دروستکردنی پتر لە ١٠٠ خانوو لە هەمان ناوچەدا ناویان لێنراوە گەڕەکی (ئیشتیراکیەت).

٥- دروستکردنی چەند سەد خانوو لە بەری لای چەپی ڕێگای گشتیی نێوان کەرکوک و بەغداوە تا ئاوەڕۆی خاسە، ناویان لێنراوە گەڕەکی (غەرناتە).

٦- دروستکردنی نزیکەی ١٠٠٠ خانوو لە بەری ئەوبەری ڕووباری خاسەوە بەرامبەر ئێسگەی تەلەفزیۆنی کەرکوک لە باشووری شارەوە لەسەر ڕێگای گشتیی نێوان کەرکووک و لەیلان و، ناویان لێنراوە گەڕەکی (حەجاج).

٧- دروستکردنی چەند سەد خانووی تر لە نێوان قەسابخانەی کەرکووک و گەڕەکی حەججاج ناویان لێنراوە گەڕەکی (عورووبە).

٨- دروستکردنی چەند سەد یەکەی نشیمەینی لە باشووری گەڕەکی (قوتەیبە)ی پۆلیسە هاتووەکان، ناویان لێنراوە گەڕەکی (شورتە).

٩- میریی چەند هەزار پارچە عەردی نشیمەنیی دابەش کردووە بەسەر پۆلی یەکەمی ئەو عەرەبانەدا کە هێناونی تا لە ناوچەی پاش خاڵی سەیتەرەی ڕێگای کەرکووک و لەیلان نیشتەجێیان بکات و هەریەکە ١٩ هەزار دیناری داونێ تا پارچە عەردەکەیانی پێ بکەن بەخانوو.

ئەمانە کە پۆلی دووهەمیشیان هاتن چەند هەزار پارچەعەردی تریان بەدرێژایی ١٨ کیلۆمەتر لەمبەر و لەوبەری ڕێگای گشتیی نێوان کەرکووک و لەیلاندا تا دەگاتە ناو شارۆچکەی لەیلان خۆی، بەسەردا دابەش کردن.

١٠- دروستکردنی ٤٠٠ شوققەی نشیمەنیی لەنێوان گەڕەکی موسەللا و قەسابخانەی کۆندا و دانی ١٠ هەزار دینار بەهەر خێزانێکی عەرەب کە هاتبێتە ئەوێ بەمەرجی نفووسیان بخەنە سەر ناونامەی کەرکووک.

١١- میریی هەروەها ٢٠٠ پارچە عەردی نشیمەنیی لە گەڕەکی ئیمام قاسمدا کە گەڕەکێکی کوردە دابەش کرد بەسەر کۆمەڵێ عەرەبدا و هەریەکی ١٠ هەزار دیناری پێ بەخشین، سەرەڕای ئەو قەرزی بانکی عیقارییەیش کە دەیاندرێتێ بۆ ئەوەی عەردەکەی پێ بکەن بەخانوو.

١٢- هەر لەو ناوچەیەدا پتر لە ٢٠٠ خانووی تریش دروست کرا ناویان لێنرا گەڕەکی (وحدە) و، نزیکەی ١٥٠ی تریش دروست کرا ناویان لێنرا گەڕەکی (حورییە) و، ٢٢٠ خانووی تریش دروست کرا لەنێوان گەڕەکی (حورییە) و (شۆڕیجە)دا ناویان لێنرا گەڕەکی (دووروئەمن)[٥٣].



لە ڕۆژانی ڕاپەڕینەکەی ئادار (مارس)ی ١٩٩١دا و بەرلەوەی شاری کەرکووک لە ستەمی ڕژێمی دیکتاتۆریی ڕزگار ببێ، لە ٢٠ی ئاداردا وەزیری بەرگریی عێراقی ئەو سەردەمە عەلی حەسەن مەجید هەزاران کوردی گرت هەندێکیان سەرباز بوون بۆ پشوودان هاتبوونەوە بۆ کەرکووک بەئیجازە. ئەمان هەموو برانە گرتووخانەکانی مووسڵ و تکریت و زۆریان بەهۆی ئەوەوە کە ئاو و خۆراکیان نەدەدانێ لە چەند ڕۆژێکدا مردن، ئەوانیشیان تا ماوەیەکیان بەسەردا نەچوو بەرەڵڵایان نەکردن، هەر ئەم عەلی حەسەن مەجیدە خۆی، لە سەرەتای ئادار (مارس)ی ١٩٩١دا، بەسەر ڕووخاندنی نزیکەی ٨٠ خانووی هاونیشتمانانی کورد و تورکمانی گەڕەکی (ئەڵماس)ی نزیک (گاورباغی)یەوە، وەستا. هەروەها لە حوزەیران (یۆنیۆ)ی هەمانساڵدا بەسەر ڕووخاندنی دەیان خانووی تری گەڕەکی (شۆریجە)یشەوە وەستا کە گەڕەکێکی کوردە.

ڕژێم ئێستایش هەروا بەردەوامە لە کۆچ پێکردنی کورد و تورکماندا لە کەرکووک. هاونیشتمانانی کورد بانگ دەکەن و دوو ڕێگایان لە بەردەمدا دادەنێن: یا بڕۆن بۆ باشووری عێراق و کەلوپەل و شتومەکی ناوماڵیان لەگەڵ خۆیان بەرن، یا بەتەنیا جلەکانی بەریانەوە بڕۆن بۆ ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان و هەرچییان هەیە بەخانووبەرە و شتومەکی ناوماڵ و دارایی تریانەوە ڕژێم هەمووی زەوت بکا بۆ خۆی.

بەهۆی بۆردومانکردنی کەرکووک و دانەبەر ڕۆکێت و تۆپ لەلایەن گاردی کۆماری و هێزە تایبەتییەکانەوە لە پاش کۆتایی هێنانی جەنگی کەنداو، شارەکەیان لەدەست پێشمەرگە دەرهێنایەوە، هەزاران خێزانی کورد ناچار بووبوون لە ماڵ و حاڵی خۆیان هەڵکەنرێن و کەرکووک بەجێ بهێڵن. ئەمانە پاشان دەیانویست بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان، بەڵام بەهیچ جۆرێ ڕێیان نەدرا و، هەرچەندیش ئەو ڕێکەوتننامەیەی لە مایس (ئایار)ی ١٩٩١دا لە نێوان سەرکردەکانی کورد و ڕژێمی عێراقدا مۆر کرا بێ پێچ و پەنا دەڵێ: دەبێ ڕێگای هەموان بدرێ بێنەوە سەر خانە و لانەی

خۆیان و لەو شوێنانەدا نیشتەجێ ببنەوە کە جاران تیایاندا بوون و بەهۆی ئەو وەزعەوە بەجێیان هێشتبوون کە لێیان دواین، ڕژێم ڕێگای بەشی هەرەزۆریانی نەدا بگەڕێنەوە و خانوو و ماڵ و هەرچییان هەبوو زەوتی کرد و، پێشتریش لەکاتی داگیرکردنەوەی کەرکووکدا گاردی کۆماری و هێزی تایبەتی و «عەرەبە هاتووەکان»ی نیشتەجێی کەرکووک هەرچی لە ماڵ و دووکان و کۆگاکانیاندا هەبوو هەموویان چەپاو کردبوو و گسکیان لێ دابوو.

ئێستا دەیان هەزار خێزانی کوردی خەڵکی ناوچەی کەرکووک لە بارودۆخی ژیانێکی سەخت و دژواردا لەژێر خێوەت و لە هەندێ لە کۆمەڵگاکانی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستاندا دەژین و بەهۆی ئەو بارودۆخە سەختەی ژیانیانەوە زۆریان لێ مردوون، بەتایبەتی منداڵ و پیر. ئەمانە بۆ دابین بوونی ژیانیان تەنها ئەو یارمەتی و دەسگرۆییە شک دەبەن کە ڕێکخراوە فراڕەسییەکان و سازمانە نێودەوڵەتییەکان دەیاندەنێ. حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەهۆی دەستە و گرووپەکانی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کە لە کوردستانی ئازادکراو کار دەکەن، داوای کرد بەڵکو کاری بکرێ حکومەتی عێراق بەپێی بڕیاری ژمارە ٦٨٨ی ساڵی ١٩٩١ی ئەنجوومەنی ئاسایشی دەوڵەتان، ڕێگای ئەم ڕۆڵانەی شاری کەرکووک بدا لەژێر چاودێریی چاودێریکەرانی نێودەوڵەتاندا بگەڕێنەوە بۆ خانە و لانەی خۆیان، بەڵام ئەوەبوو ڕژێمی عێراق بەهیچ کلۆجێ بەمە قایل نەبوو.

ئەمەبوو، بەکورتی، ئەو کارە ناهەقی و ستەمکارانەی کە ڕژێم بەمەبەستی بەعەرەبکردنی کەرکووک کردوونی. وا ئێستا هێمایەک بۆ ئەو کارانەیش دەکەین کە بەمەبەستی بەعەرەبکردنی سەرانسەری ناوچەکە کردوونی.



**ئەو کارانەی ڕژێم بۆ بەعەرەبکردنی پارێزگای کەرکووک، کردوونی:**

لەناو ئەو کارانەدا کە ڕژێم بۆ گۆڕینی باری نەتەوەیی پارێزگای کەرکووک کردوونی، هێما بۆ ئەم کارانە دەکەین:

١- گۆڕینی ناوی پارێزگاکە لە (١)ی حوزەیران (یۆنیۆ)ی ساڵی ١٩٧٢دا، بەناوی (تەئمیم) بەبۆنەی خۆماڵی کردنی کۆمپانییە بێگانەکانی نەوتەوە کە لە عێراق کاریان دەکرد. مەبەستی سەرەکی لەم ناوگۆڕینە، بەعەرەبی کردنی ناوی پارێزگاکە بوو، ئەگینا وەنەبێ خۆماڵی کردنی نەوت هەر ئەو کۆمپانیا نەوتییە بێگانانەی گرتبێتەوە لە کەرکووک کاریان دەکرد، هەموویانی لە هەموولایەکی عێراقدا گرتەوە[٥٤].

٢- بەردەوامیی ڕژێم لە هێنانی دەیان هەزار خێزانی عەرەبدا بۆ نیشتەجێکردنیان لە کەرکووک و دەوروبەری.

لەگەڵ ئەوەیش ئەو سەرژمێرییەی لە ١٩٥٧ لە عێراقدا کرا، لە هەندێ لە گەڕەکە میللییە کوردەکانی کەرکووکدا هەندێ ساختەکاریی لەلایەن هەندێ لەو سەرژمێرانەوە تێدا کرا کە سەرژمێرەکەیان دەکرد، ئێمە هەر بەبنەمای دیاریکردنی باری نەتەوەیی لە پارێزگای کەرکووک دایدەنێین[٥٥]. هێڵ بەندیی شەشەمی تایبەت بەپۆل بەندی کردنی دانیشتووان لەبارەی زمانی دایکەوە لە لیوای کەرکووک بەگوێرەی سەرژمێرە گشتییەکەی ساڵی ١٩٥٧، باری نەتەوەیی خەڵکی پارێزگاکەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە[٥٦].

**هێڵ بەندیی شەشەمی تایبەت بەپۆڵبەندیی دانیشتووان**
**لەبارەی زمانی دایکەوە لە لیوا (پارێزگا)ی کەرکووک**
**بەپێی سەرژمێرییەکەی ساڵی ١٩٥٧**

| زمانی دایک | شاری کەرکووک | لیوای کەرکووک | سەرجەمی تێکڕای لیوای کەرکووک |
|---|---|---|---|
| عەرەب | ٢٧١٢٧ | ٠٨٢٤٩٣ | ١٠٩٦٢٠ |
| کورد | ٤٠٠٤٧ | ١٤٧٥٤٦ | ١٨٧٥٩٣ |
| تورکمان | ٤٥٣٠٦ | ٠٣٨٠٦٥ | ٠٨٣٣٧١ |
| کلدانی و سریانی | ١٥٠٩ | ٠٠٠٠٩٦ | ١٦٠٥ |

بەراوردێکی سادە لە نێوان ئەوەی لە هێڵ بەندیی باسکراودا هاتووە و ئەو سەرژمێرییانەی دواتر پاش دەست کردن بەکاری بەعەرەبکردنی ناوچەکانی کوردەواری و بەتایبەتی لە ناوچەی کەرکووکدا کراون، ئەوەمان بەئاشکرا بۆ دەردەخا کە مەودای ئەم کاری بەعەرەب کردنەوەی ڕژێم لە ناوچەکەدا کردوویە چەند بەربڵاوە، ڕادەی عەرەب لە پارێزگای کەرکووک لە ٢٨,٢ ٪ی تێکڕای دانیشتووانی لیواوە بەگوێرەی سەرژمێری ١٩٥٧ ، بەگوێرەی سەرژمێریی ١٩٧٧ گەیشتووەتە ٤٤,٤١ ٪ ، لە هەمان کاتیشدا ڕادەی تورکمان لە ٢١,٤ ٪ لەوە بەگوێرەی سەرژمێری ١٩٥٧ ، هاتووەتە خوارەوە بۆ ١٦,٣١ ٪ی دانیشتووان بەگوێرەی سەرژمێری ١٩٧٧[٥٧].

ڕادەی کوردیش لە هەمان ماوەدا لە ٤٨,٣ ٪ وە بۆ ٣٧,٥٣ ٪ دابەزیوە. ئەم خشتەیەی خوارەوەش ئەوە بەڕوونی نیشان دەدات:



**هێڵ بەندییەک لەبارەی باری نەتەوەیی پارێزگای کەرکووکەوە**
**بەگوێرەی سەرژمێرییەکەی ساڵی ١٩٥٧ و سەرژمێرییەکەی ساڵی ١٩٧٧**

| نەتەوە | سەرژمێرییەکەی ساڵی ١٩٥٧ | سەرژمێرییەکەی ساڵی ١٩٧٧ |
|---|---|---|
| کورد | ٤٨,٣ ٪ | ٣٧,٥٣ ٪ |
| عەرەب | ٢٨,٢ ٪ | ٤٤,٤١ ٪ |
| تورکمان | ٢١,٤ ٪ | ١٦,٣١ ٪ |

هیچ سەرژمێرییەکی (فەرمی و ڕەسمی)شمان لەبارەی باری نەتەوەی شاری کەرکووک و پارێزگاکەوە دوای ئەو مێژووە لەبەردەستدا نییە، ڕژێمیش هەر بەردەوامە لە نیشتەجێکردنی عەرەب تیایاندا و دەرکردنی کورد و تورکمانیش بەکۆمەڵ، وەک دواتر باسی لێوە دەکەین.

٣- ڕژێم بۆ ئەوەی زەویوزاری کشتوکاڵیی هەندێ لە خاوەن موڵکە کوردەکان بکڕێ لێیان، پەنای بردووەتە بەر هەرچی ڕێگای تۆقاندن و دڵدانەوە هەیە و هەمووی لەگەڵ بەکارهێناون. بۆ نموونە لە ناحیەی داقووق ڕژێم بەهۆی هەندێ نۆکەری وەک عەلی دەحامولعوبێدەوە پێشنیهادی بۆ کردن زەویوزارەکانیان بەنرخێکی دڵپەسند لێ بکڕێ. هەڕەشەیشی لەوانی تر کرد کە ئەگەر بێتو زەویوزارەکانیان نەفرۆشن پێی ئەوا هەموو گوندەکانیان بۆ کاول دەکا. جا ڕژێم ئەو زەوی و زارانەی لەگەڵ زەوی و زاری تری میری و ئەو زەویوزارانەی بەر قانوونی ئیسلاحی زەراعی دەکەوتن، هەمووی بەسەر خێڵە عەرەبەکاندا دابەش کرد و چەند گوندێکی نوێیشی بۆ دروست کردن و پۆلیسخانە و ڕەبیەی سوپایی بۆ پێکەوەنان تا لە هێرشی پێشمەرگەی کوردیان بپارێزن، هەمووشیانی چەکدار کردن لە کاتێکدا

کە نەیدەهێشت ئەو جووتیارە کوردانەی لە دێهاتە کوردەکانی دراوسێی ئەواندا دادەنیشتن هیچ جۆرە چەکێکیان هەبێ. لە مانگی ئایاری **١٩٩٦**دا ڕژێم بەگوێرەی فەرمانێکی تازە، هەموو زەویوزاری کوردەکانی ناوچەکانی داقوق و دوبز و پردێ و ناو شاری کەرکووک و دەوروبەری (ئیستفا) کردووە، بەنیازی دەرکردنیان لەو ناوچانە. لە سەرەتادا ڕژێم دەستی کردووە بەجێبەجێکردنی ئەم بڕیارەی لە ناحیەی داقووق کە زیاتر گوندەکانی خێڵەکانی داوودە و تاڵەبانی و کاکەیی دەگرێتەوە کە ڕووبەری زەویوزاری کشتوکاڵیان دەیان هەزار دۆنم دەبێت، حکوومەتی بەعس ئەم زەویوزارانەی دابەش کرد بەسەر خەڵکی عەرەبی ناوچەی (حەویجە) و خوارووی حەمرین و پیاوەکانی ڕژێم لە دەزگاکانی ئەمن و فەیلەق، لەژێر چاودێری تەها جەزراویی، جێگری سەرکۆماری عێراق.

٤- ڕژێم هەموو ناوچەکانی دەوروپشتی کەرکووک و چاڵە نەوتەکان و ساختمانە نەوتییەکانی لە پارێزگاکەدا کردووە بەناوچەی سوپایی و ئەمنی و مینی سوپایی تێدا چاندووە کە چیتر نابێ کەس لێیانەوە نزیک کەوێتەوە. بەر لەوەیش ئەم کارە بکا، دانیشتووانی گوندەکانی نزیک ئەو ناوچانەی هەموو ڕاگوێزتەوە و سەدان ڕەبیە و سەنگەر و پەناگای پتەوی لە ئاست ئەو گوندانە و ئەو ڕێگایانەدا کە دەچنەوە سەر ئەو گوندانە دروست کرد، تەنانەت بەش بەحاڵی ئەو ڕێگایانەی دەرەوەیش کە کەرکووک بەشارەکانی نزیکیەوە دەبەستن، هەر وایکرد.

٥- پێوەندی چوار قەزای لە سەرجەمی حەوت قەزای سەر بە پارێزگای کەرکووکی بەپارێزگاکەوە بڕی و بەستنیەوە بە پارێزگاکانی نزیکیانەوە بۆ ئەوەی کورد لەچاو دانیشتووانی هەموو پارێزگای کەرکووکدا بکات بەکەمایەتییەک. ئەوەبوو دوو قەزای کوردی (چەمچەماڵ) و (کەلار)ی بەتەواوی بەپارێزگای سلێمانیی دراوسێیانەوە بەست و، قەزای (کفری)یشی کە بەشی هەرە زۆری دانیشتووانی کوردن



خستەسەر پارێزگێ دیالە و، قەزای (دوزخورماتوو/ تووز)یشی کە هەروا زۆرتری دانیشتووانی کوردن - کرد بەیەکی لە قەزاکانی پارێزگای سەلاحەدین (تکریت) هەرچەند لێیشیەوە دوورە.

ئامانجی ڕژێم لەم کارەی چاککردنی چۆنییەتیی بەڕێوەبردن یا بەستنەوەی ناوچە دوورەکانی پارێزگایێ بەپارێزگایەکی نزیکترەوە نەبوو. قەزای حەویجەی کە هەر لەپاڵ پارێزگای سەلاحەدین دایە و زۆرتری دانیشتووانی عەرەبن، نەنووساند بەپارێزگای سەلاحەدینەوە. کەچی قەزای (دووز خورماتوو/ تووز)ی کە زۆریش لێیەوە دوورە، پێوە لکاند، چونکە لە هەندێ ناوچەی ئەمەدا نەوت هەیە و زۆرتری دانیشتووانیشی کوردن.قەزای چەمچەماڵ و قەزای دووز خورماتوو (کە جاران بەمەی دووهەمیان دەگوت قەزای «گل») و قەزای کفری، هەر لە سەردەمی عوسمانییەوە تا ساڵی **١٩٧٦**لە ڕووی بەڕێوەبەرێتییەوە سەر بەپارێزگای کەرکووک بوون. ئامانجی سەرەکیی ڕژێم ئەوەبوو ئەم قەزایانە لە پارێزگای کەرکووک دابڕێ تا کورد لەم پارێزگایەدا ببن بەبەشێکی کەم. هەروەها ڕژێم زۆرتری گوندە کوردەکانی سەر بەم پارێزگایەی وێران کرد یا عەرەبی لەو گوندانەدا دانا کە دانیشتووەکانیانی گواستەوە بۆ شوێنی تر. بەش بەحاڵی قەزای (دووبز/ دبس)یش کە هەر لە ساڵی **١٩٦٣**وە دێهاتەکانی کرابوون بەعەرەب، مەسەلەکە هەر بەم جۆرە بوو، خۆ قەزای حەویجەش، ئەوە هەر لە ناوەڕاستی ساڵانی چلەوە دەستکراوە بەعەرەب نیشتەجێ کردن تیایدا. بەم جۆرە ئەم سێ قەزایەی کە ئێستا سەر بەپارێزگای کەرکووکن، بەشی هەرەزۆریان کراوە بەعەرەب و، چوار قەزاکەی تریشی هەر بەیەکجاری لێی جوێ کراونەتەوە.

هەروەها ڕژێم، بەهەمان مەبەست، هەندێ گوندی کوردی سەر بەناحیەی (پردێ/ ئاڵتوون کۆپری)ی نزیکی پارێزگای هەولێری لەو ناحیەیە جوێ کردەوە و بەستنی بەناحیەی (قوشتەپە)ی سەر بەمەڵبەندی قەزای هەولێرەوە. هەندێ گوندی کوردی سەر بەناحیەی (کەندیناوە)ی سەر

بەپارێزگای هەولێریشی لەو ناحیەیە جوێکردەوە و دانیشتووە کوردەکانی کۆچ پێ کرد چونکە ئەو گوندانە نەوتیان تێدا دۆزرابووەوە و، بەستنی بەقەزای (دووبز/ دبس)ی سەر بەپارێزگای کەرکووکەوە. ڕژێم هەروەها ویستی هەمان کردەوە لە ناحیەی (تەقتەق)ی سەر بەقەزای (کۆیە)یشدا بکا و بیبەستێ بەمەڵبەندی قەزای کەرکووکەوە، چونکە نەوتی تێدا دۆزرابووەوە. بۆ ئەم مەبەستە هات هەموو گوندەکانی ناحیەکەی کاول کردو تەقتەق خۆیشی کرد بەشارۆچکەیەکی عادەتی. هەر بەم جۆرە ڕژێم نۆ گوندی ناوچەی (پاڵانی)ی سەر بەناحیەی (قەرەتەپە)ی قەزای (کفری)یشی بەست بەناحیەی (جەلەولا)ی سەر بەپارێزگای دیالەوە و دانیشتووە کوردەکانیانی کۆچ پێ کرد بۆ پارێزگای ئەنبار و خەڵکێکی عەرەبی لە خێڵی (کوروی) هێنا و لەو گوندانەدا نیشتەجێی کردن.

٦- ڕژێم هەر بەوە دەستبەردار نەبوو کە خێڵی عەرەبی لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشوورەوە هێنا و لە کەرکووک دایمەزراندن و زەویوزاری بەسەردا دابەشکردن و هەڵاویردەیی زۆری دانێ و چەکی دانەدەست، بەڵکو سەدان گوندی کورد و هەندێ مەڵبەند ناحیەی کوردیشی ڕووخاند. کە بەهۆی نەتوانینی دابینکردنی ئاسایشەوە نەیدەتوانی عەرەبیان تێدا نیشتەجێ بکا. ڕژێم کۆچی بەدانیشتووانی ئەم گوند و ناحیانە کرد و بردنی بۆ کۆمەڵگا زۆرەملێیەکان کە لە هەندێ مەڵبەندی قەزا و ناحیە یا لە هەندێ پارێزگای تر بۆی کردبوونەوە و ناچاری کردن لەو کۆمەڵگایانەدا دانیشن و بژین بێ ئەوەی ڕادەی هەرە کەمی هۆیەکانی گوزەران و پێویستییە ناچارییەکانی ژیانی لەو کۆمەڵگایانەدا بۆ دابین کردبن. ڕژێم ئەمانەی لەم کۆمەڵگایانەدا دانا کە زۆرتریان ناوی عەرەبیی لێ ناون وەک (سمود = صمود) و (قودس) و (قادسییە) و هیی تر و، خستنیە ژێر چاودێریی ئاسایش بەجۆرێ نە کەس بتوانێ بچێتە کۆمەڵگاکان بۆ لایان و نە ئەوانیش بتوانن لە کۆمەڵگاکان بچنە دەرەوە بێ ڕەزامەندیی ئاسایشییەکان. ئەم



کۆمەڵگا زۆرەملێیانە هەر لەو ڕاگرتن خانانە (معتقلات) دەچن کە ڕژێمە فاشی و نازییەکان لەو وڵاتانەدا کە لە جەنگی دووهەمی جیهاندا داگیریان کردبوون، دروستیان کردبوون.

وا لە خوارەوە، بەژمارەوە، باسی هەندێ لەو گوند و مەڵبەند و ناحیانە دەکەین کە ڕژێم لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦٣ و تا دوادوایی ساڵی ١٩٨٩، لە پارێزگای کەرکووکدا، وێرانی کردوون:

**ئا - مەڵبەندی قەزای کەرکووک:**

چەند ناحیەیەک لە ڕووی بەڕێوەبەرییەوە سەر بەمەڵبەندی قەزای کەرکووکن کە بریتین لە پردێ (ئاڵتوون کۆپری)، شوان (ڕێدار)، قەرە هەنجیر، لەیلان (قەرە حەسەن)، تازە خورماتوو، یایچی.

**١- ناحیەی پردێ (ئاڵتوون کۆپری):**

شارۆچکەی پردێ (ئاڵتوون کۆپری) کە کەوتووەتە سەر زێی گچکە، لە ناوەڕاستی ڕێگای گشتیی نێوان کەرکووک و هەولێر دایە و مەڵبەندی ئەم ناحیەیە. ژمارەی دانیشتووانی ئەم شارۆچکەیە بەپێی سەرژمێرییەکەی ساڵی ١٩٥٧، کە تاقە سەرژمێرییەکە پشتی پێ ببەستێن، ٣٨٥٥ کەس بووە. زۆربەیان کورد و هەندێکیشیان تورکمانن. بەڵام تێکڕای دانیشتووانی گوندەکانی سەر بەم ناحیەیە، بەپێی هەمان سەرژمێر ١٤٨٦٣٩ کەسێکن و هەموو کوردن.

ڕژێم لە ساڵانی ١٩٦٩ و ١٩٨٦ و ١٩٨٨دا هەموو گوندەکانی سەر بەم ناحیەیەی کاول کرد. ئەو گوندانە تێکڕا گوندی کورد بوون. دانیشتووانی ئەو گوندانەیشی هەموو ڕاپێچی کۆمەڵگا زۆرەملێیەکانی پارێزگای هەولێر کرد. ڕژێم هەروەها هەندێ ئۆردووگای سوپایی گەورەیشی لەنێوان کەرکووک و پردێ (ئاڵتوون کۆپریدا) کردەوە و لە هەر ئۆردووگایەکیشدا سەدان خانووی بۆ ئەو کەسانە کردەوە کە لەوێ کاردەکەن.

ئەم ئۆردووگایانە بریتین لە:

١- ئۆردووگای (دارەمان) لە نزیک گەورە دێی (دارەمان)ەوە کە لە ساڵی ١٩٨٧دا کاول کرا.

٢- ئۆردووگای (سەقزلی).

٣- ئۆردووگای (ئاڵتوون کۆپری).

٤- ڕژێم لە ساڵی ١٩٧٤دا، بەگەلکاری، کۆمەڵگایەکی لە نزیکی (دارەمان)ەوە دروست کرد نزیکەی هەزار یەکەی نیشەمنیی تێدایە بۆ ئەوەی پۆلیسی تێدا دانێ، بەڵام تائێستایش کەسی تێدا دانەنیشتووە.

٥- ڕژێم ئۆردووگایەکی تر و قەڵایەکی پتەویشی لەگەڵ ١٠٠ خانووی تازە بابەت دروست کردووە. ئەم خانووانەی بۆ پێرسۆنێلی هێزی ئاسمانی دروست کردووە کە لەوێ دادەنیشن.

٦- ڕژێم ئۆردووگایەک و قەڵایەکی پتەویشی لە نزیکی گوندی وێرانکراوی (گەڵۆزی)یەوە دروست کردووە. دوو ئاواییشی تێدا دروست کردووە یەکێکیان ١٠٠ خانووە بۆ ئەفسەرە پۆڵەکان و ئەویشیان ٥٠ خانووە بۆ ئەفسەرەکان.

٧- ئۆردووگای (کتکە) لەگەڵ ٧٠ خانوو لە ساڵی ١٩٧٦دا دروست کراون.

٨- ئۆردووگای (گورزەیی) لەگەڵ ٤٠ خانوو، هەر لە ساڵی ١٩٧٦دا دروست کراون.

ڕژێم ئەم ئۆردووگا گەورە گەورانەی لە زەویوزارێکی کشتوکاڵیدا دروست کردووە، لە بارەی بەپیتییەوە ناووبانگی دەرکردووە و هیی جووتیارە کوردەکانە. کردنەوەی ئەم ئۆردووگایانە بوو بەمایەی وێرانکردنی نزیکەی ٣١ گوندی کورد کە ٢٠٩٢ خێزانی جووتیاری کوردیان تێدا دەژیا. هەندێ لەم خێزانە جووتیارە کوردانە لە ئەنفالە بەدناوەکەدا لەناوچوون[٥٨].

لەو ڕۆژەوە تا ئێستا ئەفسەرە گەورەکانی سوپا و کاربەدەستانی گەورەی



تری پارێزگاکە ئەو زەویوزارانەی کە دەکەونە دەرەوەی ئەو ئۆردووگایانەوە بۆ سوودی خۆیان دادەچێنن.

**٢- ناحیەی شوان (ڕێدار):**

ئەم ناحیەیە دەکەوێتە سەر ڕێگای گشتیی نێوان کەرکووک و کۆیە. هەر لە ساڵی ١٩٦٣وە ڕژێم دەستی کردووە بەڕووخاندنی هەندێ لە گوندەکانی ئەم ناحیەیە وەک گوندی (قزڵقایە) و (وەلی پاشا) و هیی تر. پاشان هەموو گوندەکانی تریشی ڕووخاند، تەنانەت مەڵبەند ناحیەی (ڕێدار/ شوان)یش. ژمارەی ئەو گوندانەی کاول کران گەیشتە نزیکەی ٧٠ گوند کە ٢٦٥٠ خێزانی جووتیاریان تێدا دادەنیشتن و، پاشان لە ساڵانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨دا کۆچیان پێ کرا بۆ کۆمەڵگا زۆرەملێییەکانی پارێزگای هەولێر[٥٩]. جا ڕژێم دەستی کرد بەدروستکردنی ئۆردووگای سوپا لە مەڵبەندی ناحیە و ناوچە نزیکەکانی دەوروبەری. ئیتر سەرانسەری ناوچەکە بوو بەناوچەیەکی سوپایی و قەدەغە کرا کەسی تێ بچێ یا لێی دەرچێ. هەروا داچاندنی زەویوزارەکانی ئەو گوندانەیش هەر قەدەغە کرا مەگەر بۆ پێرسۆنێلی سوپا و بەرپرسانی ناوچەکە.

**٣- ناحیەی قەرە هەنجیر (کە ناوەکەی کراوە بە «ئەڕڕەبیع»):**

گەورە دێی (قەرە هەنجیر) کە ئێستا بووە بەشارۆچکە، دەکەوێتە سەر ڕێگای گشتیی نێوان کەرکووک و سلێمانی. تەنها چەند کیلۆمەترێک لە کەرکووکەوە دوورە. جاران وەک هاوینەهەواری خەڵکی کەرکووک وابوو چونکە باخ و باخاتی زۆر بوو و هەوایشی بەهاوێندا فێنکە.

میری لەم ناوچەیەدا ناحیەیەکی پێکەوە ناوە و ناوی لێ ناوە ناحیەی (ئەڕڕەبیع) و قەرە هەنجیری بەم ناوە نوێیەوە کردووە بەمەڵبەندی ئەم ناحیەیە و سەدان خانووی بچکۆڵەی تێدا دروست کردووە بۆ نیشتەجێکردنی خەڵکی ئەو گوندە کوردانەی کاول کراون و، ٤٠٠ خێزانێکی کوردی کەرکووکیش لەوانەی لە کەرکووک دەرکراون هەروەها

تێدا نیشتەجێ کردووە، سەرەڕای عەرەبێکی زۆریش کە هێناونی بۆ بەڕێوەبردنی شارۆچکەکە و سەرپەرشتیکردنی کۆمەڵگا زۆرەملێیەکەی پێ سپاردوون.

ژمارەی گوندە وێرانکراوەکانی ئەم ناحیەیە گەیشتووەتە ٤١ گوند، کە نزیکەی ٢٢٣٠ خێزانی جووتیاریان تێدا بوو و لە ساڵانی ١٩٦٩ و ١٩٧٧ و ١٩٨٧و ١٩٨٨دا کۆچیان لەو گوندانە پێ کرا[٦٠].

**٤- ناحیەی لەیلان (قەرە حەسەن):**

شارۆچکەی (لەیلان) مەڵبەندی ئەم ناحیەیە و دەکەوێتە ٢٠ کیلۆمەترێ لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکووکەوە. ژمارەی دانیشتووانی ئەم شارۆچکەیە، بەگوێرەی سەرژمێرییەکەی ساڵی ١٩٥٧، گەیشتووەتە ١٣٠١ کەس نیوەیان کورد و ئەو نیوەکەیان تورکمانی شیعەن. ژمارەی سەری دانیشتووانی گوندەکانی ناحیەکەیش، بەگوێرەی هەمان سەرژمێر ١٢٥٠٩ کەس بووە و هەموو کوردن. هەر لە ساڵی ١٩٧٠وە هەندێ گوندی ئەم ناحیەیە، وەک گوندی (تڕکەشکانی خواروو) کە ناوەکەی کرا بە(القعقاع)، کەوتوونەتە بەر شاڵاوی بەعەرەبکردن. لە ساڵی ١٩٧٧یشدا گوندی (تەرجیل)ی نێوان کەرکووک و لەیلان کرا بەعەرەب. هەر لە هەمان ساڵدا ئاوایییەکیش لە نزیکییەوە دروست کرا بۆ گامێشدارانی عەرەب. بەڵام ئەم گامێشدارانە لە ساڵی ١٩٨٣دا کەوتنە بەر پەلاماری پێشمەرگە و ئیتر لە ترسی ئەوە ئاوایییەکەیان بەجێهێشت و ڕۆیشتن. لە ساڵی ١٩٨٧یشدا ڕژێم خانووی نشیمەنیی بۆ نزیکەی ٣٠٠ خێزانی عەرەب لە شارۆچکەی (لەیلان) کردەوە کە هێنابوونی و لەوێ نیشتەجێی کردبوون.

گوندەکانی ناحیەکەیش کە ژمارەیان ٤٥ گوندی گەورە و گچکە بوو، ڕژێم لە ساڵانی ١٩٨٦و ١٩٨٧و ١٩٨٨دا هەمووی خاپوورکردن. ژمارەی ئەو خێزانە جووتیارانەی ئەو گوندانە کە بەر کۆچ پێ کردن کەوتن، نزیکەی



٢٤٢٩ خێزان بوون ناچاریان کردن لە کۆمەڵگا زۆرەملێیەکانی چەمچەماڵ نیشتەجێ ببن[٦١].

لە مەڵبەندی ناحیەی لەیلان و گوندی (یەحیاوە) کە لەپاڵیدایە، هەندێ خێزانی تورکمانی شیعە هەن جاران نیوەی دانیشتووانی شارۆچکەکەیان پێک دەهێنا. ئەمانە ئەوسایش هەر خەریکی کشتوکاڵ بوون و ئێستایش هەروا و، پێوەندیشیان لەگەڵ کوردەکانی ناو شارۆچکەکە باش بوو.

**٥- ناحیەی تازەخورماتوو:**

ناحیەیەکی تازە دروست کراوە دەکەوێتە نزیکی شا ڕێی کەرکووکەوە، مەڵبەندەکەی شارۆچکەی (تازە خورماتوو/ تازە)یە کە چەند کیلۆمەترێ لە باشووری کەرکووکەوە لە نزیکی ڕێگای گشتی نێوان کەرکووک و بەغداوە. بەرلەوەی دەست بدرێتە بەعەرەبکردنی، زۆرتری دانیشتووانی تورکمانی شیعە بوون.

پاشان ڕژێم دەستی کرد بەعەرەبکردنی و خێڵە عەرەبێکی زۆری هێنا لە ناحیەکە و لە چەند ئاوایییەکی تردا کە لە دەوروبەری ناحیەکەوە بۆی ئامادە کردبوون، نیشتەجێی کردن و زەویوزاری کشتوکاڵیی بەسەردا دابەشکردن و هۆیەکانی ژیانیشی بۆ ئەوانەیان کشتیار نەبوون دابین کرد. بەم جۆرە تورکمان لە چاو عەرەبە نیشتەجێکراوەکانی مەڵبەندی ناحیەکە و دوو گوندی (چەرداغلوو) و (بەشیر)دا بوون بەکەمایەتی.

**٦- ناحیەی (یایچی):**

ئەمەیش ناحیەیەکی تازە دروستکراوە، لە نزیک ڕێگای کەرکووک و حەویجەوەیە. سێ گوندی بەناوی (یایچی)و (تۆبزاوە) و (تڕکەلان)ەوە هەبوو، زۆرتری دانیشتووانیان تورکمان بوون، پاشان ڕژێم هەندێ ئاوایی لە ناحیەکەدا دروست کرد یەکێکیان ناوی (ئەلجمهوورییە)یە کە بریتییە لە پتر لە ١٠٠ خانوو، بۆ ئەو عەرەبانەی دروست کردووە کە لە باشووری

ولاتەوە هێناونی. هەروەها ڕژێم فرۆکەخانەیەکی سەربازییشی لە ناوچەکەدا دروست کرد و دانیشتووە ڕەسەنە دێرینەکانی لەو ناوچەیە گواستەوە.

لەم پیشاندانە بەپەلەوە دەردەکەوێ ڕۆژی هەموو ناحیە و گوندە کوردەکان و هەندێ لە گوندە تورکمانەکانی سەر بەمەڵبەندی قەزای کەرکوک گەیشتە چ ڕۆژێک و، چۆن سەرلەبەریان وێران کران و کۆچ بەدانیشتووانیان کرا و لە کۆمەڵگەی زۆرەملێدا نیشتەجێ کران و، چۆن هەر شوێنێ ڕژێم توانیبێتی لە پێشمەرگەی بپارێزێ کردی بەعەرەب و بەشی زۆری ئەم ناحیە و دێهاتانە و تەنانەت هەندێ مەڵبەندی ناحیەی وەک (شوان)یش بەتەواوی وێران کران. ڕژێم ئەم سیاسەتەی بەگوێرەی پلانێکی نەخشە بۆکێشراو و لەژێر چاودێری ڕاستەوخۆی سەرکردایەتی پارتیی حوکمڕانی بەعس و دەزگا سوپایی و سەرکوتکەرەکانی تریدا و، بەبەشداریکردنی ئەو عەرەبانەی دەمێکە یا تازە هاتوونەتە ناوچەکە، جێبەجێ کرد.

تێکڕای ئەو گوندانەی لە ڕووی بەڕێوەبەرییەوە سەر بەمەڵبەندی قەزای کەرکوک بوون و کاول کران ٢١٨ گوند بوون ٦١٣٩٤ کەسیان تێدا دادەنیشت و، هەموو کۆچیان پێ کرا. زۆرتری ئەمانە جووتیار بوون و بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بەکشتوکاڵ کردنەوە خەریک بوون. دیارە ئەم ژمارەیە ئەو کوردانە ناگرێتەوە لە ساڵی ١٩٥٩وە هەریەکە بەجۆرێ ناچارکراون شاری کەرکوک بەجێ بهێڵن، وەک ئەوە کە خێزانێ سەرلەبەری کۆچی پێ بکرێ لەبەر ئەوەی کە یەکێ لە ئەندامەکانی لەبەر هۆیەکی سیاسی خراوەتە گرتووخانەوە، یا لەبەر ئەوە کە نەچووە ببێ بەسەرباز، یا لە سەربازی هەڵاتووە، یا خۆی ون کردووە و نەچووە لە ڕیزی «سوپای گەل»ی بەعسیدا خزمەت بکا، یا یەکێ لە خزم و کەسوکاری - با لە پلەی خزمایەتیی شەشەمیشدا بێ - چووەتە ناو ڕیزەکانی شۆڕشی کوردەوە، یا چووەتە دەرەوەی عێراق و لەوێ سەقامگیر بووە... تاد.



سەرنج دراوە ڕژێم زۆر لەو کوردانە کە لە ساڵی ١٩٥٨ەوە لەناو شاری کەرکووکدا نیشتەجێ بوون و نەگەڕاونەتەوە بۆ مەڵبەند قەزا و ناحیەکانی سەر بەکەرکووک و ڕێگای نەداون ناونامەی نفووسیان، بەگوێرەی سەرژمێرییەکەی ١٩٥٧، بگوێزنەوە بۆ ناونامەی مەڵبەندی شاری کەرکووک، کەچی ناونامەی نفووسی دەیان هەزار عەرەبی لەوانەی لە شوێنی ترەوە هێناونی و لە کەرکووک نیشتەجێی کردوون، گواستووەتەوە بۆ ناونامەکانی بەپێی سەرژمێری ١٩٥٧ی شار بۆ ئەوەی ئەم ساختەکارییەی خۆی تەواو بکات، هەندێ کاربەدەستی بەعسیی بەتایبەتی لە پارێزگاکانی ترەوە گواستەوە بۆ دایرەی نفووسی کەرکووک (کە ئێستا پێی دەوترێ «دایەرەی ئەحواڵی شارستانیی پارێزگای تەئمیم»)، هەروەها هەموو کاربەدەستە کورد و تورکمانەکانی ئەم دایەرەی گواستەوە بۆ دایەرەی تر یا بۆ پارێزگای تر.

**بێ - قەزای (دووبز) کە کراوە بەعەرەبی و کراوە بە (دبس):**

پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە هەموو گوندەکانی ئەم قەزایە کە ٣١ گوندی کورد بوون و، لە ساڵی ١٩٦٣دا ٤٢١٥ خێزانی جووتیاریان تێدابوو، لە ناوەڕاستی ئەو ساڵەدا کۆچیان پێ کرا و خێڵە عەرەبی، بەتایبەتی لە خێڵی جبووریان هێنایە جێیان و لە دێهاتەکانی ئەواندا نیشتەجێیان کردن. پاشان ڕژێم چەند کۆمەڵە خەڵکی تری هەر لە خێڵی جبوور هێنا و لە چەند گوندی تری کورددا نیشتەجێی کردن. ئەو گوندانە ئەمانە بوون:

(جاستان، دەربەند، سەربەشاخ، پەرکانە، سارەلوو، کێسمە، چەرت، تەل هەڵاڵە، گەروەشان).

ڕژێم هات گوندی (سەرکاران)ی کرد بەمەڵبەندی ناوچە و ناوی نا (ئەلقودس) و، ١٥٠ خانووی بۆ نشیمەنی کاربەدەستانی ناحیە و دەستە و دایەرەی ئاسایش و ڕێکخراوی پارتیی بەعس تێدا کردەوە و،

ناوچەکەیشی کرد بەبنکەیەکی سوپایی گەورە و گەلێ ئۆردووگا و ئاوایی بۆ پێرسۆنێلی سوپا و ئاسایش و ئیستخبارات و زیاتریشی بۆ ئەوانەی لە کارگەی پاکژکردنی گۆگرد و پاڵفتگای نەوت کار دەکەن، بەم جۆرەی خوارەوە، تێدا دروست کرد:

١- کۆمەڵێ خانوو بۆ کاربەدەستان و کرێکارانی کارگەی پاکژکردنی گۆگرد کە هەموویان لە «عەرەبە هاتووەکان» بوون.

٢- کۆمەڵێ خانوو، کیلۆمەترێ دوور لە کارگەی پاکژکردنی گۆگرد، بۆ ئەوانەی پارێزگاریی کارگەی ناوبراو دەکەن.

٣- (١٠٠) خانوو لە ساڵی ١٩٧٧دا بەناوی (مەیسەلوون) لە نزیک گوندی (چراخ)ەوە.

٤- ئاواییەکی تر لە باکووری گوندی (قەرەدەرە)وە بەناوی (ڕافیدەین).

٥- چەند خانوو بۆ کاربەدەستان و ئیشکەرانی ئێسگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن.

٦- کۆمەڵە خانوویەکی تر بۆ دارودەستەی ئاسایش و ئیستخبارات.

٧- گەڕەکێکی تایبەتی بۆ نیشتەجێکردنی عەرەب لە مەڵبەندی قەزا بەناوی گەڕەکی (ئەلموسەننا).

٨- گەڕەکێکی تر بەهەمان مەبەست بەناوی گەڕەکی (ئەتتەئمیم).

٩- گەڕەکێکی تر بەناوی گەڕەکی ٣٠ی تەمموز.

١٠- ئاواییەکی گەورە بەناوی (حیتتین) کە پتر لە ٤٠٠ خانووی بۆ ئەفسەر و ئەفسەرپۆلەکانی سوپا لە ئۆردووگاکەدا گرتبووبەر.

**جیم- قەزای حەویجە:**

ئەم قەزایە، وەک ڕوونمان کردەوە، تازە بەتازە بۆ ئەوە پێکەوەنراوە کەسانێکی لە خێڵی عەرەبی عوبێد و جبوور و خێڵی تر لە دەشتی حەویجەدا تێدا نیشتەجێ بکرێ. ڕژێم لە ساڵی ١٩٦٣وە پارەیەکی زۆری



بۆ دامەزراندنی خزمەتگوزارییەکانی تر لەم قەزایەدا، خەرج کردووە. گەلێ خێزانی کوردیش، بەدوای کارێکدا بیکەن، هاتبوونە ئەم قەزایە، بەڵام ڕژێم لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٥دا هەموویانی دەرکرد.

**دێ- قەزای چەمچەماڵ:**

یەکێکە لەو قەزا کۆنانەی لە سەردەمی عوسمانییەوە سەر بەپارێزگای کەرکووکن. دەکەوێتە نێوان کەرکووک و سلێمانییەوە. لە ڕووی بەڕێوەبەرییەوە ناحیەی (سەنگاو) و (ئاغجەلەر) سەر بەم قەزایەن. تێکڕای ژمارەی دانیشتووانی ئەم قەزایە، بەپێی سەرژمێرەکەی ١٩٥٧، ٣٤٢٩٩ کەس بووە کە هەموو کوردن. ڕژێم سەرجەمی گوندەکانی ئەم قەزایەی کە ١٦٤ گوند بوون، وێران کرد. ئەم گوندانە ١٠٢ قوتابخانە و ١٥٧ مزگەوت و مزگەوتی نوێژی جومعە و چوار تیمار خانەیان تێدابوو. ژمارەی ئەو خێزانانەی لەم قەزایەدا کۆچیان پێ کراوە، لەکاتی کۆچ پێکردنەکەیاندا ٩٨٦٦ خێزانی جووتیار بووە و، ژمارەی ئەندامانی ئەم خێزانانە گەیشتووەتە ٥١٧٩٧ کەس، ئەوەیش بەم جۆرەی خوارەوە:

**١- ناحیەی (سەنگاو):**

٧٠ گوند سەر بەم ناحیەیە بوون، هەموویان لە ساڵانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨دا لەگەڵ مەڵبەندی ناحیەکە وێران کران. ژمارەی خەڵکی ئەم گوندانە ٢٦٤٨ خێزانی جووتیار بووە. ژمارەی قوتابخانەکانی ئەو گوندانەیش کە ڕووخێنراون ٢٨ قوتابخانەی سەرەتایی بووە لەگەڵ دوو تیمارخانەدا[٦٢].

**٢- ناحیەی (ئاغجەلەر):**

ناحیەیەکی کۆنە، ٧٥ گوندی بە ٦٦ قوتابخانە و ٧٣ مزگەوت و مزگەوتی نوێژی جومعە و دوو تیمارخانەوە تێدا بوو. ژمارەیەک لە گوندەکانی ئەم ناحیەیە پتر لە جارێ لەلایەن سوپای عێراقەوە کاول کراوە

و پاشان خەڵکەکە سەر لەنوێ ئاوەدانیان کردوونەتەوە و دیسانەوە جارێکی تر سووتێنراون یا کاول کراونەتەوە. **٦٧٣١** خێزانی جووتیار لەم ناحیەیە دەژیان. ئەمانە هەموو ناچارکران بگوێزنەوە بۆ کۆمەڵگا زۆرە ملێیەکان کە لەسەر ڕێگای گشتیی نێوان کەرکووک و سلێمانی بەتایبەتی دروست کرابوون بۆیان.

ئەنفالی بەدناویش ژمارەیەک لەم خێزانە جووتیارانەی گرتەوە ٦٣ و هەندێ لە گوندەکانی ئەم ناوچەیە لە مانگی ئەیار (مایس)ی **١٩٨٨**دا بەر گازی ژاراوی و کیمیایی کەوتن. ئەمەبوو بەهۆی کوژرانی سەدان منداڵ و پیریان و، بەتایبەتی لە گوندەکانی (عەسکەر) و (گاوراد) و (مۆتلیجە)٦٤.

ئێستا قەزای چەمچەماڵ دەکەوێتە بەر ناوچەی ئازادکراوی کوردستانی عێراق. بۆیە وا دانیشتووانی گوندە وێرانکراوەکانی ئەم قەزایە خەریکن وردە وردە دەگەڕێنەوە بۆ گوندەکانیان وئاوەدانیان دەکەنەوە و کشتوکاڵیان تێدا دەکەن.

### هێ- قەزای (دووز خورماتوو/تووز):

مەڵبەندی ئەم قەزایە لە سەردەمی عوسمانیی و لە سەرەتای حوکمڕانیی پاشایەتییدا لە عێراق لە ناوچەی (گل) بوو لە گوندی (کۆشک). پاشان ڕژێمی پاشایەتیی شارۆچکەی (داقووق)ی کرد بەمەڵبەندی قەزا. پاشان (دووزخورماتوو/تووز) یان (خورماتوو) کرا بەمەڵبەندی قەزاکە و ئەویش دەکەوێتە سەر ڕێی گشتیی نێوان کەرکووک و بەغدایەوە. ژمارەی سەری دانیشتووانی دووز، بەپێی سەرژمێرەکەی **١٩٥٧**، **٨٩٧٨** کەس بوو لە کورد و لە تورکمانی شیعە. بەڵام دانیشتووانی ناحیە و گوندەکانی سەر بەقەزا گشتی، بەپێی هەمان سەرژمێری، گەیشتە **٦٨٥٥٢** کەس کە زۆرتریان کورد بوون و پاش ئەوانیش تورکمان و عەرەب دەهاتن.

ڕژێم هەر لە ناوەڕاستی ساڵانی حەفتاوە دەستی دایە بەعەرەبکردنی



هەندێ گوندی سەر بەم قەزایە و پاشتریش دەستی کرد بەڕووخاندنی بەشی زۆریان چونکە نەیدەتوانی پارێزگاریی ئەو عەرەبانە بکا کە هاتبوونە ناویان و ئاوەدانییان بۆ خۆیان تێدا دروست کردبوو. ڕژێم لە ساڵانی **١٩٨٦** - **١٩٨٨**دا نۆ گوندی سەر بەمەڵبەندی ئەم قەزایەی ڕووخاند کە نزیکەی **١٠٥٨** خێزانی جووتیاریان تێدا دەژیا٦٥.

ڕژێم لە ساڵی **١٩٧٦**دا ناحیەی (داقووق)ی لەم قەزایە جوێ کردەوە و لکاندی بەمەڵبەندی قەزای کەرکووکەوە و، قەزاکەیشی نووساند بەپارێزگای سەلاحەدینەوە هەرچەندیش لەیەکەوە دوورن هەروەها چەند ئاوایی عەرەبیی تێدا دروست کرد کە بریتین لە ئاوایی (یافا) لە نزیک گوندی (ئەلبوو سەباح) کە نزیکەی **٣٠٠** خێزانی عەرەبی ساڵی **١٩٧٧** تێدا نیشتەجێ کرد و، ئاوایی (ئەلمەساوڵە) لە نزیک دووزەوە کە جێگای بۆ **٥٠٠** خێزانی تری عەرەب تێدا ئامادە کراوە، بەڵام هێشتا کەسی نەبراوەتێ.

ئەم قەزایە بەپێی سنووری بەڕێوەبەرێتیی کۆنی دوو ناحیەی تێدابوو کە: (داقووق و قادرکەرەم) بوون، دواتر ئەم ناحیانەی خوارەوەشی بۆ دروستکرد (نەوجۆل، سلێمان بەگ و ئامەرلی).

### ١- ناحیەی داقووق: (تاووق):

شارۆچکەی (داقووقا)ی لە مێژوودا کۆن، دەکەوێتە باشووری کەرکووکەوە لەسەر ڕێگای گشتیی نێوان کەرکووک و دووز و بەغدا. ئەم شارۆچکەیە، سەرەڕای کورد، تورکمانی شیعەیشی تێدا دەژین کە ژمارەی هەموویان، بەپێی سەرژمێرییەکەی **١٩٥٧**، **٢٧٦٠** کەس بووە. تێکڕا کوردەکان لە گوندەکانی ئەم ناحیەدا دەژین. ژمارەی کورد لەم ناحیەدا، بەپێی سەرژمێری باسکراو، دەگاتە **١٠٥٦٧** کەس. ژمارەی عەرەبیش دەگاتە دەوروبەری **١٣٧٠** کەس کە لە دێیی (شبیحە) و هەندێ لە دێکانی دەوروبەریدا دەژین٦٦.

ڕژێم لە سەرەتای ساڵانی حەفتاوە دەستی دایە بەعەرەبکردنی دێهاتی ئەم ناوچەیە کە ناووبانگی بەپیتیی زەویوزاری دەنگی داوەتەوە. بۆ ئەم مەبەستە زەویوزاری هەندێ خاوەن موڵکی کوردی لە ١٥ گوندی ناوچەی هەردوو هۆزی کاکەیی و داوده کڕی و لەگەڵ زەویوزاری تری میریی دابەشی کردن بەسەر دەشتەکیی وخێڵە عەرەبەکاندا. چەند ئاواییشی لەو ناوچەیەدا بۆ عەرەب دروست کرد و پاشان ئەو ئاواییانەی خستە بەر پڕۆژەی ئاودێریی کەرکووک کە ئێستا پێی دەوترێ «پڕۆژەی ئاودێریی سەددام». ئەمەیش ناوی ئاواییەکانە:

أ- ئاوایی (مەهاوش) کە (٣٠) خێزانی جووتیاری لە خێڵی (عەلگاوی) تێدایە. لە ١٩٧٩وە لەوێ نیشتەجێ کراون. ڕژێم ٣٠ یەکەی نشیمەنیی لەم ئاواییەدا بۆ دروست کردوون.

ب- ئاوایی (ئەلعەسریبیە) لە نزیک گوندی (هەفتەغار)ەوە. ڕژێم ٤٨٠ خانووی تێدا دروست کردووە و لە ١٩٧٦ەوە خەڵکێکی لە چەند خێڵێکی عەرەب تێدا نیشتەجێ کردووە.

ج- ئاوایی (حوسێن ئاغا) کە نزیکەی ٤٠٠ خانووی بۆ چەند خێڵی عەرەب تێدا دروست کردووە و لەوێ نیشتەجێیی کردوون.

د- ئاواییەکی تر لە ساڵی ١٩٨١دا دروست کراوە لە نێوان گوندی (ئەلبووسیراج) و (هەفتەغار)دا و خێڵە عەرەبی تێدا نیشتەجێ کراوە.

ه- ئاوایی (داقووق) کە پتر لە ٥٠٠ خانووی نشیمەنیی تێدایە لە ساڵی ١٩٨٢دا بۆ عەرەبی دەشتەکیی دروست کراون. ئەم ئاواییە دەکەوێتە نزیک ڕێگای گشتیی نێوان کەرکووک و بەغداوە.

و- ئاوایی (کلیسە)ی پاڵ داقووق، ٢٥ خانووی بۆ عەرەبی دەشتەکیی تێدا دروست کراوە.

ز- دوو ئاوایی لە هەریەکێکیاندا ١٠٠ خانوو دروست کراوە، دەکەوێتە



نزیک ئاوایی (ئەلعەسریبیە)وە و لە ساڵی ١٩٨٠وە عەرەبی دەشتەکیی تێدا نیشتەجێ کراوە.

ح- هەرچی جووتیاری کورد هەبوو لە گوندی (لهێب) هەموو کۆچیان پێ کراوە و عەرەبیان لە جێگادا نیشتەجێ کراون.

دەبێ ئەوەیش بزانین کە ڕژێم گەلێ مەخفەری پۆلیسی لە نزیک ئەم ئاواییانەوە دروست کردووە و دەوروبەرەکەیانی بە ڕەبیە سەربازیی تەنیوە لە ترسی ئەوەی نەوەک پێشمەرگەی کورد هێرشیان بهێننە سەر. ڕژێم هەروا چەکی بەسەر ئەو خێڵە عەرەبانەدا دابەش کردووە کە لەو ناوچانەدا نیشتەجێیی کردوون و، لە بەرانبەری ئەوەیشەوە هەندێ گوندی کورد هەبوون عەرەبیان تێدا نشتەجێ نەکرابوو، لادێییە کوردەکانی ئەو گوندانە چەند پارچە چەکێکیان بەدەستەوە بوو هەموویان لە دەست سەندن.

ئەو گوندە کوردانەی سەر بەناحیەی (داقووق) کە وێران کراون، شەش گوندن، لە ساڵانی ١٩٧٣ و ١٩٨٧دا بەدانیشتووانیان چۆڵ کردن. ئەم گوندانە ٨٦٠ خێزانی جووتیاریان تێدا بوو[67]. شایانی وتنە ڕژێم لە سەرژمێرەکەی ١٩٧٧دا ڕۆڵەکانی خێڵە کوردی (کاکەیی)ی بەعەرەب نووسیوە. ئەمانە ئێستا لە گوندە تایبەتییەکانی خۆیاندا دەژین و گوندەکانیان و هەروەها هەندێ گوندی تری کوردیش هەن وێران نەکراون. ڕژێم هەروا لە هەمان سەرژمێریدا شێخانی (بەرزنجە) کە لە هەندێ ناوچەی پارێزگای کەرکووک دەژین، بەعەرەب نووسیوە، بەبیانووی ئەوەی بەڕەگەز دەچنەوە سەر پێغەمبەر و هەروا لەبەر ئەوەی هەندێ لە شێخانی (کرپچنە) و (قادر کەرەم) خۆیان بەعەرەب نووسیوە لە سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧دا.

لە مانگی ئایاری ١٩٩٦ەوە، ڕژێم دەستی کردووە بەدەرکردنی دانیشتووانی گوندەکانی ئەم ناحیەیە، وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کردوە.

**٢- ناحیەی قادر کەرەم:**

ئەم ناحیە بەرفراوانە دەکەوێتە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی قەزای توززەوە. بەرلەوەی بەتەواوی خاپوور بکرێ ٢٨١ گوندی ئاوەدانی هەبوو کە ١٦٠ قوتابخانە و ١٩٠ مزگەوت و ٢١ تیمارخانەیان تێدا هەبوو. دانیشتووانی ئەم قەزایە بەگوێرەی سەرژمێرییەکەی ساڵی ١٩٥٧، ١٣٤٢٦ کەس بوون و هەموویشی کورد بوون، کەچی ژمارەی ئەو خێزانانەی لەم ناحیە و گوندەکانیەوە کۆچیان پێکراوە گەیشتووەتە ١١٦٩٤ خێزانی جووتیاران کە ٦١٣٩٤ کەسیان تێدا بووە. ئەم کۆچ پێکردنەیش لە دوو ساڵی ١٩٨٧ و ١٩٨٨دا کراوە. هەندێکیان براونەتە کۆمەڵگا زۆرەملێیەکان و ئەوانی کەیشیان بەر ئەنفالە بەدناوەکە کەوتوون. ڕژێم پێشتریش زۆر لە گوندەکانی ئەم ناحیەی لە ساڵانی جەنگی نێوان خۆی و کورددا سووتاندووە و پاشانیش لە دوو ساڵەکەی ئەنفالدا هەموویانی کاول کرد[٦٨].

**٣- ناحیەی نەوجۆل:**

ئەم ناحیەیە یەکێکە لەو ناحیانەی ڕژێم پاش ئەوەی لە ناوچەی زەنبوور کە سەر بەم ناحیەیە دەست کرا بەچاڵەنەوت هەڵکەندن، دروستی کردوون. ڕژێم، پاش ئەوەی دەستی دایە وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان، گوندەکانی ئەم ناحیەیشی کە ٣٩ گوند بوون، هەموو وێران کرد. ئەم گوندانە ٢٨ قوتابخانە و ٢٣ مزگەوت و دوو تیمارخانەیان تێدا بوو. ژمارەی ئەو خێزانانەی کۆچیان لەم گوندانە پێکراوە، گەیشتووەتە ١٩٦٩ خێزانی جووتیار و، لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٥ تا ١٩٨٨دا هەموویان براونەتە کۆمەڵگا زۆرەملێیەکانی مەڵبەندی قەزای تووز خورماتوو[٦٩].

**٤- دوو ناحیەی سلێمان بەگ و ئامەرلی:**

ناحیەی سلێمان بەگ لە باشووری قەزای (تووز خورماتوو)وەوەیە،



کەوتووەتە سەر ڕێگای گشتیی نێوان کەرکووک و دووز و حەمرین و بەغدا. ناحیەی ئامەرلییش کە لەوەپاش دروست کرا، لە نزیک ئەو ڕێگاوەیە، لە نێوان سلێمان بەگ و چیای حەمریندا. خێڵی (بەیات) کە بەبنەچە موغوولین و، ناوی خێڵەکەیان بەموغوولی (پیاووت) بووە، بەشی زۆریان بەهۆی تێکەڵ بوونیانەوە لەگەڵ خێڵە عەرەبی لە باشوورەوە هاتوو، بوون بەعەرەب، ئەمانە لە دێهاتی ئەم دوو ناحیەدا دادەنیشن. کە نزیکەی (١٢) گوند دەبن.

زنجیرە چیای حەمرین کە سنووری سروشت کردی باشووری کوردستانی عێراقە، بەباشووری ناحیەی ئامەرلیدا تێدەپەڕێ[٧٠].

**واو - قەزای کفری:**

قەزایەکی کۆنە لە سەردەمی عوسمانیدا (سەلاحییە)یشیان پێ گوتووە. دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای کەرکووکەوە. ژمارەی دانیشتووانی، بەگوێرەی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧، ٦٤١٣٥ کەسە، زۆرتریان کوردن و پاش ئەوان عەرەب و ئەنجا تورکمان دێن. ڕژێم، لە چوارچێوەی سیاسەتی دابڕکردنی هەندێ بەشی پڕبایەخی کوردستان و لکاندنیان بەپارێزگاکانی دەوروبەرەوە بۆ کەم کردنەوەی ژمارەی کوردی ئەم پارێزگایە، لە ساڵی ١٩٧٦دا خستیە سەر پارێزگای دیالە.

قەزای کفری چەند ناحیەیەکی لەگەڵە، هەندێکیانی لێ جوێ کراونەتەوە و خراونەتە سەر قەزای کەلار کە ئەویش نەبوو دروستیان کرد و خستیانە سەر پارێزگای سلێمانی. ئەو ناحیانەی سەر بەقەزای کفرین، ئەمانەن:

**١- ناحیەی سەرقەڵا (شێروانە):**

ئەم ناحیەیە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری کفرییەوە، لەسەر ڕێگای گشتیی نێوان کفری و کەلار. مەڵبەندەکەی شارۆچکەی (سەرقەڵا)یە، ژمارەی دانیشتووانی ئەم ناحیەیە، بەپێی سەرژمێرییەکەی

سالّی ١٩٥٧ و سنووری ئیداری ئەو سەردەمەی، ٢٣٣٧١ کەس بوون و هەموو کورد بوون. کە ڕژێم دەستی کرد بەوێرانکردنی، ٢٥ گوندی هەبوو ١٧ قوتابخانە و ١٨ مزگەوت و تیمارخانەیەکیشی تێدابوو. ژمارەی ئەو خێزانانەی لەم ناحیەوە کۆچیان پێ کراوە ٩٨٢ خێزانی جووتیار بوون هەموو گوێزروانەتەوە بۆ کۆمەڵگای (سمود) کە ڕژێم لە شارۆچکەی (کەلاری تازە) دروستی کردووە بۆ ئەوەی هەموو کوردە کۆچ پێکراوەکانی ئەم قەزایەیان تێدا خڕکاتەوە[٧١].

**٢- ناحیەی کۆکز:**

ناحیەیەکە تازە دروست کراوە، بەخۆی و گوندە زۆرەکانی و گوندەکانی ناوچەی (زەنگاباد)یشەوە هەموو سەر بەناحیەی (قەرەتەپە) بوون. ٢٦ گوندی هەبوو هەموو لە ساڵانی ١٩٧٦ – ١٩٨٨دا کاول کران. ئەم گوندانە ٢٠ قوتابخانە و ٢٠ مزگەوتیان تیادابوو لەگەڵ تیمارخانەیەکیش لە مەڵبەندی ناحیەکەدا. ژمارەی خێزانە کۆچ پێکراوەکانی ئەم گوندانە ١٧٢٧ خێزانی جووتیار بوون. هەموو کۆچیان پێ کرا بۆ کۆمەڵگای (سمود) لە کەلاری تازە[٧٢]. ڕژێم، پاش ئەوەی جووتیارە کوردەکانی لە گوندەکانی ئەم ناحیەیە دەرکرد، چەندین خێزانی لە خێڵی (کورویی) عەرەبی هێنا و لە دێهاتی (قەلا) و (بنەباخ) و (سیلەونی) و (شێخ بابە) و (دەروێش محەمەد) و (عەباس مەحموود سەفەر) و (ئەوڕەحمان گام) و (ڕەشید بێجان) نیشتەجێی کردن. هەموو دانیشتووانی ئەم دێهاتە کوردانە لە خێڵی کوردی زەند بوون، هەموویان گوێزرانەوە بۆ پارێزگای ئەنبار. دوای ئەوەی گوندی (چالاو خالید) کە یەکێکە لە گوندەکانی ئەم ناحیەیە نەوتی تێدا دۆزراوەتەوە. ناوی ئەو شوێنەی نەوتەکەی تێدا دۆزراوەتەوە نەوتخانەی (گۆمار)ە.

**٣- ناحیەی جەبارە:**

یەکێکە لەو ناحیە نوێیانەی ڕژێم دروستی کردوون. دەکەوێتە باشووری



کفرییەوە لە نزیک ئەو هێڵی شەمەندەفەرەی ئەسکی کفری بە بەغدا و (قەرەغان، جەلەولا)وە دەبەستێ. ڕژێم دانیشتووانی هەندێ لە گوندەکانی ئەم ناحیەی ناچار کرد گوندەکانیان بەجێ بهێڵن بۆ ئەوەی عەرەب لە جێگاکەیاندا نیشتەجێ بکات. هەندێ گوندی دیکەیشیانی وێران کرد و تەنها گوندی (گەلاباد) و (عین شوکر) و (ساری کوی)ی هێشتەوە کە خێڵی «گێژ»یان تێدا دادەنیشن و ڕژێم ناچاری کردن خۆیان بەعەرەب ناونووس بکەن گوایە لە خێڵی «ئەلقەیسی»ن! زۆرجار وادەبوو ئەو عەرەبانەی هێنرابوونە ئەم ناحیە و تیایدا نیشتەجێ کرابوون، ئەو زەویوزارە کشتوکاڵییەی میری دابەشی کردبوو بەسەریاندا دەیاندانەوە بەکرێ بە خاوەنە پێشووە کوردەکانیان و ئەوانیش دەهاتن وەک جووتیار و وەرزێری ژێر دەستی ئەم ئاغا تازانە دایان دەچاندن. ئەم دیاردەیە لە زۆر قەزا و ناحیەی تریش دووبارە بووەتەوە کە گوندەکانیان وێران و دانیشتووانیان ناچار کراون کۆچ بکەن بۆ کۆمەڵگا زۆرە ملێیەکان و خێڵە عەرەبی وایان لە جێگایان نیشتەجێ کردوون لەوەوپێش بەهیچ کلۆجێ خەریکی کشتوکاڵ نەبوون و هیچی لێ نازانن چونکە هەمیشە کۆچەری و دەشتەکی بوون.

ئەم گوند وێرانکردنە لە ناحیەی جەبارەدا ٣٠ گوندی کوردی گرتەوە کە ٢٣ قوتابخانە و ٢١ مزگەوت و ٤ تیمارخانەیان تێدا بوو. ژمارەی ئەو خێزانە جووتیارانەیش کۆچیان لەو گوندانە پێکراوە ١٦٣٧ خێزانی جووتیار بوو. ئەمانە هەموو لە ساڵانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨دا بەزۆر لە کۆمەڵگای (سمود) لە (کەلاری تازە) و لە کۆمەڵگای (قەرەتەپە) نیشتەجێ کران[٧٣].

**٤- ناحیەی قەرەتەپە:**

ناحیەیەکی کۆنە دەکەوێتە باشووری قەزای کفرییەوە. لە گوندەکانی باشوور و ڕۆژئاوایدا عەرەبی خێڵی (جبوور) و (لهێب) و (بەنی زەید)

دەژین. جووتیارە کوردەکانیش لە گوندەکانی باکوور و ڕۆژئاوای ناحیەکەدا دەژین. ڕژێم لە ساڵی ١٩٨٨دا هەموو گوندەکانی وەک گوندی (گاخۆر) و (قەرەیەتاغ) و (گێژ) و (عەین فارس)و هیی دیی وێران کرد. تورکمانە شیعەکانیش لە مەڵبەندی ناحیە و دەوروبەریدا دەژین و لەگەڵ کوردەکان زۆر ئاشت و ڕێکن. ژمارەی دانیشتووانی ئەم ناحیەیە، بەپێی سەرژمێریەکەی ساڵی ١٩٥٧، ٢٧٩٤٢ کەس بوو. ئەمانە هەموو، بەکورد و عەرەب و تورکمانیانەوە، بەرلەوەی ڕژێم دەست بداتە بەعەرەبکردنی ناحیەکە و کۆچ پێکردنی کوردەکان و عەرەب هێنانەجێیان، زۆر ڕێک و تەبا بوون. بەڵام ئەم سیاسەتە چەوتەی بەعەرەبکردنی ناحیەکە بوو بوو بەمایەی پەیداکردن و ورووژاندنی شێتگیریی نەتەوەیی لەناو هەمواندا.

### زێ - قەزای کەلار:

ئەم قەزایە پاش بەستنەوەی قەزای کفری بەپارێزگای دیالەوە لە ساڵی ١٩٧٦دا پێکهێنرا. پاش ئەوە هەموو گوندەکانی قەزاکەیان کە ١٦ گوند بوون لە ساڵانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨دا کاوڵ کرد. ئەم ١٦ گوندە ١٦ قوتابخانە و ١٦ مزگەوت و تیمارخانەیەکیان تێدا بوو. ژمارەی خێزانە کۆچ پێکراوەکانی ئەم گوندانە ١١٧٤ خێزانی جووتیار بوو ناچاریان کردن بگوێزنەوە بۆ کۆمەڵگای زۆرە ملێی (سموود).

ئەم ناحیانەی بنەوە لە ڕووی بەڕێوەبەرییەوە، سەر بەم قەزایەن:

#### ١- ناحیەی پێباز (باوەنوور):

ناحیەیەکی کۆنە. پێشان لە ڕووی بەڕێوەبەرییەوە، سەر بەقەزای کفری بوو. پاشان لکێنرا بەقەزای تازە دروست کراوی کەلارەوە. مەڵبەندی ئەم ناحیەیە شارۆچکەی (پێباز)ە کە دەکەوێتە بەرانبەر چەمی سیروان، لەسەر ڕێی گشتیی نێوان دەربەندیخان و کەلار. ژمارەی دانیشتووانی ئەم ناحیەیە، بەپێی سەرژمێرییەکەی ١٩٥٧، ٦٨٨٦ کەسە و هەموو کوردن. ڕژێم هەموو گوندەکانی ئەم ناحیەی کە ٥٢ گوند بوون بە ٢٩ قوتابخانە و



٢٢ مزگەوت و یەک تیمارخانەش لە مەڵبەندی ناحیەکەدا، هەموو ڕووخاند. ژمارەی ئەو خێزانانەی بەزۆر لەم گوندانەوە گوێزرانەوە ١٠٤٥ خێزانی جووتیار بوون هەموو ناچار کران بەرەو کۆمەڵگای زۆرەملێی (سموود) لە مەڵبەندی قەزای کەلار بار بکەن.

#### ٢- ناحیەی تیلەکۆ:

ناحیەیەکی تازە دروست کراوە. هەموو ئەو گوندانەی سەر بەم ناحیەیەن کە ١١٣ گوندن و بەگشتیانەوە ٤٧ قوتابخانە و ٤٢ مزگەوت و تیمارخانەیەکیان تێدا بوو، کاول کران. ژمارەی ئەو خێزانە جووتیارانەی لەم ناحیەدا بەر کۆچ پێکردن کەوتن ١٦٥٩ خێزانی جووتیار بوون، لە ساڵانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨دا لە کۆمەڵگای (سموود) نیشتەجێ کران[٧٤].

ئێستا بەشی زۆری ناحیە و گوندەکانی سەر بەقەزای کەلار و گەلێ بەشی قەزای کفری بەر ناوچەی ئازادکراوی کوردستان دەکەون. بۆیە جووتیارە کوردەکان وردە وردە دەستیان کردووە بە گەڕانەوە بۆ گوندە وێران کراوەکانیان و خەریکن سەر لەنوێ ئاوەدانیان دەکەنەوە و کشتوکاڵیان تێدا دادەچێنن، هەرچەندیش جاروبار دەکەونە بەر گوللە تۆپی تۆپخانەی سوپای عێراق کە ئۆردووگای لە ناوچەکەدا بۆخۆی دروست کردووە.

### بەرهەمی بەعەرەبکردن و وێرانکاریی لە پارێزگای کەرکووکدا

لەم چاو پێداگێڕانە بەپەلەی ئەو کۆچ پێکردن و وێرانکاریی و بەعەرەب کردنەدا کە هەموو گوندە کوردەکانی سەر بەقەزا و ناحیەکانی پارێزگای کەرکووکی گرتەوە بەهەندێ مەڵبەندی ناحیەیشەوە، دەردەکەوێ کەوا سەرجەمی ئەو گوندانەی ڕژێمی عێراق بەتایبەتی لە ساڵانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨دا ڕووخاندوونی، گەیشتووەتە ٧٧٩ گوند. ڕژێم هەندێ ناحیە و قەزای کردووە بەکۆمەڵگای زۆرەملێ بۆ ناچارکردنی جووتیارە کۆچ پێکراوەکان کە لەو کۆمەڵگایانەدا دانیشن بێ ئەوەی هیچ کارێ یا سەرچاوەیەکی ژیان بۆ خۆیان و خاو و خێزانیان دابین بکا، لەو پارە کەم و

ناچیزە بەولاوە کە داونییەتێ، گوایا خانووی لەو کۆمەڵگایانەدا پێ بکەن، بێ ئەوەی لە هەموو پێویستییەکانی خانووکردن لە پارچە عەردێک بەولاوە شتێکیان بداتێ. زیاتریش وابووە لە کاتی کۆچ پێکردنیاندا هەرچی ئاژەڵ و هێستر و چوارپێیەکیان بووبێ هەمووی لەلایەن کاربەدەستە سەرپەرشتی کارەکانی جێبەجێکردنی کاری کۆچ پێکردنەکەوە کە لە گەورە ئەفسەرەکانی سوپا و کاربەدەستانی پارتیی بەعس و دەزگای ئاسایشی پارێزگا و هەندێ لە سەرەک جاشەکانی کورد بوون، دەدزران و بەتاڵان دەبران.

ژمارەی ئەو خێزانانەی بەر لێشاوی بەزۆر کۆچ پێکردن کەوتوون نزیکەی ۳۷۷۲٦ خێزانی جووتیار بوون کە تێکڕا و لەناو کۆمەڵی کورددا وایە هەر خێزانێ لای کەمی لە پێنج کەس پێکدێ.

ئەم هێڵ بەندییەی بنەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە قەزا و ناحیە و گوندەکانی پارێزگای کەرکووک و ساختمانەکانی لەو قەزا و ناحیە و گوندانەدا هەبوون تووشی چ وێرانکارییەک کران:

| ناوی قەزا | ژمارەی گوندی وێران کراو | ژمارەی قوتابخانەی وێران کراو | ژمارەی مزگەوتی وێران کراو | ژمارەی تیمارخانەی وێران کراو | ژمارەی خێزانی کۆچ پێ کراو | ژمارەی کەسانی کۆچ پێ کراو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| مەڵبەندی قەزای کەرکووک لەگەڵ قەزای (دوویز/دبس) | ٢١٨ | ١٦٠ | ١٩٠ | ٢١ | ١١٦٩٤ | ٦١٣٩٤ |
| کفری (بێ ناحیەی قەرەتەپە) | ٨١ | ٦٠ | ٥٩ | ٦ | ٤٣٤٦ | ٢٢٨١٧ |
| دووزخورماتوو (تووز) | ١٣٥ | ٧٩ | ١١١ | ٦ | ٧٩٤٢ | – |
| چەمچەماڵ | ١٦٤ | ١٠٢ | ١٥٧ | ٤ | ٩٨٦٦ | ٥١٧٩٧ |
| کەلار | ١٨١ | ٩٢ | ٨١ | ٣ | ٣٨٧٨ | – |
| تێکڕا | ٧٧٩ | ٤٩٣ | ٥٩٨ | ٤٠ | ٣٧٧٢٦ | – |



جا ئەگەر بزانین تێکڕای گوندە وێران کراوەکانی کوردستان، تا دوادوایی ساڵی ۱۹۸۹ گەیشتووەتە ۳۸۳۹ گوند و ئەم گوندانە ۱۷۵۷ قوتابخانە و ۲٤٥۷ مزگەوت و ۲۷۱ تیمارخانەیان تێدا بووە و، تێکڕای ئەو خێزانانەی کۆچیان لەم شار و گوندانەوە پێکراوە گەیشتووەتە ۲۱۹۸۲۸ خێزان کە زۆرتریان جووتیار بوون، بۆمان دەردەکەوێ ڕادەی گوندە وێرانکراوەکانی کوردستان، تەنها لە پارێزگای کەرکووکدا، چواریەکی تێکڕای گوندە وێرانکراوەکانی هەموو کوردستان بووە. نەخشەی شار و شارۆچکە و گوندە وێرانکراوەکانی کوردستان و ئەوانەی کوردیان لێ وەدەرنراوە و عەرەبیان تێدا نشتەجێ کراوە، کە لەپاش ئەم لێکۆڵینەوەیەوە بڵاوی دەکەینەوە، بۆمان دەردەخا ناوچەی کوردستان لە دوایین چار یەکی ئەم سەدەیەدا تووشی چ کاولکاری و وێران کردنێ هاتووە نەخوازەڵا لە دوو ساڵی ۱۹۸۸ و ۱۹۸۹دا کە ئەنفالەکانیان تێدا جێبەجێ کران.

ڕژێمە جیاوازەکانی عێراق هەوڵێکی لەڕادەبەدەریان داوە بۆ ئەوەی ناوچەی کەرکووک، لەبەر سامانە زۆرەکەی نەوتەکەی و دەشتە پان و بەرینە بەپیت و بەرەکەتەکەی، بکەن بەعەرەب. ئەوکارەی ئەم ڕژێمانە و بەتایبەتی لە ساڵی ۱۹٦۳وە کردوویانە، هیچی لەوە جیا نییە کە ڕژێمە ڕەگەزپەرست و فاشستەکانی تر لە گەلێ لای ئەم جیهانەدا کردوویانە. ڕژێمی ئێستای عێراق دەستی دایە وێرانکردنی بەشی هەرەزۆری دێهات و شارۆچکەکانی پارێزگای کەرکووک بەماڵی نشیمەنیی جووتیاران و هاونیشتمانانی تر و شوێنی خواپەرستیی و قوتابخانە و تیمارخانە تاکوتەراکانیشەوە کە هەبوون، سەرەڕای باخ و بێستان و ڕەز و کێڵگە سووتاندن و تەقاندنەوەی ئەو کانیاوانەی تێیدا هەبوون، بۆ ئەوەی دوا نیشانەی بوونیان نەهێڵن و پاشانیش ئەگەر دەستەیەکی نێودەوڵەتانی هات لە مەسەلەکە بکۆڵێتەوە بڵێن ئەو وڵاتە هەر چۆڵەوانی بووە و کەسی تێدا نییە و نەبووە!

لە پاش ئەمە ڕژێم هەستا و بەمەبەستی بەکەمایەتیکردنی کوردی

پارێزگای کەرکوک لەناو کۆمەڵە پارچەیەکی دانیشتووانی تردا، دەستی کرد بەهەڵوەشاندنەوەی پارێزگاکە. لە ساڵی ١٩٧٦دا دوو قەزای چەمچەماڵ و کەلاری لکاند بەپارێزگای سلێمانییەوە و، قەزای کفری لکاند بەپارێزگای دیالەوە. قەزای دووز خورماتوو/ توزیشی نووساند بە پارێزگای تازە دروستکراو و دووری سەلاحەددین (تکریت)ەوە. بەم جۆرە پارێزگای کەرکووک کە ناویش نرا بەپارێزگای (تەئمیم)، لە قەزای حەویجەی لەوەتای ساڵانی چلەوە بەعەرەبکراو و قەزای لە ١٩٦٣وە بەعەرەبکراوی دووبز(دبس) بەولاوە هیچ کوێیەکی پێوە نەما. شاری کەرکوک خۆیشی ئەوە هەر لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٥٩وە دار و دەستەی سوپایی و ئاسایشیی ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم دەستیان دابووە بەعەرەبکردنی. پاشانیش ڕژێمە یەک لەدوای یەک هاتووەکانی تر بەردەوام بوون لە دەرکردنی هەزاران خێزانی کورددا لەناو شار بۆ ئەوەی خێڵی عەرەب بێنن و لەجیاتیی ئەوان لەوێیان دانێن و نشیمەن و کاریان بۆ دابین بکەن. ئەم کارە ئێستایش هەروا بەردەوامە چونکە شاری کەرکوک خۆی و بەشێکی زۆری پارێزگاکە هەر لەژێر دەسەڵاتی ئەو ڕژێمەدایە کە پاش دەرکردنی کورد لە ڕێوشوێنی خۆیان، خێڵی عەرەب لە دەشتی کەرکوک و گوندەکانیدا نیشتەجێ دەکات.

ڕژێم پرۆژەیەکی قەبەی بۆ ئاودێریکردنی زەویوزاری کشتوکاڵیی بەربلاوی دەشتی دووبز (دبس) و داقوق و دووز خورماتوو لە باشووری ڕێگای گشتیی نێوان کەرکوک و بەغدا تا چیاکانی حەمرین دانا کە ئەوەبوو ئاوی لە زێی گچکەوە بۆ هێنا، ئەم پرۆژەیە پرۆژەی ئاودێریی حەویجە نییە، پرۆژەیەکی ترە، لە سەرەتادا ناونرا (پرۆژەی ئاودێریی کەرکوک) و پاشان کرا بە(پرۆژەی ئاودێریی سەددام) کە دەیان هەزار دۆنم زەوی ئاودەدات. ئەم پرۆژە گەورەیەی ئاودێری لەوجووتیارە عەرەبانە بەولاوە کە لەم دواییەدا لەو ناوچانە نشتەجێ کراون، کەس سوودی لێ وەرناگرێ.



ڕژێمی عێراق کاری بەعەرەبکردنی کەرکووکی بەدوو لق جێبەجێ کرد کە هەرکامیان ئەوی دییان تەواو دەکا. لە لقی یەکەمی کارەکەیدا ڕژێم کوردەکانی ناچار کرد شاری کەرکوک و ناوچەکانی پارێزگای کەرکووک جێ بێڵن و ڕووبکەنە پارێزگاکانی دی، جا بەگواستنەوەی وەزیفەی کاربەدەستان و کرێکاران بێ، یا زۆرداری بێ وەک لەگەڵ خەڵکی تر کرا. ئەو کوردەی کەرکووکی، بەئارەزووی خۆی بێ یان بەناچاری، بەجێ هێشتووە، ڕێگای نەدەدرا جارێکی تر بگەڕێتەوە کەرکووک، با ناویشی لە ناونامەی نفووسی پارێزگایشدا بێ. بەش بەحاڵی ئەو کاربەدەست و کرێکارانەیش پاش خانەنیشین کردن یان پاش لەسەر کار لابردنیان، دەیانویست بگەڕێنەوە کەرکوک و لەوێ نیشتەجێ ببنەوە، هەر وا کرا و، ڕێگایان نەدرا ڕووبکەنەوە جێ و ڕێی جارانیان. ئەو هەزاران کۆچ پێ کراوەیش لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦٢ و ١٩٩٠دا کۆچیان لە کەرکووک پێکرا و، هەروا ئەو هەزاران کەسەیش پاش بۆردوومان کردن و بەرتۆپ دانی کەرکووک و سەرنەکەوتنی ڕاپەڕینەکە لە نیسانی ١٩٩١دا شاریان بەجێ هێشت و ئاوارە بوون، هەروا ڕێی گەڕانەوەیان نەدراوە و تا ئێستایش هەروا بێ خانە و لانە ماونەتەوە و دەرفەتی گەڕانەوەیان بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان نادرێ.

لقی دووەمیش لە کاری بەعەرەبکردنی کەرکووک بەوەبوو هەزاران خێزانی عەرەبیان لە ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە هێنا و لە کەرکووک و ناوچەکانی نزیکی نیشتەجێیان کردن و لە سازمانە جۆربەجۆرەکانی دەوڵەت یا لە دەزگا سەرکوتکارەکانی وەک پۆلیس و سوپا و ئیستخبارات و موخابەرات و ڕێکخراوەکانی پارتیی بەعس و سوپای گەلیدا دایانمەزراندن و، بەوە نشیمەن و هۆیەکانی ژیانییان بۆ دابین کردن. ئەوانەیان کە لە سوپای گەلیدا دایانمەزراندن، پارێزگاریی شار و دەوروپشتی شاریان لە ڕەبییە سوپاییەکان و سەنگەرەکانی دەوروبەری شارەوە، پێ سپاردن. ڕژێم بەم عارەبانە دەڵێ: «عەرەبە هاتووەکان»،

بەڵام خەڵک ناو و ناتۆرەی تریان لێ ناون وەک «دەهەزارییەکان» و «بیست هەزارییەکان»بەگوێرەی ئەو پارەیەی میرییی لەگەڵ نیشانەی تری هەڵاوێردەییدا پێیانی دەدا.

بەڵام ڕژێمی عێراق نەیتوانی عەرەب لە ناوچەکانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی پارێزگای کەرکووکدا نیشتەجێ بکا، چونکە نەیدەتوانی بەئاسانی لەو ناوچانەدا بیانپارێزێ. بۆیە دەستی دایە ڕووخاندنی گوندەکانی ئەو ناوچانە کە ژمارەیان لە ٧٠٠ گوند تێدەپەڕی. هێرشی وێرانکردن، هەروەها گەلێ گەڕەکی یا چەند بەشێکی گەلێ گەڕەکی کوردیشی لەناو شاری کەرکووکدا گرتەوە. بۆ نموونە، بەبیانووی کردنەوەی شەقامی پانەوە. سەدان خانووی لە گەڕەکەکانی شۆریجە و ئەڵماس و بڵاخ و پیریادی و موسەڵڵا و بەرتەکیەدا ڕووخاند و ڕێگای خاوەن خانووە ڕووخێنراوەکانیشی نەدا خانووی تر یا پارچە زەوییەک لەناو کەرکووکدا بکڕن و بیکەن بەخانوو. پاشان ئەوەیشی لێ قەدەغە کردن کە لەناو کەرکووکدا بمێننەوە.

چاری مەسەلەی کورد لە عێراقدا هەر بەنیوە و ناتەواوی دەمێنێتەوە و هەمیشە مەترسیی تەقینەوەی لێ دەکرێ ئەگەر بڕیارێکی بێ پێچ و پەنای لەگەڵ نەبێ کەوا هەرچی ئەو کورد و تورکمانانەی ڕژێم کۆچی پێ کردوون بگەڕێنرێنەوە بۆ کەرکووک و بۆ گوند و شارۆچکەکانی پارێزگای کەرکووک. هەروەها دەبێ هەموو ئەو عەرەبانەی لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٣وە لە کەرکووک و ناوچەکانی پارێزگای کەرکووکدا نیشتەجێ کراون، بگەڕێنرێنەوە بۆ ئەو شوێنانەی لێیانەوە هێنراون. ئەوەی لە ڕۆژانی ڕاپەڕینەکەی ئاداری ١٩٩١ی کوردستان و بەشێکی زۆری عێراقدا لە کەرکووک ڕووی دا کە بەشی زۆری عەرەبە هاتووەکان لە کەرکووک هەڵاتن و شاریان بەجێهێشت، چاکترین بەڵگەیە کەوا مانەوەی ئەو عەرەبانە بەسراوە بەمانەوەی ڕژێمی دیکتاتۆرییەوە. ئەمانە لەگەڵ هێزەکانی گاردی کۆماری و چەکدارە چڵکاوخۆرەکانی تاقمی (موجاهیدینی خەلقی ئێران)دا



نەبێ کە شارەکە و دەوروبەری شاریان دایە بەر تۆپ و ڕۆکێت و کوێرانە بۆردومانیان کرد، نەیانتوانی بگەڕێنەوە بۆ کەرکووک.

هەروەها دەبێ سنوورە بەڕێوەبەرییەکانی پارێزگاکە وەک پێش ساڵی ١٩٦٨ی لێ بکرێتەوە. ئەمەیش بەوە دەبێ هەر قەزا و ناحیەیەک لە پارێزگای کەرکووک دابڕراوە و نوسێنراوە بەپارێزگای ترەوە، بخرێتەوە سەری. دیارە هەروەها پێویستە گوند و شارۆچکە ڕووخێنراوەکانی کورد و تورکمانیش دروست بکرێنەوە و، خاوەنەکانیان چی زەرەر و زیانیان بەهۆی سووتاندنی باخ و بێستان و کێلگە و خەلە وخەرمان و کوشتن و بڕین و ئاوارەکردنەوە لێکەوتووە، هەموویان بۆ ببژێررێتەوە.

ناوچەی کەرکووک، کە لەوەوپێش و ئێستایش بەشێ بووە لە کوردستان و شاری کەرکووک کە هەر لە سەردەمی عوسمانییەوە مەڵبەندی بەڕێوەبردنی ئەم ناوچەیە بووە، دەبێ سەر و سیمای ڕەسەنی خۆی بۆ بگێڕدرێتەوە و هەموو نیشانەیەکی ئەو کاولی و وێرانییەی بەسەریدا هێنراوە لێی هەڵگیرێ و دوای مۆرکی کاری ڕەگەزپەرستانەی بەعەرەبکردنی پێوە نەهێڵرێ.

بەش بەحاڵی سیاسەتی بەعەرەبکردنیش کە لە سەرەتای ساڵەکانی هەشتاکانەوە تورکمانەکانیشی گرتووەتەوە، دەبێ ئەم سیاسەتە ڕەزا تاڵە کە لەگەڵ ئەوانیش بەکارهێنراوە دوایی پێ بهێنرێ. لەسەر دەسەڵاتی کوردیش کە ئێستا لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستاندا هەیە پێویستە دان بە مافە نەتەوەیی و کولتوورییەکانی تورکمانەکاندا بنێ و ئەو دان پێدانانەیشی بخرێتە قاڵبی قانوونەوە و دەزگای پێویست بۆ کەڵک وەرگرتنی بەکردەوە لەو مافانە و بەشێوەیەکی دیموکراتانە، دامەزرێنرێ. بەرانبەر بەمەیش پێویستە لەسەر سەرکردەکانی حزبە سیاسییەکانی تورکمانەکان خۆیان لەپاڵ هەندێ دەوڵەتی ناوچەکەدا نەدەنە پەنا و لە دژی کوردیان هەڵنەخڕێنن، گوایە کوردەکان خەریکن بەپشتیوانی ڕۆژئاوا «دەوڵەتێکی کورد» دادەمەزرێنن. ئەوەی هەندێ کەس ئیددیعای دەکەن

کەوا گوایە کوردەکان «بەگەرم ناڕواننە تورکمان»، سەرەڕای ئەوەیش کە هیچ بنەمایەکی ڕاستی نییە، یارمەتیی وەدەستهێنانی ئاو و هەوایەکی سیاسیی ئەوتۆیش نادا کە بۆ دان پێدانانی مافەکانیان بگونجێ[٧٥].

پێویستە لەسەر هەموان، بەکورد و تورکمان و ئاشوورییانەوە، پەند و ئامۆژگاری لەو ڕووداوە ناخۆشانە وەرگرن لە دواساڵەکانی پەنجاوە تا ئێستا بەسەریاندا هاتووە. ئەو ڕووداوانە ئیسپاتیان کردووە کەوا ئامانجی ڕژێمی شۆڤێنیی بەغدا ئەوەیە سەرەنجام هەموان لە ناوچەکەدا بەدەرنێ. ئەم ڕژێمە لە سەرەتادا دەستی دایە کۆچ پێکردنی کوردەکان لە ناوچەی کەرکووک و هەندێ کۆڕ و کۆمەڵی تایبەتیی تورکمانە نەتەوەییەکانیشی لەم مەیدانەدا بۆ لێدانی کورد خستە کار تا ناچاریان بکا واز لەوە بهێنن لە کەرکووک بژین. جا کە وای لێ هات لە کورد بووەوە یا بەخەیاڵی خۆی وای زانی لێیان بووەتەوە، بایدایەوە بۆ سەر تورکمانەکان تا ئەوانیش بکا بەقوربانییەکی تازەی سیاسەتە ڕەگەزپەرستانەکەی.

سیاسەتی چەوساندنەوە و هەڵاوێردن تەنانەت ئەو عەرەبانەیشی گرتووەتەوە کە لە ناوچەکەدا جێگیربوون، واتە لەپێش هاتنی لێشاوی «عەرەبە هاتووەکان»ەوە لەوێن. ئەم «عەرەبە هاتووانە» مامەڵەیەکی ئەوتۆ لەگەڵ هەموان واتە لەگەڵ کورد و تورکمان و ئاشووری و عەرەبی خەڵکی ناوچەکە دەکەن پڕە بەسووک زانین و بەکەم بۆڕوانین، ئەوەیش هەموو لەوەوەیە کە دەستیان بەسەر هەموو سەنتەرەکانی هێزی ناو سوپا و بەڕێوەبەرێتیی و دەزگاکانی ئاسایش و موخابەرات و ڕێکخراوەکانی پارتیی بەعس و هەموو زەویوزارە کشتوکاڵییەکان و سەرچاوەکانی ئابووری و ساختمان و سازمان و ڕێکخراوە پیشەیی و سەندیکاییەکاندا گرتووە. چاوگێڕانێکی بەپەلە بەهەموو ئەو دەزگا و ساختمان و سازمانانەدا بۆمان دەردەخا کۆمەڵە خەڵکێ کە هیچ پێوەندێکیان بەناوچەکەوە نییە دەستیان بەسەر هەموو شتێکدا گرتووە و بوون بەفەرماندەر و نەهێڵ و ڕێدەر و ڕێ لێگری هەموو شتێ، کەچی خەڵکی ناوچەکە بوون بەنامۆ و



بێگانە و چەوساوە و بەسووک سەیرکراو! لەلایەن ئەوانەوە.

کورد دەمێ زەمانە گوناهی (جیاوازی خوازی)یان دەدرێتە پاڵ، لەبەر هیچ نا، هەر لەبەر ئەوە کە داوای مافە نەتەوەییەکانی خۆیان دەکەن و نایانەوێ ڕژێمە عێراقییەکان کوردستانی نیشتمانیان بکەن بەئاوایی بۆ عەرەب وەک ئەو ئاواییانەی ڕژێمە فاشییەکان لە نیشتمانی گەلانی تردا دروستیان دەکەن و، ئەگەر کار هەر بەم پێودانە بڕوا کە ئێستا هەیە. دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن دا ئەوا ناوچەکە هەمیشە هەر لە مەترسیی تەقینەوەدا دەمێنێتەوە.

ئەو ڕووداوانەی ئەمڕۆ لە جیهاندا و بەتایبەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوودەدەن، ئەوە ئیسپات دەکەنەوە کەوا ژیانی پێکەوەی دوو گەل و زیاتر سەرەنجام دەبێ هەر تێک بچێ ئەگەر لەسەر بنەمای خواستی ئازادانەی هەموو لایەنەکان دانەمەزرابێ. یەکێتییەک کە لەسەر بنەمای تێک تربخاندن و پێکەوەنووساندن و پشت بەستن بەزۆربیی ژمارەی لایەک لە لاکانی تر و سەروەریی ئەم لایە بەسەر ئەو لاکانی تردا بیناکرابێ، وەک ڕژێمی عێراق وادەکا، ئەو یەکێتییە هەرگیز سەرکەوتنی لە چارە نانووسرێ. هەموو ئەو زۆرکارییانەی ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، بەتایبەتی لە سەرەتای ساڵەکانی شەستەوە، کردوویانە، کاری ناڕەوا و ناهەق و پێچەوانەی سادەترین چەمک و قانوونی نێودەوڵەتی بوون، چونکە لەسەر بناغەی زۆر و ناچارکردن بیناکراون و، لە بیروبۆچوونی ڕەزا تاڵی ڕەگەزپەرستییەوە هاتوون و هەڵقووڵاون و، پشتەوانەیان داگیرکردنی بەزۆری هێزی زەویوزاری خەڵکی تر و دەرکردنی خاوەنە شەرعییەکانی و هێنانی سەدان هەزار کەسی بێگانە و نامۆ بەناوچەکەیە، بۆ ئەوەی لەو شوێنە بەزۆر داگیرکراوانەدا و لە شوێنی خاوەن ماڵە ڕەواکاندا نیشتەجێ بکرێن.

ئەو عێراقییەی سوور بێ لەسەر مانەوەی قەوارەی عێراق، دەبێ ئەو سیاسەتی بەعەرەبکردنەی ڕژێمی عێراق لە ناوچەی کەرکووکدا لەسەری

دەڕوا، بەتاوان بزانێ و نەفرینی لێ بکا و، داوا بکا بارودۆخی ناوچەکە بگێڕرێتەوە بۆ وەزعی عادەتیی پێش ساڵی **١٩٦٣**ی.

بەتاوان دانەنانی ئاشکرا و بێ پێچوپەنای ئەم سیاسەتە ڕەگەزپەرستانەیە، مەسەلەی بەپێکەوە ژیانی عەرەب و کورد دەخاتە بەر ئەزموونێکی سەختەوە و چارەنەکردنی ئەم گیروگرفتە بەو شێوەیەی پێشان هێمامان بۆ کرد، سەرەنجام دەکێشێتەوە بۆ ڕمانی یەکجاریی ئەو چەردە متمانەیەیش کە ماوە و، ئەوەیش ئەنجامی ئەوتۆی لێ دەوەشێتەوە لەوانەیە قەوارەی عێراق بخاتە بەر مەترسیی داتەپینیش.

## پەراوێزەکان

(١) تۆفیق وەهبی: گەشتێک لە دەربەندی بازیانەوە بۆ ملەی تاسڵووجە، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٦٥، ل٦.

(٢) قاموسولئەعلام (بەزمانی تورکی)، دانانی شەمسوددین سامی، چاپخانەی مەهران، ئەستەموڵ، ١٣١٥ی ک، ١٨٩٨ی ز؛ هەروەها بڕوانە: هەڵکەوت حەکیم، کەرکووک شاری ئاگر و ڕووناکی، گۆڤاری (چریکە)، کە لە لەندەن دەردەچێ، ژمارە ٣، ئابی ١٩٨٤، لاپەڕە ٤١ و لاپەڕەکانی پاشەوەی. هەروەها بڕوانە پاشبەندی ژمارە (١)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

(٣) ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلام (بەزمانی فەرەنسیی):
Encyclopedie de L'Islam, Nouvelle Edition, Etablie avec le concours des Principaux Orientalistes, Tome V, Paris, G. P. Maisonneuve Larose, Voir Kirkuk, par J. H. Kramers et Thomas Bois, p. 149.

هەروەها بڕوانە: هەڵکەوت حەکیم، سەرچاوەی پێشوو.

(٤) C. J. Gadd, Revu. d'Assyr. et d'Archeol., Orient, 1926

(٥) لەیلا نامیق جاف، کەرکووک: هەندێ چاوپێداگێڕانی مێژوویی (بەزمانی عەرەبی)، چاپخانەی خەبات، هەولێر (لە کوردستانی عێراق)، ١٩٩٢، ل١٨.

(٦) عەبدوڕڕەزاق حەسەنی، عێراق لە کۆن و نوێدا (بەزمانی عەرەبی)، چاپخانەی عیرفان، سەیدا، ١٩٥٦؛ دکتۆر شاکر خەسباک، کورد و مەسەلەی کورد (بەزمانی عەرەبی)، بەغدا، ١٩٥٩، لە ١٤-١٥.

(٧) تەها باقر و فوئاد سەفەر، ڕابەر بۆ شوێنەکانی ئاسەوار و شارستانێتی، گەشتی چوارەم (بەزمانی عەرەبی)، بەڕێوەبەرێتیی هونەر و کولتووری میللی لە وەزارەتی کولتوور و ڕێبەرایەتیی عێراقدا دەریکردووە. بەغدا، ١٩٦٥، ل٨٠.

(٨) د. جەمال ڕەشید ئەحمەد، چەند لێکۆڵینەوەیەکی کوردانە لە وڵاتی سۆپارتودا (بەزمانی عەرەبی)، بەغدا، ١٩٨٤، دەزگای ڕۆژنامەنووسی و بڵاوکردنەوەی «ئافاق عەرەبییە»، ل٣٠ و ٣١.

(٩) یاقووتی حەمەوی، موعجەمولبولدان (بەزمانی عەرەبی)، بەرگی چوارەم، ل٢٧٦.

(١٠) تۆفیق وەهبی (لەیلا نامیق جاف بەزمانییەوەی دەگێڕێتەوە)، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١-٣٤.

(١١) هۆفمان (G. HOFFMAN) لە دانراوێکیدا بەزمانی ئەڵمانی، بەرگی سێهەم، ١٨٨٠ (ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلام [بەزمانی فەرەنسی] لێوەی دەگێڕێتەوە، ل١٤٧).



(١٢) تۆفیق وەهبی، سەرچاوەی پێشوو.

(١٣) ئەنسیکلۆپیدیای تورکی (TURK ANSIKLOPEDISI) کە (بەزمانی تورکی) دەرچووە و لە ساڵی ١٩٧٢دا لە ئەنقەرە لە چاپ دراوە، لە لاپەڕە ٤٩٥-٤٩٩ی بەرگی ٢٠هەمیدا هێما بۆ هێرش هێنانی تەیموری لەنگ بۆ سەرناوچەی کەرکووک، لە ڕۆژگاری میرایەتیی جەلائیرییە کوردەکاندا - دەکا، کە ناوچەکە و هەموو گوندەکانی دەوروبەری بەشاری (تاوغ TAVUK)یشەوە کە مەڵبەندی ناوچەکە بووە، لە سەردەمی ئەحمەدی جەلایریدا وێران کران. هەروەها ئەوەیش دەگێڕێتەوە کەوا ئەم میرنشینە کوردە لە ساڵی ٥٦٤ی کۆچیدا پێکەوەنراوە لە کەرکووک و دەوروبەریدا لەلایەن (بابا ئەردەڵان)ەوە کە دەگەڕێتەوە سەر هۆزی (مامۆلی Mamoli) کە لقێکە لە عەشیرەتی گۆران.

(١٤) موحەممەد ئەمین زەکی، خولاسەیێکی مێژووی کورد و کوردستان (بەزمانی عەرەبی)، وەرگێڕانی بۆ سەر عەرەبی موحەممەد عەلی عەونی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، بەغدا، ١٩٦١، ل١٦٤.

(١٥) سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٦.

(١٦) لە ئەنسیکلۆپیدیای تورک، سەرچاوەی ڕابووردوودا وتراوە: کەرکووک دەکەوێتە سەر ڕێگای بازرگانیی نێوان موسڵ و بەغدا و تەورێز کە شارێکی پڕ بایەخ و پێتەختی سەفەوییەکان بووە.

(١٧) عەبدوڕڕەززاق حەسەنی، سەرچاوەی پێشوو.

(١٨) ئەنسیکلۆپیدیای تورک، سەرچاوەی پێشوو.

(١٩) دکتۆر شاکر خەسباک، عێراقی باکووری (بەزمانی عەرەبی)، چاپخانەی شەفیق، بەغدا، ١٩٧٣، ل٢١١، د. محەمەد مەجید عارف، ئەنتۆگرافیا و ئیقلیمە شارستانەتییەکان، بەغدا، ١٩٨٥، ل١١٩.

(٢٠) شاکر سابیر زابت، کورتەی مێژووی تورکمان لە عێراقدا (بەزمانی عەرەبی)، بەغدا، ١٩٦٢، ل٢٨ و لاپەڕەکانی پاشەوەی؛ زەکی وەلیدی تۆغان، دەروازەی مێژووی گشتیی تورک (بەزمانی تورکی)، بەرگی ١، ل١٨٧، ئەستەموڵ، ١٩٤٦ (ئەرشەد هورمزی لە کتێبی «تورکمان لە عێراقدا» - بەهەردوو زمانی عەرەبی و تورکی -، لە بڵاوکراوەکانی پارتیی نیشتمانپەروەری تورکمانی عێراق، ئەنقەرە، ١٩٩٤، ل٢٦ و لاپەڕەکانی پاشەوەیدا بەزمانییەوەی دەگێڕێتەوە).

(٢١) ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلام، سەرچاوەی پێشوو.

(٢٢) هەمان سەرچاوە، ل١٤٧؛ هەروا بڕوانە: ئەنسیکلۆپیدیای تورک، سەرچاوەی پێشوو.

(٢٣) ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلام، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٧.

(٢٤) هەمان سەرچاوە، ل١٤٧.

(٢٥) هەمان سەرچاوە، ل١٤٧.

(٢٦) هەمان سەرچاوە، ل١٤٧.

(٢٧) ئەرشەد هورمزی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

(٢٨) تەها هاشمی، جیۆگرافیای عێراق بۆ قوتابخانە سانەوییەکان (بەزمانی عەرەبی)، بەغدا ١٩٣٨؛ مەحموود فەهمی دەروێش، ئەنسیکلۆپیدیای ڕابەری ڕەسمیی عێراق (بەزمانی عەرەبی)، بەغدا، ١٩٣٦؛ فازڵ ئەنساری، دانیشتووانی عێراق (بەزمانی عەرەبی)، چاپخانەی ئەلئەدیب، دیمەشق، ل٢٤ (دکتۆر خەلیل ئیسماعیل بەناوونیشانی «دابەشبوونی جیۆگرافییی تورکمان لە عێراقدا» لە گۆڤاری «سیاسەتی نێو دەوڵەتان»، ژمارە ٨، هەولێر، ١٩٩٣، ل٢٢دا بەزمانیەوەی دەگێڕێتەوە).

(٢٩) هەندێ لە سیاسەتمەدارەکانی تورکمان دەڵێن: تورکمان لە عێراقدا تێکڕا هیچ نەبێ ١٠٪ی دانیشتووانیان لێ پێک دێ، بێ ئەوەی پشت بەسەرژمێرێ یا بەڵگەنامەیێ بۆ ئەم ئیددیعایەیان ببەستن. هەروەها دەیشڵێن: ژمارەی ئێستایان لە دوو ملیۆن کەس کەمتر نییە، بەڵام ئەمە ژمارەیەکە زیادەڕۆییەکی زۆری تێدا کراوە، چونکە ژمارەیان لە ڕاستیدا ناگا بەسێ یەکی ئەم ئیددیعایەیان، واتە ٦٥٠ هەزار کەسێک.

جا بۆ پاساودانی ئەم قسانەیان دەڵێن: درێژایی هێڵی تەلەعفەر تا خانەقین و مەندەلی تورکمانی تێدا نیشتەجێن، بێ ئەوەی باسی ئەوە بکەن کەوا بوونیان بەدرێژایی ئەم هێڵەدا تەنیا لە چەند شار و شارۆچکەیەکدایە و، لەم شار و شارۆچکانەیشدا هەر ڕادەیەکی کەم لە دانیشتووانی تورکمانن. بۆ نموونە بەدرێژایی پێوانەی نێوان مووسڵ و کەرکووک کە لە ١٦٠ کیلۆمەتر درێژترە، هیچ گوندێ یا شارۆچکەیێ یا شارێکی تورکمان تەنانەت هیی وایش کە هەندێ تورکمانی تێدا بێ، نییە، کەمایەتییەکی تورکمانی لێ دەرکەین لە ناو شاری هەولێردا دەژین و ڕادەیان لە ٥٪ی دانیشتووان تێپەڕ ناکات. هەروەها هەندێ تورکمانیش لە شارۆچکەی پردێ (ئاڵتوون کۆپری) هەیە کە ژمارەی سەرجەم دانیشتووانی بەکورد و تورکمانەوە بەپێی سەرژمێرەکەی ١٩٥٧، تەنها ٣٨٥٥ کەس بووە. لە پارێزگای کەرکووکیش ژمارەی تورکمان بەپێی سەرژمێرییەکەی ١٩٥٧ گەیشتووەتە ٢١,٤٪ لە تێکڕای دانیشتووان و، لە سەرژمێرەکانی لەوەو پاشیشدا لەمە کەمتر بووە. تا ئێستا بەغدایش کۆمەڵێکی تورکمانی



تێدایە بەدەیان هەزار کەس دادەنرێن، وەک ئەو کۆمەڵە کوردەی لەوێن و بەپتر لە سێ چارەگە ملیۆن کەس دادەنرێن، یا وەک ئەو کۆمەڵە ئاشووری و غەیری ئەوانیش کە لەوێن. زۆرتری ئەم کورد و تورکمان و ئاشوورییانە لە دوا دوایی ساڵەکانی پەنجاوە و بەهۆی بارودۆخی جەنگی لەو کاتەوە تا ئێستا هەمیشە نیوە بەردەوامەوە و، لەبەر هەندێ هۆی ئابووری و وەزیفەیی کۆچیان کردووە بۆ ئەوێ.

(٣٠) دابەشبوونی ئایینیی دانیشتووان لە عێراقدا، ئامادەکردنی مەڵبەندی ئامادەکردن و گەشەپێدانی کولتووری لە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی ئاسایش [لە سنوورێکی تایبەتیدا بڵاوکراوەتەوە]، پشت بەئەنجامی سەرژمێریی دانیشتووان لە ساڵی ١٩٧٧دا. ئەم بەڵگەنامە نهێنییە یەکێ بوو لەو گشتە بەڵگەنامانەی پاش سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکەی مارتی ١٩٩١ی کوردستانی عێراق، لەگەڵ بەڵگەنامەگەلێکی زۆری تردا کەوتنە دەست سەرکردایەتیی کورد.

(٣١) هەمان سەرچاوە، هێڵ بەندیی ژمارە ٤، ل٢٥.

(٣٢) دکتۆر خەلیل ئیسماعیل، سەرچاوەی ناوبراوو؛ هەروا نامیلکەی دابەشبوونی ئایینیی دانیشتووان... سەرچاوەی پێشوو.

(٣٣) بڕوانە سەر هێڵ بەندیی شانزەهەمی کۆمەڵەی سەرژمێریی ناونووسینەکەی ساڵی ١٩٥٧ کە تایبەتە بەپۆل بەندیی دانیشتووان لەبارەی ڕەگەز و زمانی دایکەوە، کۆماری عێراق، وەزارەتی ناوخۆ، بەڕێوەبەرێتیی گشتیی نفووس. سەیری پاشبەندی ژمارە ٢ بکە و بەراووردی بکە لەگەڵ ڕادەیان بەگوێرەی سەرژمێرییەکەی ساڵی ١٩٧٧، کە ڕادەیان ١٦,٧٥٪ی هەموو دانیشتووانی پارێزگای کەرکووک بوو. هەروا بگەڕێرەوە سەر دکتۆر خەلیل ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو، هێڵ بەندیی حەوتەم لاپەڕە ٢٩ و، نامیلکە نهێنییەکەی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی ئاسایش کە بەپێی سەرژمێرییەکەی ساڵی ١٩٧٧ ئامادە کراوە، سەرچاوە پێشووەکە.

(٣٤) دکتۆر خەلیل ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو.

(٣٥) بۆ نموونە، پایەی سەرۆکایەتیی شارەوانیی کەرکووک، چ لە سەردەمی عوسمانی و چ لە سەردەمی پاشایەتیدا، بەچەند کەس لە بنەماڵەی کوردی (تاڵەبانی) سپێرراوە. لە سەردەمی عوسمانیدا شێخ ڕەئووفی تاڵەبانی سەرەکی شارەوانیی بووە. شێخ حەبیبی برایشی لە سەردەمی پاشایەتیدا نزیکەی ١٥ ساڵ ئەم پایەیەی پێ سپێرراوە. دادیار فازڵ تاڵەبانییش تا لەسەر کار لابردنی پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووز ئەم پایەیەی بەدەستەوە بوو. بگەڕێرەوە سەر وتارێکمان

بەناوونیشانی «جارێکی تریش هەر لەبارەی فیدرالیزمەوە»، ڕۆژنامەی (المنار الکردی) کە لە لەندەن (بەزمانی عەرەبی) دەردەچێ، ژمارە ١٥، ١٣ی تەمموز (یۆلیۆ)ی ١٩٩٤. لە پیاوماقوولانی تورکمانیش کە ئەم پایەیەیان پێ سپێردراوە ناوی عەبدورڕەحمان پیریادی دێنین کە ساڵی ١٩٢٠، کاتێ کەرکووک لەژێر بەڕێوەبەرێتیی ڕاستەوخۆی سوپای بەریتانیادا بوو، ئەو سەرۆکی شارەوانیی بووە. هەروا مەجید و پاشان شامیل یەعقووبی، یەکەمیان لە سەرەتای ساڵانی بیست و دووهەمیان لە پەنجادا، هەرچەندە ئەم دووانە لە بنەڕەتدا کوردن و، لە خێڵی زەنگەنەن.

(٣٦) فڕۆکە جەنگییەکانی ئێران و عێراق لە سەردەمی جەنگەکەی ساڵانی ١٩٨٠-١٩٨٨ی نێوان هەردوو دەوڵەتدا شار و شارۆچکەکانی یەکدییان بەبۆمبا دەکوتایەوە. تۆپە بەربەرەکانیکەرەکانی عێراقی دژ بەفڕۆکەکانی ئێران چەند فڕۆکەیەکی جەنگیی ئێرانیان بەسەر ناوچەی کەرکووکەوە خستە خوارەوە. فڕۆکەوانەکانی ئەو فڕۆکانە خۆیان بەپەڕاشووت هەڵدایە خوارەوە و نە لەشکر و نەئاسایشی عێراق بۆیان نەدۆزرانەوە و نەیانتوانی کەسیان لێ بگرن و دیلیان بکەن. حکوومەتی عێراق وتورکمانە شیعەکانی ناوچەکەی بەوە گومانی کرد کە ئەوان شاردوونیانەتەوە و گەیاندوویاننەتەوە سەر سنووری ئێران. بەهۆی ئەمەوە ژمارەیەک لە لاوانی تورکمانی شیعە گیران و سزادران. هەندێکی کەیشیان ناچار بوون ڕوو بکەنە ئێران و لەوێ داوای داڵدە و پەنا بکەن. زۆرجاریش هەندێ لەوانە لە کاتی هێرش هێنانی سوپای ئێراندا بۆ سەر شوێنەکانی لەشکری عێراق لە نزیک ئەو ناوچانەی تورکمانی شیعەیان لێ دادەنیشن، لەگەڵ کۆمەڵە چەکدارەکانی ئێراندا دەهاتنەوە. گەلێ لەم لاوانە پاشان چوونە ناو ڕیزەکانی حزبە ئیسلامییەکانی عێراقەوە. تاقمێکی تریان حزبێکی تایبەتییان دروست کردووە بەناوی (یەکیەتی تورکمانی ئیسلامی)یەوە، کە زۆر نزیکە لە حزبی (دەعوەی ئیسلامی) کە حزبێکی قەومی و مەزهەبییە.

(٣٧) لە تەلگرافی ژمارە ٥٤٣ی ڕۆژی ١/ ١٠/١٩٢٣ی ئەسپاردەی باڵای بەریتانیادا لە بەغدا کە بۆ وەزارەتی کۆڵۆنییەکانی بەریتانیای ناردووە، نووسراوە: «لام وایە ئێمە گفتوگۆی سنوور گەلێ ئاسان دەکەین ئەگەر بتوانین سەرەتا گفتێکی ڕەسمی بەتورکیا بدەین کەوا بەهۆی گۆڕانی بارودۆخەوە دەستمان لە بیری دانی سەربەخۆیی ناوخۆیی بەکورد هەڵگرتووە کە لە پەیمانی (سیڤەر)دا هەیە و، ئامانجمان ئەوەیە بەوپەڕی توانای خۆمان، لە ئەنجامی گفتوگۆدا، هەموو ئەو ناوچە کوردانەی سەر سنوور کە دەکەونە بەر ویلایەتی



مووسڵ، بییانخەینە ژێر بەڕێوەبەرێتیی عێراقەوە». (بگەڕێرەوە سەر وتارێکمان بەناوونیشانی «لە پێناوی دیالۆگێکی بێ پێچوپەنای کورد و عەرەبدا کە سەرەنجام بکێشێتەوە بۆ چارەیەکی دیموکراسی»، لە ژمارە ١١٥٠ی ٢٤ی ئابی ١٩٩٣ی ڕۆژنامەی «ئەلحەیات»دا [بەزمانی عەرەبی] بڵاوکراوەتەوە).

(٣٨) دکتۆر ئەحمەد نەجمەدین لە لاپەڕە ١٠٩ی کتێبەکەیدا کە ناوی لێ ناوە «وەزعی دانیشتووانی عێراق» (بەزمانی عەرەبی) و ئەنستیتووتی لێکۆڵینەوەی عەرەبی لە قاهیرە لە ساڵی ١٩٧٠دا بڵاوی کردووەتەوە و، لە دەستنووسێکی دکتۆر محەمەد هەمەوەندیدا بەناوونیشانی «مافەکانی کورد و کوردستان لە شەرع و لە سیاسەتدا» (بەزمانی عەرەبی) هێمای بۆ کراوە، هێما بۆ ئەوە دەکا کە خەڵکێکی زۆر کۆچیان کردووە بۆ کەرکووک بۆ کارکردن لە نەوتخانەکانی کۆمپانیی نەوتدا و، ژمارەی ئەو کۆچکردووانە تەنها لە ساڵانی نێوان ١٩٤٧، ١٩٥٧دا بە ٣٩٠٠٠ کۆچکردوو لە قەڵەم دەدا و، دەیشڵێ: زۆربوونی دانیشتووانی کەرکووک لە ساڵی ١٩١٩وە تا ساڵی ١٩٦٨ گەیشتە پێنج ئەوەندەی ژمارەی ئەوسایان.

(٣٩) ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلام، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٨.

(٤٠) هەمان سەرچاوە.

(٤١) بگەڕێرەوە سەر هیڵ بەندیی تایبەت بەو خێڵانەی لە لیوای کەرکووک نیشتەجێی بوون و لە سەرژمێری ڕەسمیی ساڵی ١٩٥٧ی حکوومەتی عێراقدا باسیان کراوە.

(٤٢) یەکێ لەو هۆسە (میللی)یانەی چەکدارانی خێڵی عوبێد و جبوور لە کاتی هێرشیاندا لەگەڵ سوپای عێراق لە ساڵی ١٩٦٣دا بۆ سەر دێهاتە کوردەکانی نزیک کەرکووک دەیانکردن، ئەمەبوو: ئێمەی عەرەب بەغیرەتین، کورد لەم ناوچانە دەردەکەین!

(٤٣) سەیری پاشبەندی ژمارە ٣ بکە.

(٤٤) حەننا بەتاتۆ،

The Old Social Classes and The RevolutionaryMovement in Iraq, Princetom University Press, Princetom, New Jersey. p. 913.

هەروا بڕوانە:

Uriel Dann, Iraq under Qassem, A Political History, 1958 - 1963, Re-uven Shiloah Research Center, Jerusalem, 1969, p. 223 s.

(٤٥) زەعیم (ی لەوەپاش) عەبدوڕڕەززاق مەحموود لە سەردەمی حوکمڕانیی

عەبدوسسەلام محەمەد عارفدا بوو بەپاریزگاری سلێمانی و، ڕۆڵێکی سەرەکیی لە ڕێکەوتنەکەی ساڵی ١٩٦٤ی نێوان عەبدوسسەلام محەمەد عارف و خوالێخۆشبوو مستەفا بارزانیدا بینی کە هۆیەکی بنچینەیی ئەو دووکەرتبوونە بوو لەوەپاش لە ڕیزەکانی پارتیی دیموکراتی کوردستان ڕوویدا.

(٤٦) لە نامەی ژمارە ٤٩٧ی ڕۆژی ١٩٥٩/٧/١٥ی بەڕێوەبەرێتیی پۆلیسی لیوای کەرکووکدا کە بۆ موتەسەڕیفیەتی کەرکووک نووسراوە و لە کتێبەکەی حەننا بەتاتۆدا هێما بۆ کراوە (سەرچاوەی پێشوو، ل٩١٣) ئەمە هەیە: «زۆرتری کوردەکان چوونەتە ناو یەکێتی و ڕێکخراو و نەقابەکانی کرێکارانەوە، کەچی تورکمانەکان هەر لەژێر کاریگەریی ڕەگەزە نەتەوەییە تورکمانە تووڕەکاندا ماونەتەوە...»

(٤٧) سەیری پاشبەندی ژمارە ٤ بکە.

(٤٨) عەقید عەبدوڵڵا عەبدوڕڕەحمان، لەگەڵ چەند تورکمانێکی تردا، لە ناوەڕاستی ساڵانی حەفتادا، بەگومانی ئەوەی پێوەندیان بەچەند لایەنێکی بێگانەوە بووە، لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە تیرەباران کران.

(٤٩) یەکێ لەو شێوە سەیروسەمەرانەی ڕژێمی قاسم دەیگرتنە بەر ئەوەبوو گومان لێکراوە چەپڕەوو کوردەکانی بەرەو ڕووی دادگا عورفییەکان دەکردەوە کە سەرەک و ئەندامەکانیان لە ئەفسەرە نەتەوەییە دژ بەچەپ و بەکوردەکان بوون، کەچی گومانییە نەتەوەیی و ئیسلامییەکانی بەرەو ڕووی دادگای باڵای تایبەتی سوپایی دەکردەوە کە عەقید فازڵ مەهداوی سەرەکی بوو. هەر کام لەو گومانییانە بەساڵەهایەکی دووروودرێژ زیندان یان بەحوکمی سێدارە دانەوە لە دادگا دەهاتنە دەرەوە و، ئەگەر هاتبا هەر لایەکیان بەدادگاکەی تر بدرابانایە نەک بەو دادگایەی بۆی نێررابوون، لە هەموو ئەو تاوانانە بێ گوناه دەردەچوون کە لە نامەی بۆ دادوەری ناردنەکەیاندا نووسرابوون کە حوکمڕانی گشتیی سوپایی (الحاكم العسكري العام) بەگوێرەی ئەو نامەیە دابوونی بەدادگا!

(٥٠) یەکێ لەو توێژەرەوانەی تر کە باسی ڕووداوەکانی کەرکووکیان کردووە دکتۆر جەمال نەبەزە لە لاپەڕە ١٥٦ی کتێبێکیدا بەزمانی ئەڵمانی بەناوی (کوردستان و شۆڕشەکەی) و لە ساڵی ١٩٨٥دا کراوە بەکوردی، لەلایەن (کوردۆ)وە دەڵێ، لە ١٤ی تەمووزی ١٩٥٩دا پێکداپڕژانێکی خوێناوی لە نێوان کۆمۆنیستەکان و تورکمانەکانی کەرکووکدا ڕوویدا. دەبێت لێرەدا ڕاستییە مێژووییەکان چۆنن ئاوها پێش چاو بخرێن. ئەو لێکدانەی بووە هۆی کوشتنی هەندەک تورکمان، پیلانێک نەبوو لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە نەخشەکێش کرابێت. دوژمنەکانی



قاسم، ئەوانەی هەمیشە سەرکۆنەیان دەکرد بەوەی پشتی کۆمۆنیستەکان دەگرێت، ئەو کۆنەپەرستانەی کودەتای ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨یان بۆ بەرژەوەندی خۆیان باپێدایەوە، بەهاریکاری هەندێک کەسانی فاشستی (پان تورکیزم) بەکۆمەڵێ بەکرێگیراوانی ئای. پی. سی، ئەو ئاژاوەیان لە کەرکووکدا گێڕا. بەڵام کۆمۆنیستەکان خرانە تەپکەوە، تا هەموو تاوانەکان لە ملی ئەوان بئاڵێنن. قاسمیش وا تەلقین درا کە گوایە تەنها و تەنها کۆمۆنیستەکان تاوانبارن».

پاشان دەنووسێ «قاسم پاش دوو ساڵ هەستی کرد کە پیلانی کەرکووک لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە نەخشەکێش نەکرابوون، بەڵکە ئەوان کەوتبوونە فاقەکەوە. بڕوانە ڕاکانی قاسم لە ڕۆژنامەی (الايام)دا، ژ. ٥٩، بەغدا، تەمووزی ١٩٦٢».

هەروەها سەیری Uriel Dann، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٣ و لاپەڕەکانی پاشەوەی بکە.

(٥١) دکتۆر محەمەد هەمەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٥.

(٥٢) برادەرێکم کە پێوەندی هاوڕێیەتییەکی کۆنی بەیەکێ لە پارێزگارە پێشووەکانی پارێزگای کەرکووکەوە بووە و، پاشان پایەیەکی دیپلۆماسیی لە دەرەوەی عێراق وەرگرتووە، بۆی گێڕامەوە کەوا جارێکیان کە ئەو پارێزگارە قسەی لە سیاسەتی پارتیی بەعس لەبارەی کەرکووکەوە دەکرد، وتی: فەرمانی لە سەرکردایەتیی پارتی [پارتیی بەعس]ەوە بۆ دەهات و داوای لێ دەکرا ئەو فەرمانە بێ کەموکورتی جێبەجێ بکا و، ئەو سیاسەتە بەبەشێک لە سیاسەتی باڵای دەوڵەت دادەنرا.

(٥٣) بۆ درێژەی ئەم مەسەلەیە، بڕوانەرە: چیا، (ئەمین قادرمینە)، ئەمنی ستراتیجیی عێراق و سیاسەتی سێ کوچکەی بەعسیان: تەرحیل و تەعریب و تەبعیس لە بڵاوکراوەی دەزگای ڕاگەیاندنی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان، مایسی ١٩٨٧، ل٢٥٣-٢٥٦.

(٥٤) نەوتخانەی کەرکووک فرە نەوتترین چاڵەنەوتی جیهانە و تێکڕای بەرهەمی ڕۆژانەی لە سەد هەزار بەرمیل تێدەپەڕێ. نەوتخانەی کەرکووک لە ڕووی چەندایەتیی ئەو نەوتەوە کە تیایەتی پێنجەمین نەوتخانەیە لە جیهاندا. هەر تەنها هەندێ چینی ١٥ هەزار ملیۆن بەرمیلیان تێدایە و لە ساڵی ١٩٢٧وە تا ئەمڕۆ بەردەوام نەوتی لێ دەردەهێنرێ و تا ئێستایش هیچ نیشانەیەکی بێ کارەیی یا بێ هێزیی لێوە دەرنەکەوتووە. بڕوانەرە: دکتۆر محەمەد ئەزهەر سەعد، جیۆگرافیای ئابووریی نەوتی عێراق، نامەی دوکتۆرا لە بەشی

جیۆگرافیای کۆلیژی ئاداب، زانکۆی قاهیره، ١٩٧٥، ل٣٩٤ و ٣٩٧ ( دکتۆر محەمەد هەمەوەندی لە سەرچاوەی پێشوودا لێیەوەی دەگێڕێتەوە).

(٥٥) ئەمە پاش جاڕدانی ئەنجامی سەرژمێریی ناوبراو لە ساڵی ١٩٥٩دا بەئاشکرا دەرکەوت. ئەوەبوو هەندێ هاونیشتمانیی کورد بۆ کاری خۆیان سەریان لە دایەرەی نفووسدا بوو لە کەرکووک و، لەوێ بۆیان دەرکەوتبوو کەوا لەلایەن هەندێ لە سەرژمێرکارەکانە لە خانەی تایبەتیی (زمانی دایک)دا، بەتایبەتی لە هەندێ لەو گەڕەکە میللییەکاندا کە زۆرترینی دانیشتووانیان زمانی عەرەبییان نەزانیوە و سەرژمێرکارانەوە ئیستیمارەکانیان لە بریتیی ئەوان پڕکردووەتەوە و بەتورکمانیان داونەتە قەڵەم. هەندێک لەم هاونیشتمانانە شکاتیان لای لایەنە بەرپرسە تایبەتییەکانی ئەم مەسەلەیە کرد و، هەندێکی کەیشیان دەعوای دادوەرییان ڕاست کردەوە تا ئەوەی لە ئیستیمارەکەیاندا نووسراوە لەم ڕووەوە، بەبڕیارێکی دادگا بگۆڕرێ و ڕاست بکرێتەوە.

(٥٦) سەیری پاشبەندی ژمارە ٢ی ئەم لێکۆڵینەوەیە بکە.

(٥٧) لە بەشی دووهەمی نامیلکە نهێنییەکەی مەڵبەندی ئامادەکردن و گەشەپێدانی بەڕێوەبەری لە بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی گشتی (سەرچاوەی پێشوو)دا وتراوە: عەرەب ٤٤,٤١٪ تێکڕای دانیشتووانی پارێزگاێکە و، کورد ٣٧,٥٣٪یان و، کوردی فەیلی ٠,٠٨٪یان و، تورکمان ١٦,٣١٪یان و، ئەرمەن ٠,٠١١٪یان و، سوریان ٣,٨٢٪یان پێکدێنن و، ٠,٠٧٣٪یشیان ڕوون نەکراوەتەوە چین. سەیری لاپەڕە ٦٠ی نامیلکەکە بکە.

(٥٨) Destruction of a Nation, Statistics of Atrocities in Iraqi - Kurdistan, by Shorsh M. Rasool, Published by H. Zahawi and L. Rashid. Printed in U. S. A., July 1990, p. 33, 34.

(٥٩) ibd., p. 41.

(٦٠) ibd., p. 42, 43.

(٦١) ibd., p. 37, 38.

(٦٢) ibd., p. 92 - 94.

(٦٣) کەنعان مەککییە (سەمیرولخەلیل) لە کتێبەکەیدا کە ناوی لێ ناوە (دڵڕەقی و بێدەنگی) باسی چەند دیمەنێ لەو کارەساتانەی وەک بۆردوومانکردن و دانە بەر گازی ژاراوی دەگێڕێتەوە کە دێهاتی ئەم ناحیەیە تووشیان هاتوون. ل١٢٧ و لاپەڕەکانی پاشەوەی. داروساقی/ لندن/ ١٩٩٤. هەروا تەماشای سەرچاوەی پێشوو Rasool, op. cit., p. 95 - 97.



(٦٤) ibd., p. 95 - 97.

(٦٥) ibd., p. 24.

(٦٦) سەیری سەرژمێری گشتیی ساڵی ١٩٥٧ بکە.

(٦٧) Rasool, op. cit., p. 25.

(٦٨) ibd., p. 28 - 31.

(٦٩) ibd., p. 26 - 27.

(٧٠) مێژوونووسی عێراقی عەبدوڕڕەززاق حەسەنی (لەلاپەڕە ٢٩٨ی بەرگی سێهەمی کتێبی «مێژووی سیاسی عێراق»)دا و، دکتۆر شاکر خەسباک (لەو سەرچاوەیەیدا کە پێشتر هێمامان بۆ کرد)، چیای حمرین بەسنووری سروشتکردی کوردستان دادەنێن. گەلێ توێژەرەوەی بێگانەش (وەک: ئەدمۆندز سی. جی. کورد و تورک و عەرەب، وەرگێڕانی: جەرجیس فەتحوڵڵا، چاپخانەی تایمس، بەغدا ١٩٧١، ل٧)، لایەنی ئەم بۆچوونەیان گرتووە.

(٧١) Rasool, op. cit., p. 9.

(٧٢) ibd., p. 10.

(٧٣) ibd., p. 11-12.

(٧٤) ibd., p. 134-135.

(٧٥) گۆڤاری مانگانەی (ئەلمەلەفولعیراقی) کە لە لەندەن دەردەچێت، لە لاپەڕە ٢٤ی ژمارە ٣٠ی ساڵی ١٩٩٤یدا تەواوی ئەو نامەیەی بڵاوکردەوە کە سەرەکی پارتیی نیشتمانپەروەری تورکمان ناردبووی بۆ وەزارەتی دەرەوەی تورکیا و باڵوێزخانەی ئەمریکا لە ئەنقەرە، لە ژمارەی ١١ی ئادار (مارس)ی ١٩٩٤ی ڕۆژنامەی (زەمان)ی تورکیادا بڵاوکرابووەوە. لەم نامەیەدا نووسراوە: «ئەو دەوڵەتی کوردەی کەوا بەپشتگیری لێ کردنی دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوا مەبەستە لە باکووری عێراقدا دامەزرێنرێ، بەگەرمییەکەوە ناڕوانێتە ئەو تورکمانانەی لە باکووری عێراقدا نیشتەجێن...». سەرەکی پارتیی ناوبراو نامەکەی ناردبوو بۆ سەرەکی وەفدی ئەمەریکا و سەرەکی وەفدی تورکیا لە گفتوگۆی نوێکردنەوەی مانەوەی هێزە سوپاییەکانی هەندێ دەوڵەتی ڕۆژئاوادا لە بنکەی (ئەنجیرلگ) لە تورکیا و، لە نامەی باسکراویدا، بەقسەی خۆی، گوتبووی ئەم هێزە هەموو شتێکی بۆ بەرپابوونی دەوڵەتێکی کورد ئامادە کردووە و، ئەم دەوڵەتی کوردە هەر ئەوەی ماوە کەوا جاڕی بەرپابوونی بدرێ...»!

## پاشبەندەکان

(١) وێنەی چەند لاپەڕەیەکی تێکستی تورکیی کتێبی (قاموس الاعلام)ی عوسمانی لە بارەی شاری کەرکووکەوە، کە لە ساڵی ١٣١٥ی. ک/ ١٨٩٨ی. زدا لە ئەستەمووڵ لە چاپ دراوە.

(٢) هێڵ بەندی شازدەهەم کە تایبەتە بەپۆل بەندیی دانیشتووانی لیوای کەرکووکەوە، لە ڕووی نێرومێ و زمانی دایکەوە و، لە «سەرژمێریی گشتیی ڕەسمیی ساڵی ١٩٥٧ لە عێراقدا»دا بڵاوکراوەتەوە.

(٣) لە بارەی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٥٩ی کەرکووکەوە.

(٤) دەقی چەند نووسراوێکی نهێنی کە لە سەرۆکایەتی فیرقەی دووی کەرکووک لە کۆتایی ساتی ١٩٥٨ و سەرەتای ساڵی ١٩٥٩دا دەرچوون.

(٥) نەخشەی عێراق بەر لە گۆڕینی سنووره بەڕێوەبەرییەکانی لەلایەن ڕژێمەوە.

نەخشەیەکی پارێزگای کەرکووک پاش تەسککردنەوەی سنووره بەڕێوەبەرییەکانی لە ساڵی ١٩٧٦دا.

نەخشەیەکی ئەو ناوچانەی کوردستانی عێراق کە ڕژێم وێرانی کردوون یا کردوونی بەعەرەب.

## پاشبەندی ژمارە (١)

وێنەی چەند لاپەڕەیەکی تێکستی تورکیی کتێبی (قاموس الاعلام)ی عوسمانی لە بارەی شاری کەرکووکەوە، کە لە ساڵی ١٣١٥ی.ک/ ١٨٩٨ی.زدا لە ئەستەمووڵ لە چاپ دراوە.






## پاشبەندی ژمارە (٢)

هێڵ بەندی شانزەهەم

پۆل بەندیی دانیشتووانی لیوای کەرکووک لە ڕووی نێرومێ و زمانی دایکەوە

| زمانی دایک | شاری کەرکووک | | | شوێنەکانی تری لیوای کەرکووک | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | تێکڕا | نێر | مێ | تێکڕا |
| عەرەبی | ١٥٠٠٨ | ١٢١١٩ | ٢٧١٢٧ | ٤١٧١٦ | ٤٠٧٧٧ | ٨٢٤٩٣ |
| کوردی | ٢١٢٨١ | ١٨٧٦٦ | ٤٠٠٤٧ | ٧٤١١٠ | ٧٣٤٣٦ | ١٤٧٥٤٦ |
| ئێرانی | ٦٠ | ٤١ | ١٠١ | ١٧ | ٥ | ٢٢ |
| تورکی | ٢٢٥٦٤ | ٢٢٧٤٢ | ٤٥٣٠٦ | ١٨٩٩٢ | ١٩٠٧٣ | ٣٨٠٦٥ |
| ئینگلیزی | ٣٩١ | ٢٤٣ | ٦٤ | ٤٢ | ٢١ | ٦٣ |
| فەرەنسیی | ٢٢ | ١٣ | ٣٥ | ٦ | – | ٦ |
| هیندی | ٥٣ | ٢٦ | ٧٩ | ٥ | ٣ | ٨ |
| کلدانی و سوریانی | ٧٧٤ | ٧٣٥ | ١٥٠٩ | ٤٨ | ٤٨ | ٩٦ |
| زمانی تر | ٢٢٦ | ١٩٢ | ٤١٨ | – | – | – |
| روون نەکراوە | ٢٦٤٨ | ٢٤٦٢ | ٥١٤٦ | ١١٣ | ٢٥ | ١٣٨ |
| تێکڕا | ٦٣٠٦٣ | ٥٧٣٣٩ | ١٢٠٤٠٢ | ١٣٥٠٤٩ | ١٣٣٣٨٨ | ٢٦٨٤٣٧ |

←

| سەرجەمی تێکڕای لیوای کەرکووک | | | |
|---|---|---|---|
| زمانی دایک | نێر | مێ | تێکڕا |
| عەرەبی | ٥٦٧٢٤ | ٥٢٨٩٦ | ١٠٩٦٢٠ |
| کوردی | ٩٥٣٩١ | ٩٢٢٠٢ | ١٨٧٥٩٣ |
| فارسی | ٧٧ | ٤٦ | ١٢٣ |
| تورکی | ٤١٥٥٦ | ٤١٨١٥ | ٨٣٣٧١ |
| ئینگلیزی | ٤٣٣ | ٢٦٤ | ٦٩٧ |
| فەرەنسیی | ٢٨ | ١٣ | ٤١ |
| هیندی | ٥٨ | ٢٩ | ٨٧ |
| کلدانی و سوریانی | ٨٢٢ | ٧٨٣ | ١٦٠٥ |
| زمانی تر | ٢٢٦ | ١٩٢ | ٤١٨ |
| ڕوون نەکراوە | ٢٧٩٧ | ١٤٨٧ | ٥٢٨٤ |
| تێکڕا | ١٩٨١١٢ | ١٩٠٧٢٧ | ٣٨٨٨٣٩ |



## پاشبەندی ژمارە (٣)

لێرەدا تێکستی هەندێ نامەی نهێنی بڵاودەکەینەوە کە سەرکردایەتیی تیپی دووهەم لە کەرکووک لەدوا دوایی ساڵی ١٩٥٨ و سەرەتای ساڵی ١٩٥٩دا ناردوونی بۆ وەزارەتی بەرگریی عێراق لە بەغدا:

**١- بەڵگەی یەکەم:**

سەرکردایەتیی تیپی دووهەم

ئیستخبارات

ژمارە: ح - ش - ٣ - ٩١٤

مێژوو: ١٩٥٨/٩/٩

**یەجگار نهێنی و شەخسییە**

بۆ: بەڕێوەبەرێتیی ئیستخباراتی سوپایی لە وەزارەتی بەرگری.

**بابەت:** یادداشتی مامۆستا کوردەکان بۆ وەزارەتی مەعاریف لەبارەی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیرییەوە لە کوردستان بەتایبەتی.

وا لەگەڵ ئەم نامەیەدا دانەیەک لە یادداشتی ناوبراوتان بۆ ئاگاداری بۆ دەنێرین.

لەلاپەڕەی (١٥)ی ئەم یادداشتەدا لەژێر ناونیشانی (ب- پیادەکردن)دا ئەمە نووسراوە:

**بەندی (١):**

«دەستنیشانکردنی ناوچەی مەعاریفی کوردەواری بەلیوای سلێمانی و هەولێر و کەرکووک و خانەقین و قەزا کوردەکانی مووسڵ». ئێمە دەمانەوێ سەرنجتان بۆ مەترسیی ئەم دەستنیشانکردنەی سەرەوە ڕاکێشین و ئەم تێبینییەی خۆمان دەربڕین:

(١) دان نان بەسنووری مەعاریفی کوردستاندا لە واتادا داننان بەو هەنگاوەی تێدایە کە مامۆستاکانی کوردستان مەبەستیانە، ئەوەیش جاڕدانی قەوارەی سیاسیی کوردستانە.

(٢) ترنجاندنی لیوای کەرکووک لەناو ناوچەی مەعاریفی کوردەواریدا کە بەو واتایەی یادداشتەکە لێکی داوەتەوە لیوایەکی کورد نییە، چونکە

زۆرینەیەکی (عەرەب و تورک و مەسیحی)ی تێدا دادەنیشن، گیانی ئارەزووی داگیرکردنی (نەوت)ی لە ناوەوە تێدایە کە سامانی نیشتمانیی کۆماری عێراقە کە ئەم سەرچاوە پڕ بایەخەی لەپێناو ژیان و دوارۆژی عێراقدا ڕزگار کردووە. هەروەها ئیددیعای کوردایەتیی کەرکووک لە یادداشتەکەدا واتای تواندنەوەی نەتەوەکانی تری ئەم لیوایە دەگەیەنێ. ئەمەیش لەگەڵ گیانی دەستووری کۆماری عێراق ناگونجێ.

(٣) دامەزراندنی بەڕێوەبەرێتیی مەعاریفی کوردستان هیچ بەرژەوەندییەکی تێدا نییە و ڕاست نییە مەڵبەندی ئەم بەڕێوەبەرێتییە لە شاری کەرکووکدا بێ.

(٤) پێویستە پایەی بەڕێوەبەری مەعاریفی لیوای کەرکووک بۆ هەمیشە و هەتاهەتایە بەکەسێکی عەرەب بدرێ بەمەرجێ سیفەتی بێ لایەنیی تێدا بێ و بۆ بەرژەوەند و خزمەتی پێ خوێندن کار بکا و بەلای هیچ نەتەوە و ڕەگەزێکیدا نەشکێنێتەوە.

(٥) چیی تر لە یادداشتەکەدا نووسراوە، ئەوە ئێمە لێی دەگەڕێین بۆ وەزارەتی مەعاریف خۆی چارەی بکا چونکە یادداشتەکە مەرجی داسەپاندووە و داوای ڕاستکردنەوەی نەکردووە.

تکام وایە ئەم لایەنانەی بەم بابەتەوە خەریک دەبن لە مەترسیی ئەم یادداشتە وریا بکرێتەوە کە بەناوی داوای ڕاستکردنەوەوە بەتەلگراف نێرراوە. ئێمە نکوولیمان لەوە نییە کە برا کوردەکانمان مافی داواکردنی ئەو داوایانەیان هەیە کە لە یادداشتەکەدا هێمای بۆ کراوە، بەمەرجێ لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی بگونجێ کە پێشەنگی دڵسۆزانی ئەم نیشتمانەیە.

ئیمزا
زەعیم ڕوکن نازم تەبەقجەلی
سەرکردەی تیپی دووهەم



**٢- بەڵگەی دووەم:**

سەرکردایەتیی تیپی دووهەم
ئیستخبارات
ژمارە: ح – ش – ٣ – ١٧
مێژوو: ١٩٥٩/١/٦

**(نهێنی و شەخسییە)**

بۆ/ سیادەتی حوکمڕانی گشتی سوپایی

بابەت/ هاتنی نوێنەرانی نەقابەی مامۆستایانی کەرکووک بۆ لام لە بارەی زیندووکردنەوەی بەڕێوەبەرێتیی مەعاریفی کوردستانەوە کە مەڵبەندەکەی لە کەرکووک بێ.

ئەندامانی دەستەی نەقابەی مامۆستایانی کەرکووک (کە هەموو لەو تورکمانانەن لە چوارچێوەی «بەرەی نەتەوەیی»ی هەڵبژاردنی نەقابەی مامۆستایاندا کە نەتەوەیی و بەعسیی و تورکمانەکانی گرتبووە خۆی، سەرکەوتوون – ن. ت) هاتنە لام، پێیان ڕاگەیاندم کەوا قوتابییە کوردەکان لە قوتابخانەکانی ناو شاردا دەستیان کردووە بەئیمزا کۆکردنەوە بەنیازی ناردنی بۆ وەزارەتی پەروەردەکردن و پێ خوێندن، بۆ داوای دامەزراندنی بەڕێوەبەرێتیی مەعاریفی کوردستان (ی عێراق) کە مەڵبەندەکەی لە کەرکووک بێ. کە لەم بارەوە لەگەڵ هەندێ لەو قوتابییانە (قوتابییانی سانەویی موسەڵلا) کۆڵراوەتەوە، گوتوویانە ئەو داوایەیان لە چەند کەسێکەوە بۆ هاتووە لە بەغداوە و ناوەکانیان دەرنەبڕیون و گوتوویانە ئەمان خواستی ئەوان جێبەجێ دەکەن.

ئەندامانی نەقابە ڕوونیان کردەوە کەوا ئەم داوایە لەبەر چەند هۆیەک خستوونیەتە دڵەکوتەوە، پڕ بایەخترینیان ئەوەیە لیوای کەرکووک زۆرینەیەکی تورکمان و کەمایەتییەکی عەرەب و مەسیحی (ئاسووری و ئەرمەنیی) تێدا دەژی. کەواتە دروستکردنی یا هەوڵی هێنانەدیی بەڕێوەبەرییەک بۆ مەعاریفی کوردستان لە مەڵبەندی لیوای کەرکوکدا، دڵەکوتەیان پێ دەخا و توندوتیژیی هەڵوێستی نەتەوەکانی تر لە ئاستی ئەم پرۆژەیەدا زیاد دەکا و گیانی بەربەرەکانێ و دوژمنایەتی لەنێوان ئەو نەتەوانەدا پەرەپێدەدا، چونکە دەبێ هەموو ئەو نەتەوانە ملکەچ بن بۆ ئەم

ڕێکخراوە تازەیەی کە نیاز وایە زیندوو بکرێتەوە، کە بریتییە لە سەپاندنی پێ خوێندن بەکوردی و ئەو ئەنجامانەی لەمەوە پەیدا دەبن وەک ئەو کارانەی دەکرێن لە بارەی جۆری ئەو ڕۆشنبیرییەوە کە دەبێ ناوچەکە بگرێتەوە. پاشان [ئەندامانی دەستەی نەقابە] گوتیان ئەوان بەناوی بەرژەوەند و یەکێتیی خوێندن و دوارۆژی ئەم نیشتمانەوە هاتوون ئەگەر بەڕێوەبەرێتییەکی وا پێک بێ کە جۆرەکەی لەگەڵ بارودۆخی لیوایەک یەک نەکەوێ کە بەشی زۆری [دانیشتووانی] کورد نین و، داوایانکرد پرسیاری ئەو بیرۆکەیە بکرێت کە لایەنە کوردەکان بانگەشەی بۆ دەکەن کە گوایە مەڵبەندی مەعاریفی کوردستان لە کەرکووک دەبێ. منیش گفتم دانێ کە بۆ خۆپاراستن لە ئاکامی دانان بەم پرۆژەیەدا کە چ ئاڵۆزی و تێکشکانێکی لێوە پەیدا دەبێ، مەسەلەکە بەسیادەتتان ڕابگەیەنم. من داوای ئەوەتان لێ دەکەم ئەم پرۆژەیە بەدوور دابنرێ و بەڕێوەبەرێتیی مەعاریفی کەرکووک بدرێتە دەست بەڕێوەبەرێکی بێ لایەنی عەرەب تا هەموو نەتەوەکانی لیواکە و شارەکە لە دەوری یەک کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی خەڵکی لیواکە، وەک ئێستاکە، لە دوارۆژی سیاسی و ڕۆشنبیرییان هێدی و دڵنیابن.

خوێندن و دەرز وتنەوە بەزمانی عەرەبی تاقە چارەیەکی پەسەندە بۆ لیوای کەرکووک.

زەعیم روکن نازم تەبەقچەلی

سەرکردەی تیپی دووهەم

وێنەیەکی بۆ:

– بەڕێوەبەرێتیی ئیستخباراتی سوپا

«ئەم یادداشتەی لەو دوو نامەیەی سەرکردایەتیی تیپدا هێمای بۆ کراوە، پێشتر مامۆستا کورد و عەرەبەکانی ئەندامی وەفدەکانی لیوای هەولێر و سلێمانی و مووسڵ و دیالە (لە لیستەی یەکگرتووی پیشەیی کە عەرەب و کوردە دیموکرات و چەپڕەوەکانی گرتبووە خۆی) پێشکەشی کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانیان کرد کە لە سەرەتای **١٩٥٩**دا لە بەغدا بەسترا و، پێشتریش لەوە پێشکەشی بەڕێوەبەرانی وەزارەتی پەروەردەکردن و پێ خوێندنیان کردبوون و داوای ئەوەیان تێدا کردبوو لیوای کەرکووک



بخرێتە ژێر سەرپەرشتیی بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەکردن و پێ خوێندنی کوردستانی عێراق بەو پێیە کە بەشی زۆری دانیشتووانی لیواکە، بەگوێرەی سەرژمێری ڕەسمیی ساڵی **١٩٥٧**، کوردن. ئەوەیشیان لە یادداشتەکەیاندا گوتووە کەوا تورکمان و غەیری تورکمانیش مافی ئەوەیان هەیە، ئەوانیش وەک کورد، قوتابخانەی تایبەت بەخۆیانا لە لیواکەدا بکەنەوە، بەپێچەوانەی ئەوەوە لە یادداشتەکەی مامۆستا تورکمانەکاندا بۆ سەرکردایەتیی تیپی دووهەم نووسراوە. ئەمەیش هەر ئەوەیە لەوەپاش کرا کە گەلێ قوتابخانە کراونەتەوە دەرزی زمانی کوردی یا زمانی تورکمانی، شان بەشانی دەرزی زمانی عەرەبی، تێدا دەوترایەوە – ن. ت».

**٣- بەڵگەی سێهەم:**

سەرکردایەتیی تیپی دووهەم

ئیستخبارات

ژمارە: ١س/١٤٢

مێژوو: ١٩٥٩/١/١٩

بۆ سیادەتی سەرەکی ئەرکانی سوپا

بابەت: باری سیاسی لە ناوچەی بەرپرسی تیپی دووهەمدا

١- لەو کاتەوە کە بەرەی یەکێتیی پارتییەکانی کوردستان، حیزبی دیموکراتی پارتی و پارتیی کۆمۆنیست و پارتیی بەرەی یەکێتیی نیشتمانی [سادەیی زانیارییەکانی سەرکردایەتیی تیپی دووهەم لە بارەی ئەو پارتە سیاسییانەوە لەو سەردەمەدا لە کوردستان هەبوون، بەوەدا دەردەکەوێ بەپارتیی دیموکراتی کوردستان دەڵێ: «حزبی دیموکراتی پارتی» و، بەرەی یەکێتیی نیشتمانی بەپارتێکی سیاسیی دادەنێ، لە کاتێکدا کە ئەم بەرەیە کۆمەڵێک بوو هەموو ئەو حزبانەی گرتبووە خۆی کە لە مەیدانی سیاسی ئەو ڕۆژەی عێراقدا کاریان دەکرد - ن. ت) پێکهاتووە، ئەم تاقمانە بەهۆی لایەنگرەکانیان و لە ڕێگای ئەو دەربەدەرانەوە دەیاننێرن بۆ مەڵبەندی قەزا و ناحیە و گوندەکان کار بۆ زیندووکردنەوەی ئیقلیمی (کوردستانی عێراق) دەکەن لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا. هەندێ لایەنی بەرپرسیش لە بەغدا بەشدارییان کرد بۆ ئەوەی ئەم بەرەیە بەرێگایەکدا بەرن وای لێ بکا پابەندی ئەو پەیمانە بێ ئەوان دایانناوە و، لە بڵاوکراوەکانی ئەم پارتە نهێنییانە و لە کۆبوونەوە ناوبەناوەکانیاندا داوایان دەکرد. ئەو ڕێبازەی ئەمانە بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانی خۆیانیان دانابوو بریتی بوو لە سوود وەرگرتن لە بەندی چواری دەستووری کاتیی عێراق کە بەتایبەتی ناوی کورد و عەرەبی وەک هاوبەش لەم نیشتمانەدا هێناوە و، ئەم خواستانەیان دەوێ:

(١) أ- کارکردنی گەرموگوڕ بۆ قایلکردنی حکوومەتی کۆماری عێراق کە دان بەداخوازییە نەتەوەییەکانیاندا بنێ لە سنووری ناوچەی کوردستاندا کە لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا نەخشەیان بۆ کێشاوە و زۆرتری خاکی ڕۆژهەڵاتی دەجلە تا کەنداوی بەسرە دەگرێتەوە، بەڵام ئەمانە بەمانەوە لە



چوارچێوەی یەکێتیی عێراقدا قایلن.

ب- جاڕدانی دەسبەجێی کوردستانی عێراق بەگوێرەی دەقی دەستوور بۆ ئەوەی ئەم کۆماری عێراقە ببێ بەبنکە بۆ ئەوەی کوردەکانی تورکیا و ئێران بخرێنە چوارچێوەی ئەو نەخشەوە کە کێشاویانە.

(٢) هەردوو لای پەڕگر و مام ناوەندی باوەڕیان بەو نەخشەیە هەیە بۆ کۆمارەکەیان و دوارۆژی کۆماریان کێشاوە زوو بێ یا درەنگ، بەم جۆرەی خوارەوە:

أ- داننانی کۆماری عێراق بەڕەسمی بەهەرێمی ناوبراودا لە چوارچێوەی یەکێتیی عێراقدا وەک قۆناغی یەکەم.

ب- پێکەوەنانی بەڕێوەبەرێتیی مەعاریفی کوردستان کە مەڵبەندەکەی کەرکووک بێ بەمەرجێ ڕۆشنبیری لەم ناوچەیەدا کوردییەکی ڕووت بێ و زانکۆیەک لە کوردستان بکرێتەوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی کوردی.

ج- داننان بەیەکێتی قوتابییانی کوردستاندا بەمەرجێ هاوکاری لەگەڵ یەکێتیی قوتابییانی کۆماری عێراقدا بکات.

د- داوای پێکهێنانی نەقابەی مامۆستایانی کوردستان لەگەڵ ئەوەیش کە نەقابەیەکی هەڵبژێرراو لە هەموو لیوایەکدا هەیە و، هەروەها نەقابەی پارێزەران و پزیشکانی کوردستان.

ه- کارکردن بۆ سنعاتدارکردنی کوردستان و بەرزکردنەوەی ئاستی کولتووری و کۆمەڵایەتیی لەم هەرێمەدا.

و- پێکەوەنانی هەموو جۆرە نەقابەیەک بۆ کرێکارانی کوردستان بەمەرجێ هاوکاری لەگەڵ نەقابەکانی کرێکارانی کۆماری عێراق بکا و، مەسەلەی بەرگری و دارایی و نومایندەگی لە دەرەوە لە ئەستۆی حکوومەتی کۆماریی بەغدادا بهێڵرێتەوە.

ئەمە بوو ئەو بنکە و هێڵە سەرەکییانەی ڕۆشنبیرانی کورد کە کاریان بۆ دەکەن و لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵاندا بەناو خەڵکیدا ڕادەگەیەنن. هەروەها ئەفسەرە کوردەکانیش هاوکارییان لەگەڵدا دەکەن بۆ پابەندبوون بەم بنکە و هێڵانەوە. بەرەی پارتە یەکگرتووەکانی کوردستان [بەرەیەکی وا هەرگیز نەبووە، تەنها لیژنەیەکی هاوکاریی نیشتمانی لەنێوان پارتیی دیموکراتی

کوردستان و پارتیی کۆمۆنیستدا هەبوو، ئەویش لە ماوەی پێش ڕووداانی شۆڕشی تەمموز (یۆلیۆ)ی ١٩٥٨دا و پاشانیش تا ماوەیەکی کورت بەردەوام بوو، بۆیەیش پێکهاتبوو چونکە دوو پارتیی نەتەوەیی (ئیستقلال) و (ئەلبەعس) بەوە قایل نەدەبوون کە پارتیی دیموکراتی کوردستان ببێ بەئەندامی یەکێتیی نیشتمانی کە هەموو پارتە عێراقییە ناحەزەکانی ڕژێمی پاشایەتیی گرتبووە خۆی -ن. ت] هاودەنگ بوون بۆ زیندووکردنەوەی کوردستانی عێراق، هەرچەند لە شێوەی کاریاندا جیاواز بوون. بۆیە هەموو کۆڕ و کۆمەڵەکانی ئەم بەرەیە بەپێی نەخشە بۆ دانانی بەغدا کاردەکەن و نوێنەرانی بەرەو ئەفسەرەکان لە دەوری شەخسییەتی ئەمرۆ لە هەمووان لەپێشتر و بەباشتر دانراوی خۆیان کۆبوونەتەوە کە مەلا مستەفای بارزانییە لەگەڵ ئەو ڕۆشنبیرانەی کورد کە بەدەوریدان و، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ ڕێگایان پیشان دەدەن کەوا نەخشە سیاسییەکانیان جێبەجێ بکەن.

(بەندی «٣» و بەندی «٤»مان پشتگوێ خست چونکە پێوەندیان بەکەرکووکەوە نییە).

ئیمزا
زەعیم ڕوکن نازم تەبەقچەلی
سەرکردەی تیپی دووهەم

هاوپێچکراو:
١- لیستە.
وێنەیەکی بۆ:
بەڕێوەبەریتیی ئیستخباراتی سوپا.



## پاشبەندی ژمارە (٤)
## لە بارەی ڕووداوەکانی تەمووزی ١٩٥٩ی کەرکووکەوە

بەنزیک کەوتنەوەی بیرەوەریی یەکەمی شۆڕشی تەمووزی ١٩٥٨، لە پارێزگای کەرکووکیش، وەک هەموو پارێزگاکانی تر، لێژنەیەکی باڵا بۆ سەرپەرشتی کردنی ڕێکخستنی ئاهەنگ بەو بۆنەیەوە، بەسەرۆکایەتی جێگری موتەسەڕڕیف و ئەندامەتیی نوێنەرانی سەرکردایەتیی سوپایی و هەموو لایەنە ڕەسمی و گەلییەکان پێکهات. ئەم لیژنەیە بڕیاری دا جەماوەر لە عەسری ڕۆژی ١٤ی تەمووز (یۆلیۆ)ی ١٩٥٩دا گەشتێک بەناو شاردا بکات هەمووان تێیدا بەشدار بن و بەهەموو شەقامە سەرەکییەکانی شاردا گوزەر بکەن [حەننا بەتاتۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل٩١٥]. گەشتەکە بەو ڕێگایەدا کە لێژنە ڕێکخەرەکەی بۆی دیاری کردبوو دەستی پێکرد. بەشی هەرەزۆری ئەوانەی تێیدا بەشدار بوون کوردی لایەنگرانی پارتیی کۆمۆنیست و لایەنگرانی پارتیی دیموکراتی کوردستان بوون. لەمانەیش بەشی هەرەزۆریان لەوانە بوون کە سەر بەیەکێتی و ڕێکخراوە پیشەییەکان و سەندیکاکانی کرێکاران بوون. پێشەنگی گەشتکەرەکان گەیشتە سەرەتای شەقامی (ئەتڵەس) کە کۆگا بازرگانییەکان و چاخانە تایبەتییەکانی تورکمانەکان دەکەونەوە سەر ئەو شەقامە، کەچی کلکەی گەشتەکە تازە ئەو شوێنەی بەجێ دەهێشت کە لێیەوە دەستی پێ کردبوو و گەلێ لە شەقامی ئەتڵەسەوە دوور بوو. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی بەڕێوەبەرێتیی پۆلیسی پارێزگا [حەننا بەتاتۆ، هەمان سەرچاوە]، کۆمەڵێکی زۆری تورکمان بەسواریی ئۆتۆمۆبیلی سوپایی لە سەرەتای شەقامی ئەتڵەسدا ڕووبەڕووی سەرەتای گەشتەکە هاتن و، ئەگەر هێزێکی پۆلیسی ناوخۆ کە لەو شوێنەدا بوو نەکەوتایەتە نێوان هەردوو لاوە ڕووداوی گەلێ ناخۆش ڕووی دەدا، بەڵام هێزی ناوبراو توانیی لە یەکیان بکاتەوە. گەشتەکە پاشان توانیی ڕەوتی خۆی بەو

ڕووکارەدا تەواو بکا کە لەلایەن لیژنە ڕەسمییەکەوە بۆی دیاری کرابوو. دکتۆر حەننا بەتاتۆ لێرەدا دەپرسێ: چ ڕازێ لەوەدا هەبوو کە ئەو تورکمانانە لەو کاتە و ئا لەو ڕۆژەدا لەناو ئۆتۆمۆبیلی سوپادا لە هەندێ شەقامی شاردا هەبن [سەرچاوەی پێشوو]. سەرەتای گەشتەکە لە ڕەوتەکەی خۆیدا بەردەوام بوو تا گەیشتە نزیک چاخانەی ١٤ی تەمووز کە دەکەوێتە ئەوسەری شەقامی ئەتڵەس و لاوانی سەرچڵی تورکمان لەو چاخانەیەدا کۆدەبوونەوە. لەپڕ لەناو کۆمەڵە خڕبووەوەکەی بەردەمی چاخانەکەوە چەند گوللەیەک بەرەو ڕووی گەشتەکە ئاگر درا، بوو بەهۆی پشێوییەکی گەورە لەنێوان گەشتکەرەکاندا و زۆری نەبرد ئەوەیش بوو بەمایەی ڕوودانی لێک هەڵپڕژان لەنێوان هەندێ لە بەشدارانی گشتەکە و جەماوەری تورکماندا کە لە بەردەمیی چاخانەکەدا وەستابوون و، بەرد و دارعەسا لەو لێک هەڵپڕژانەدا بەکارهێنرا و، سەرەنجام مەسەلەکە گەیشتە ئەوە هەندێ سەرباز و بەرگریی میللی کە هەر لەو شوێنەوە گەشتەکە دەستی پێکردبوو لەگەڵی هاتبوون، دەست بکەن بەتەقەکردن.

لە ڕاپۆرتە ڕەسمییەکانی بەڕێوەبەرێتیی پۆلیسی لیواوە وا دەردەکەوێ کە ژمارەی کوژراوی تورکمانەکان ٢٠ کەسێک و ١٣٠ کەسێکیش بریندار کرابوون و نزیکەی (٧٠) دووکان و کۆگای بازرگانییش چەپاو کراون [حەننا بەتاتۆ، سەرچاوەی پێشوو ل٩١٥]. لە نامەیەکی بەڕێوەبەرێتیی ئاسایشی کەرکووکیشدا کە بەژمارەی ٦٦٩٤ و لە ١٩٥٩/٧/٢٠دا بۆ بەڕێوەبەرێتیی ئاسایشی گشتیی نووسیوە: ژمارەی کوژراو ٣٢ کەس و ژمارەی بریندار ١٣٠ کەسە [حەننا بەتاتۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل٩١٩]. کەچی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بێگانە ژمارەی کوژراویان. هەر بەگۆترە، بەسەدان و ژمارەی برینداریان بەهەزاران داوەتە قەڵەم. وادیارە کەسانێکی لەغاوپساندووی ئاژاوەگێڕ لە مەیداندا بوون و ئاگری هەراکەیان خۆش کردووە، بەتایبەتی پاش ئەوەی واتەوات و دەمگۆ لەناو گەڕەکەکانی کوردانداا بڵاوبووەتەوە کەوا تورکمان تەقەیان لە بەشدارانی گەشتەکە



کردووە و خەڵکێکی زۆریان لێ کوشتوون و، هەواڵەکەیش بەپەلە بەناو هەمووانداا بڵاوبووەتەوە. لە ئەنجامی ئەوەدا هەندێ کەس هێرش دەبەنە سەر مەڵبەندی پۆلیسی ئیمام قاسم کە دەکەوێتە گەڕەکێکی کوردانەوە، چی چەکی تێدا دەبێ دەستی بەسەردا دەگرن و دەیبەن [حەننا بەتاتۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل٩١٧]. سەیریش ئەوەیە گەلێ لەوانەی لە کوشتن و ڕاکێشان و تاڵان و چەپاودا بەشدار بوون، پاشان دایانە پاڵ دەزگاکانی سەرکوتاندنەوەی سەر بەبەعس و خزمەتی گەورەیان پێشکێش بە ڕژێم کرد و هێشتایش هەندێکیان لەم خزمەتگوزارییەیاندا هەر بەردەوامن.

لێرەدا پێویستە بگوترێ بەرپرسانی دەزگا سوپایی و ئاسایشییەکانی سەرکردایەتیی تیپی دووهەم و پارێزگای کەرکووک هەریەکە بەپێی بیروبۆچوونی ئایدیۆلۆژی و سیاسیی خۆی ڕۆڵێکی جیا لە هیی ئەوی تری لە ماوەی ڕووداوانی ئەم ڕووداوانەدا گێڕاوە. لە کاتێکدا کە بەڕێوەبەری پۆلیس کابرایەکی عەرەب بووە و هیچ ڕێبازێکی سیاسی دیاری نەبووە ڕۆڵی بەرپرسێکی بینیوە لەسەر پاراستنی گیان و ماڵی خەڵکەکە سوور بێ و، ئەوپەڕی هەوڵ و تەقەلای داوە بۆ دەستگرتن بەسەر ئەو ئاژاوە و پشێوییەدا کە هەموو شارەکەی گرتۆتەوە، بەڕێوەبەری ئاسایش کە ئەویش پیاوێکی عەرەب و بەڵام نەتەوەیی بووە، دەوری کەسێکی دیوە کە ئاگری هەرا خۆش بکا. ئەفسەرە کوردەکانیش دەورێکی دیاریان بۆ دەستگرتن بەسەر بارودۆخی تێکچووی ئاسایشی شاردا دیوە و بۆ ڕێگرتن لە دەستدرێژی بۆ سەر گیان و ماڵی خەڵک و، هەروەها نەیانهێشتووە جووتیارە کوردەکانی گوندەکانی دەوروبەری کەرکووک لە سبەینێی ١٥ی تەمووز (یۆلیۆ)ی ١٩٥٩دا بێنە ناو شارەوە کە ئەگەر بهاتنایە ئەنجامێکی یەکجار خراپی دەبوو. ئەگەر بەرپرسانی ڕێکخراوە پیشەیی و گەلییەکانی ناو شار شایانی سەرکۆنەکردن و سەرزەنشت بن لەبەر ئەوە کە دەستیان بەسەر کەسانی سەر بەڕێکخراوەکانی خۆیاندا نەڕۆیشتووە و نەیانتوانیوە ڕێی ئەوەیان لێ بگرن کە دەستدرێژی نەکەنە سەر گیان و ماڵی خەڵک،

پێویستە ڕووی بەشێکی ئەو سەرکۆنەکردن و سەرزەنشتە بکرێتە سەرکردەکانی تورکمانەکانیش کە کەسانی سەرچڵ و پەرگری ناو لاوانی خۆیانیان لە شەوی ١٣/١٤ی تەمووزدا هەروەها لە بەرەبەیانییەکانی ١٤ی تەمووز (یولیو)دا هان دەدا بەناو شەقامەکانی شاردا بسووڕێنەوە و دروشمی تووڕەکەر و ئاژاوەگێڕانە هەڵبگرن. دووریش نییە سەرکردەکانی تورکمان چاوەڕوانی ئەوە نەبووبن وەڵامی بەرەکەی تر بەرانبەر بەهەڵوێستەکەی ئەوان ئەوەندە توندوتیژ بێ کە بوو، ئەگینا وایان نەدەکرد کە کردیان. وایش دیارە لە ئەنجامی ئەو قسانەی لایەنگری و پشتگرتنەی هەمیشە لە کاربەدەستانی تیپی دووهەم و پارێزگایان دەبیست کە لە ڕۆژانی پێش ئەو کارەساتە دڵتەزێنەدا دەچوونە لایان و ئەوانیش بەگەرمی پێشوازییان لێ دەکردن، لەوە دڵنیا بوون کە ئەگەر هەرایەک لەنێوان ئەوان و بەرەی بەرانبەردا ڕوویدا میریی لای ئەوان دەگرێ. سبەینێی ڕۆژی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٩ ئاهەنگێکی سوپایی بەبۆنەی یادی شۆڕشەوە لەژێر چاودێریی سەرکردەی نوێی تیپدا بەرپا کرا. خەڵک ئەو سبەینێیە سەرەنجیان دەدا چۆن ژمارەیەک لە پیاوماقووڵانی تورکمان و کورد لەوانەی تازە بەرەڵڵا بووبوون لەپاڵ سەرکردەی تیپ و بەرپرسانی تر و بانگ کراوەکاندا، لە بەردەم بارەگای تیپدا، لەسەر سەکۆی سڵاوکردن وەستابوون، جێگری سەرکردەی تیپ و جێگری موتەسەڕریف و سەرەکەکانی دائیرەی ئاسایش لە نەتەوەییە عەرەبەکان بوون کە بەوە ناسراوبوون دوژمنی پارتیی کۆمۆنیست و پارتیی دیموکراتی کوردستانن، و دژی ئەوە بوون کە ئەم دوو پارتە شەقامەکانی شاریان لەژێر دەستدا بوو.

وا دیارە سەرکردەکانی تورکمان لەو ماوەیەدا کە لە بەغدا گیرابوون، پێوەندییان بەهەندێ تاقمی نەتەوەیی و بەعسی و ئەوانی ترەوە کردبوو، نزیکی و هاوکارییەکیان لەنێواندا پەیدا بووبوو کە پێکەوە کار بکەن بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم. دەوری دەسەڵاتی بەغدایش کە لەسەر بنەمای ناکۆکی خستنە ناو پارتە سیاسییەکان و تاقمە جوێ



جوێکانی وڵات و لایەنگرتنی لایەک لە ماوەیەکی تایبەتیدا لە دژی لاکەی تر بەمەبەستی لاوازکردنی هەموو لایەنەکانی بیناکرابوو، لەم مەیدانەدا بەڕوونی لەبەرچاو بوو. ئەوەبوو میریی پێشان مەیدانی بۆ لایەنگرانی پارتیی کۆمۆنیست چۆڵ کرد دەست بەسەر هەموو ڕێکخراوەکان و تەنانەت ڕێکخراوی سوپایی (بەرگری گەل)یشدا بگرن، پاشان لەپڕ کەوتە تەنگ پێ هەڵچنینیان و جڵەوی بۆ تورکمانەکان شل کرد و هانی سەرکردەکانی دان بێنەوە پێش دەم، وەک لە سەردەمی نازم تەبەقچەلیدا چۆن بوو. وا لە بەرانبەری ئەمەیشدا ئەو شەپۆڵی سەرچڵییەی ئەو سەردەمە باڵی بەسەر ڕیزەکانی پارتیی کۆمۆنیستدا کێشابوو، بارودۆخی لەباری بۆ ئەو ڕووداوە خوێناوییە دڵتەزێنە خۆش کردبوو. ئەم هۆیانە هەموو تێکڕا هاوبەش بوون لەوەدا کە بارودۆخی لەبار بۆ قەومانی کارەساتەکەی تەمووز (یۆلیۆ)ی ١٩٥٩ بڕەخسێ. زەحمەتە مرۆ بتوانێ ئەوە دەستنیشان بکا کە کاریگەریی سەرەکیی لە ڕوودانی ئەم کارەساتەدا کێ بوو یا چی بوو، چونکە کاریگەرەکان هەموو پێکەوە بەسترابوون و یەک یەکی تەواو دەکرد: سەرچڵیی هەردوولا و، هاندانی دەسەڵاتی سەنتەر لە بەغدا و، هێزە نەتەوەیی و بەعسییەکانی هاوپەیمانی تورکمان و، ڕۆڵی کارای دەرەوەیش هەر هەبوو. کەرکووک مەڵبەندی بەڕێوەبەرێتیی کۆمپانیی نەوتی عێراق و بەریتانیا بوو کە (ئۆفیسێکی پێوەندی)ی چالاکیشی هەبوو. یەکێ لە تورکمانە چالاکەکان کە (سەلاح تەرزی)یە لە ساڵی ١٩٦٢دا بەڕوونی بۆ سیاسییەکی کوردی دەرخستووە چۆن هەندێ لە پیاوماقووڵەکانی تورکمان وەک دادیار سدیق نەققاش و موقەددەمی خانەنشین یونس عومەر و بازرگان محەمەد ساڵحی و کەسانی تر پێوەندییان بە(ئۆفیسی پێوەندی)ی کۆمپانیی نەوتەوە بووە.

ئەم ڕووداوە دڵتەزێنانە بوون بەهۆی ئەوەی کە درزێکی گەورە بکەوێتە پێوەندی نێوان کورد و تورکمانی کەرکووک کە نیشانەی تا ئێستاش هەر ماوە. مایەی داخە کاربەدەستانی تیپی دووهەم و دەزگا ئاسایشییەکانی

شار دەورێکی ئاشکرایان لە خۆشکردنی ئاگری جەنگی نێوان لایەنەکانی ئەم هەرایە و فرەوانکردنی درزی ناتەباییـیـاندا گێڕا و ئەم دەورەیان پاش ڕووخـاندنی ڕژێمی عـەبدولکەریم قـاسم بەباشی دەرکـەوت چونکە بەشی زۆریان پێـوەندیان بەسەرکـردەکـانی کـوودەتای **١٩٦٣**وە هەبوو و ڕۆڵـێکی دیاریان تـیدا گـێـڕا، بەڵکو هەندێکیـشـیـان پاش سـەرکـەوتنی کـوودەتای ناوبراو پایە و بەرپرسیی بەرچاو و گەورەیان تێدا دەسگیر بوو.



## پاشبەندی ژمارە (٥-أ)

## نەخشەی بەڕێوەبەریی عێراق بەرلەوەی ڕژێم بیگۆڕێ



## پاشبەندی ژمارە (٥-ب)

## سنووری بەڕێوەبەریی پارێزگای کەرکووک پاش لێ دابڕینی چوار قەزا لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە لە ١٩٧٦دا






## پاشبەندی ژمارە (٥-ج)

## ناوچە بەعەرەبکراوەکان و ناوچە وێرانکراوەکانی کوردستانی عێراق بەپارێزگای کەرکووکیشەوە



## دانەر لە چەند دێڕێکدا

* یەکێکە لە ڕۆڵەکانی شاری کەرکووک، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لەوێ تەواو کردووە.

* بەکالۆریۆسی قانوونی لە زانکۆی بەغدا و، دکتۆرای دەوڵەتی لە قانووندا لە زانکۆی سۆربۆن تەواو کردووە.

* لە دوادوایی ساڵی ١٩٦٨ەوە لە بەشێک لە زانکۆکانی عێراقدا دەرزی گوتوەتەوە وەک کۆلێژی قانوونی زانکۆی بەغدا و، زانکۆی بەسرەو سلێمانی و هەولێر و، لەدوا دوایی ساڵی ١٩٨٢دا بەهۆی سیاسییەوە، خانەنشین کراوە.

* چەند کتێبێکی قانوونیی داناوە و گەلێ باس و وتاری لە قانوون و بابەتی تردا بەکوردی و عەرەبی و فەرەنسیی هەیە و بڵاوکراونەتەوە لە کوردستان و دەرەوەدا.

* یەکەمین پرۆژەیەکی دەستووری بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق و یەکەمین فەرهەنگی زاراوە قانوونییەکانی بەکوردی و عەرەبی و فەرەنسەیی و ئینگلیزی داناوە.

* ئێستا سەرۆکی ڕێکخراوی کوردە بۆ مافی مرۆڤ لە بەریتانیا.

## چاپکراوەکانی دەزگای ئاراس لە ساڵی ٢٠٠٤دا

(١) سیاسة التعریب في إقلیم کُردستان العراق – دراسة وثائقیة، إعداد: مجموعة من المؤلفین.

(٢) دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی: شێخ محەمەدی خاڵ و ئومێد ئاشنا.

(٣) الأمیر الکُردي – میر محمد الرواندزي. تألیف: جمال نَبَز. ترجمة: فخري شمس الدین سیلاحشۆڕ

(٤) گەنجە ئازاکەی سەر جۆلانەکە. هەڵبژاردەیەک لە کورتەچیرۆکی بیانی. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شێرزاد حەسەن.

(٥) ئیسلام و ناسیۆنالیزم لە کوردستاندا. سەرەتایەک لە بارەی کۆمەڵناسیی ئایینەوە. موسڵح ئیروانی.

(٦) دیداری سەرەک کۆمار. شانۆگەری. نووسینی: ڕەئووف حەسەن.

(٧) داستانی حەسەن و حوسەین، داستانێکی فۆلکلۆری کوردییە، ساخکردنەوە و لێکۆڵینەوەی: هەردەویڵ کاکەیی.

(٨) ملوانکەی ستیل – کۆمەڵە چیرۆک، محەمەد فەریق حەسەن.

(٩) جووتیارێکی زیرەک، کۆمەڵە چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەمیری حاجی داود.

(١٠) پاپۆڕی فڕیو، چیرۆکی منداڵان، وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە، محەمەد فەریق حەسەن.

(١١) دار گێلاس، چیرۆکی منداڵان، وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە: محەمەد فەریق حەسەن.

(١٢) کچە ئەستێرە، ، چیرۆکی منداڵان، وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە: محەمەد فەریق حەسەن.

(١٣) الکُرد، دراسة سوسیولوجیة وتأریخیة، ألفه: باسیلي نیکیتین، نقله من الفرنسیة وعلق علیه: الدکتور نوري طالباني.



(١٤) فەرهەنگی قانونی. دانانی: د. نووری تاڵەبانی.

(١٥) منطقة کرکوك ومحاولات تغییر واقعها القومي، تألیف: د. نوري طالباني.

(١٦) هەولێر لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا ١٨٢٠–٢٠٠٠، سەمیر ساڵح.

(١٧) ناوچەی کەرکووک و هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەییی ئەم ناوچەیە، دانانی: دکتۆر نوری تاڵەبانی، وەرگێڕانی: محەمەدی مەلا کەریم

(١٨) چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی. دانانی: پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین.